

# به ئەردۆغانم گوت 4000 منداڵەکەی کورد ئازاد بکە

**روودلو-ئیستەنبول**

رۆژین، هونەرمەندی باکووری کوردستان، کە لەگەڵ 61 هونەرمەندی دیکەی تورکیا لە رۆژی 2010/2/20 لەلایەن ئەردۆغانی سەرۆک وەزیرانی تورکیا، بۆ کۆبوونەوە لەسەر پرۆسەی "کرانەوەی دیموکراتی" لە تورکیا بانگهێشتکرابوون، باسەکانی ئەو دانیشتنەی بۆ (رووداو) ئاشکراکردن و گوتی زۆربەی ئەو هونەرمەندانە باسی شتی تایبەتی خۆیان کرد، " بەڵام من باسی مەسەلەی کرانەوەی دیموکراتیم کرد لە تورکیا"، گوتیشی " باسی ئەوەمکرد کە ئێستا نزیکەی 4 هەزار منداڵی کورد لە زیندانەکانی تورکیادان، پێویستە حکومەت ئازادیان بکات". وەک رۆژین گوتی ئەردۆغان بەڵێنیدا یاسایەک لە پەرلەمان دەربکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەو هەزاران منداڵە کوردە کە بەتۆمەتی "تیرۆر" و بەرد هاویشتنە پۆلیس گیراون.

« 8

Reklam




Reklam




Rûdaw
رووداو
خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت
چاپی کوردستان
ژمارە (102)
دووشەممە 2010/3/1
10ی رەشەمێ 2709
(750) دینار
www.rudaw.net

### بەپێی دوایین لێکدانەوەو راپرسییەکان

# پارتی 25، گۆڕان 17، یەکێتی 15، یەکگرتوو 4، کۆمەڵ 2 کورسی دێنن

## بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی وەزیری وەرزش و لاوانی عێراق: هاوپەیمانیی کوردستان 45، گۆڕان 11، یەکگرتوو 5 و کۆمەڵ 1 کورسی دێنێت

**تایبەت بەرووداو**

بەپێی لێکدانەوەو هەندێ راپرسی کە ئەنجامەکانیان ئاشکرا نەکراون، قەوارە سیاسییە کوردییەکان لەهەڵبژاردنی ئەمجارەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا 65 کورسی دێنن کە زۆرینەی بۆ پارتی دەبێت بە 25 کورسی، گۆڕان لەپلەی دووەم دێت بە 17 کورسی و پاشان یەکێتی بە 15 کورسی، ئینجا یەکگرتووی ئیسلامی بە 4 کورسی و کۆمەڵی ئیسلامی بە 2 کورسی. ئەوە لەکاتێکدایە کە بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەکی وردی وەزیری وەرزش و لاوانی عێراق، کورد 62 کورسی دێنێت.

بەڵام بەپێی لێکدانەوەی جەعفەر ئیمینکی، بەرپرسی مەکتەبی هەڵبژاردنی پارتی، کورد 63 کورسی بەدەستدێنێ.

بەپێی لێکدانەوەو بەدواداچوونی (رووداو) بۆ زانینی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، کورد بەدەنگی دەنگدەرانی ناوخۆی عێراق 63 کورسی بەدەستدێنێ و بەهۆی کوردانی تاراوگەشەوە 2 کورسی دەبات کە هەمووی دەکاتە 65 کورسی، ئەوەش دەکاتە نزیکەی 20%ی کورسییەکانی پەرلەمانی عێراق کە کۆی کورسییەکانی 325 کورسییە.

کورد لە هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان تەواوی کورسییەکان بەدەستدێنێ کە 41 کورسییە، لە پارێزگەی مووسڵ یەک لەسەر سێی کورسییەکان دەبات کە دەکاتە 10 کورسی لەکۆی 31 کورسی. لەپارێزگای کەرکووکیش، چاوەڕوان دەکرێت لە 12 کورسییەکە کورد 8 کورسی ببات. بە رەچاوکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی پێشوو لە پارێزگای دیالەش، چاوەڕوان دەکرێ کورد 3 کورسی لەکۆی 13 کورسی ئەو پارێزگایە بباتەوە، لە پارێزگای سەڵاحەدینیش، دەنگەکانی کورد زیاتر لە خورماتوون کە پشکی کورد کورسییەکە، ئەگەر بەهۆی پەرتبوونی دەنگەکان نەسووتێ. بزووتنەوەی گۆڕانیش بەهۆی پشتبەستن بە فەیلییەکان چاوەڕێی کورسییەکی بەغدایە، هەرچەندە ئەوە بەدوور دەزانرێ. بەڵام لە 15 کورسی قەرەبوو پێشبینی دەکرێ 2 تا 3 کورسی بۆ کورد بن و بەمەش ئەنجامەکە ببێتە 65 کورسی.

دابەشبوونی ئەو کورسیانە بەسەر لیست و قەوارەکاندا وەک دەردەکەوێت هاوپەیمانیی کوردستان بە 42 کورسی زۆرینەی دەبات. جەعفەر ئیمینکی، لەبارەی پێشبینییەکانی بۆ پارتی بە (رووداو)ی راگەیاند "پێشبینی دەکەین 27 کورسی بەدەستبێنین". عارف روشدی ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیش گوتی کە ئەوان پێشبینی 22 کورسی بۆخۆیان دەکەن. هەروەها عوسمان بانیمارانی یەکێک لە سەرکردەکانی گۆڕان دەڵێ "نزیکەی 20 کورسی دێنین"، بەڵام بەپێی بەدواداچوونە رۆژنامەوانییەکانی (رووداو) پارتی لیستی یەکەم دەبێت و26 یاخود 25 کورسی بەدەستدێنێ، کێبڕکێی سەرەکیش لەنێوان یەکێتی و گۆڕان دەبێت لەسەر پلەی دووەم کە پێشبینی دەکرێ گۆڕان دووەم ببێ دوای پارتی و 17 کورسی بێنێ و یەکێتیش ئەگەری ئەوە هەیە 16 کورسی یاخود 15 کورسی بێنێ.

هەروەها یەکگرتووی ئیسلامی ئەگەری بەدەستهێنانی 4 کورسی هەیەو کۆمەڵی ئیسلامیش 2 کورسی، بەڵام بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی یەکگرتوو دەڵێ 10 کورسی دێنین و وتەبێژی کۆمەڵی ئیسلامیش دەڵێ 7 کورسی دێنین.

لەلایەکی دیکەوەو بەپێی ئەو لێکۆڵینەوەیەی جاسم محەممەد، وەزیری وەرزش و لاوانی عێراق ئەنجامیداوەو پشتی بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی رابردوو و رووپێوی تازە بەستووە، لیستی دەوڵەتی یاسا بەسەرۆکایەتی مالیکی بە 101 کورسی پلەی یەکەم دێنێ لەسەر ئاستی عێراق و دوای ئەو ئیئتیلافی نیشتمانی بەسەرۆکایەتی عەمار حەکیم دێت بە 68 کورسی و ئینجا هاوپەیمانیی کوردستان بە 45 کورسی. بەپێی ئەو لێکۆڵینەوەیەی وەزیری وەرزش و لاوانی عێراق، گۆڕان 11 کورسی دێنێ و یەکگرتووی ئیسلامی 5 کورسی و لیستی کۆمەڵیش یەک کورسی. ئەو وەزیرە لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) گوتی " دەرئەنجامەکانی ئەو لێکۆڵینەوەیە زۆر لە راستییەوە نزیک دەبن، ناڵێین 100% دەردەچن، بەڵام 90%ی ئەو دەرئەنجامانە لە ئەنجامەکانەوە نزیک دەبن".

« 3



پێشکەشکردنی رێنماییەکانی چاودێری هەڵبژاردن لەلایەن کۆمیسیۆنەوە بە چاودێران

(فۆتۆ:AFP)

### ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی:

# هەموو لیستە سەرەکییەکانی عێراق رازین مام جەلال ببێتەوە سەرۆک کۆمار

**تایبەت بە رووداو**

د.فوئاد مەعسوم، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و سەرۆکی فراکسیۆنی هاوپەیمانیی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق رایگەیاند گرەنتی ئەوە هەیە مام جەلال ببێتەوە بە سەرۆک کۆماری عێراق. ئەوە لەکاتێکدایە کە هەر یەک لە تارق هاشمی و مەحمود مەشهەدانی رایانگەیاند دەیانەوێ خۆیان بۆ ئەو پۆستە بپاڵێون.

فوئاد مەعسوم، کە لەهەمانکاتدا ئێستا پاڵێوراوی یەکێتییە لە هەولێر لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) رایگەیاند "بە دڵنیاییەوە" گرەنتی هەیە کە مام جەلال دەبێتەوە سەرۆک کۆماری عێراق و گوتی هەموو لیستە سەرەکییەکانی عێراق رازین " لیستە سەرەکییەکانی عێراق، ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا، ئیئتیلافی قانوون، ئیئتیلافی نیشتمانی، لیستی عێراقیە، ئیئتیلافی عەلاوی، حیزبی ئیسلامیش، ئەوەی رازی نەبن هەندێک تووندڕەوی عەرەبن باس لەوە دەکەن لەپێناو عروبەتی عێراق دەبێ سەرۆک کۆمار عەرەب بێ، وەزیری دەرەوە عەرەب بێ".

بەڵام تارق هاشمی، جێگری سەرۆک کۆماری عێراق و پاڵێوراوی ئێستای لیستی عێراقیە بە سەرۆکایەتی ئەیاد عەللاوی، لەهەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ رۆژنامەی (الحياه) گوتی "ناسنامەی عێراق عەرەبییە و راپرسییەکانیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە عێراقیەکان ئومێدەوارن عەرەبێک لەسەر کورسی سەرۆکایەتی کۆمار دابنیشێ". گوتیشی ئەو ئامادەیە خۆی بۆ ئەو پۆستە بپاڵێوێ و دوا بڕیاریش پەیوەستە بە تەوافوقی سیاسی دوای هەڵبژاردن. هەروەها ئیئتیلافی یەکێتی عێراقیش رایگەیاند ئەگەر لە هەڵبژاردن سەربکەون مەحمود مەشهەدانی بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری دەپاڵێون.

هەر لەوبارەوە مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە وتارەکەیدا لە کۆنگرەی یەکێتی قوتابیانی کوردستاندا لە 2010/2/24 رایگەیاند کە کورد دژی ئەوەنییە هیچ پۆستێک بدرێتە تورکمان و عەرەب، بەڵام نابێ دانی هیچ پۆستێکیش بە کورد بە مەترسی و منەت دابنرێ و رایگەیاند " مام جەلال پاڵێوراوی گەلی کوردستانە بۆ پۆستی سەرۆک کۆماریی داهاتوو".



« 7

# "بەڵگەمان هەیە 60 هەزار نفوسی وەهمی بۆ رۆژی هەڵبژاردن لەهەولێر دروستکراون"

**رووداو- هەولێر**

پاڵێوراوێکی یەکگرتوو لە پارێزگای هەولێر گوتی "بەڵگەمان دەستکەوتووە کە 60 هەزار نفوس لە شاری هەولێر بۆ رۆژی هەڵبژاردن تەزویرکراون"، بەڵام کاندیدەکانی هاوپەیمانی ئەو تۆمەتەی کاندیدەکەی یەکگرتوو رەتدەکەنەوە.

عەبدولڕەزاق ئیسماعیل، کاندیدی لیستی یەکگرتووی ئیسلامی لە هەولێر هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری بە هەوڵدان بۆ ساختەکاری تۆمەتبارکردو بە (رووداو)ی راگەیاند "ئێمە دڵنیاین هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار بۆ سەرکەوتن هەموو شێوازێکی ساختەکاری دەگرنەبەر و، بە بەرنامە کار لەسەر داهێنانی شێوازی نوێ بۆ ساختەکاری دەکەن". هەروەها گوتیشی "بەڵگەمان هەیە کە تەنیا لە شاری هەولێر 60 هەزار نفوسی وەهمی دروستکراوە بۆ رۆژی دەنگدان، نفوسەکانیش بەناوی ئەو کەسانەیە کە لە دەرەوەی وڵاتن یان مردوون و تەنیا وێنەی سەر پێناسەکەیان گۆڕیوە". هەروەها دەڵێ "سەیر لەوەدایە برادەرانی یەکێتیش لەهەولێر هەمان ترسی ئێمەیان لەساختەکاری هەیە، تەنانەت چ لەسەر ئاستی تاک چ لەسەر ئاستی کۆمیتەو مەکتەب، داوای هەماهەنگیان لە ئێمە کردووە بۆ رووبەڕوو بوونەوەی ساختەکاری لەهەولێر".

بەڵام د.ئەحمەد حەسەن چاوشین، کاندیدی پارتی لە پارێزگای هەولێر ئەو تۆمەتانەی رەتکردەوەو رایگەیاند "قسەکردنی حیزبەکان لەسەر هاوپەیمانی بەبێ بەڵگە، بێ متمانەیی ئەو حیزبانە دەردەخات بە سەرکەوتنیان، ئەگەر نا ئەوەندە قسە لەسەر ساختەکاری ناکەن، کە هێشتا هەڵبژاردن نەکراوە".

هەندرێن محەممەد، بەڕێوەبەری ئۆفیسی هەولێری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان رایگەیاند رێوشوێنەکانی کۆمسیۆن تەواو جیان لە جارانی پێشوو و بواری ساختەکارییان نەهێشتووەتەوە "مەرەکەبەکە لەجۆری باشەو بەئاسانی لاناچێ، ناوی دەنگدەر لەتۆماری دەنگدەران دووبارە نابێتەوە، لیستێکی تایبەتمان بۆ تۆمارکردنی کاتی هاتنە ژوورەوەی دەنگدەر زیاد کردووە، ناوی دەنگدەرانی تایبەتمان لە دەنگدەرانی گشتی جیاکردووەتەوە".

« 2

# بانگەشەی هەڵبژاردن هەندێ پاڵێوراوی کورد دەڕووتێنێتەوە

**رووداو-سلێمانی**

بەهۆی زۆری خەرجی بانگەشەی هەڵبژاردن، هەندێک لە کاندیدەکان بەگووتی سلێمانیان "کەوتنە سەر ساجی عەلی" و پەنایان بۆ پارە قەرز کردن و فرۆشتنی کەلوپەلی نێو ماڵ و زێڕی ژنەکانیان برد.

مەم بورهان قانع، کاندیدی لیستی گۆڕان لە پارێزگای سلێمانی لەلێدوانێکدا بۆ (رووداو) گوتی ناچاربووە بۆ بانگەشە پەنا بباتە بەر زێڕی ژنەکەی "ملە لیرەی ژنەکەمم فرۆشت". هەروەها دەڵێت کەسوکاریشی هاوکارییان کردووە بۆ هەڵمەتەکەی کە بەزۆری لەناوچەی پێنجوێنەو پیکابێکی بەکرێ گرتووەو مەم دەڵێ بۆ دوانزە رۆژ سوڕانەوەی بەو پیکابە "500 دۆلارم داوەتە کرێیەکەی".

بەکر حەمە سدیق، سەرۆکی لیستی یەکگرتوو لە سلێمانی، دەڵێ بەدەست پارە خەرجکردنەوە، بەتەواوی ماندوو بووە "ئەگەر پارەم نەما، ناچارم ئوتۆمبێلەکەم بفرۆشم". بەڵام شیلان شێرکۆ، پاڵێوراوی حیزبی سۆسیالیست لە لیستی هاوپەیمانیی کوردستان لە سلێمانی دەڵێ "زۆربەی خەرجییەکان لەلایەن حیزبەکەمەوە دەدرێ".

بەپێی لێدوانی هەندێ لە بەرپرسانی عێراقی، ئەو هەڵبژاردنە پڕ خەرجترین هەڵبژاردنە لە مێژووی عێراقدا. حسێن فەلوجی، ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانیدا گوتی "ئەو هەڵبژاردنە، گرانترین و گەورەترین هەڵبژاردنە لەمێژووی عێراقدا کە 6218 پاڵێوراو بەشداریی تێدا دەکەن و تێچوەکەی دەگاتە سەرووی دوو ملیار دۆلار و بەگشتی هەر پاڵێوراوێک 30 هەزار دۆلار خەرج دەکات"، جگە لەبودجە زۆرەکەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان.

« 10

Reklam



# ڕاپۆرتە هەواڵ


ئیسماعیل زایر

## پاشا ئیسماعیل زایری سزادا

ڕووداو-هەولێر

ڕۆژنامەنووس عەبدولڕەحمان پاشا، کە بەهۆی دەرکردنی خۆی لە ڕۆژنامەی (الصباح الجدید) و ناوزڕاندنی سکاڵای لەسەر ئیسماعیل زایری خاوەن ئیمتیازی ئەو ڕۆژنامە عێراقییە تۆمارکردبوو لە دادگای کەتنی هەولێر، سکاڵاکە بە قازانجی پاشا کۆتایی هات. عەبدولڕەحمان پاشا لەوبارەوە بە(ڕووداو)ی ڕاگەیاند " دادگا بڕیاریدا ئیسماعیل زایر 3ملیۆن و 500 هەزار دینار بداتە من، بەرامبەر ئەو ناوزڕاندنەی لەکاتی لێدوانی بۆ ڕۆژنامەکان بەرامبەر من کردبووی".



# کێ سلێمانی دەباتەوە؟

## هاوپەیمانی و گۆڕان دەڵێن براوەی سلێمانین، یەکگرتووش دەڵێت دووەمم

- سەرۆکی لیستی گۆڕان لە سلێمانی: گۆڕان 10کورسی لە سلێمانی دەباتەوە
- سەرۆکی لیستی کوردستانی لە سلێمانی: هاوپەیمانی براوەی سلێمانییە
- سەرۆکی لیستی یەکگرتوو: چاوەڕوان دەکەین ئێمە دووەمبین

ڕووداو-سلێمانی

لەگەڵ نزیکبوونەوەی ڕۆژی هەڵبژاردن، پانتاییەکانی گەشبینی لەبەردەم یەکگرتووی ئیسلامیدا لەسلێمانی فراوانتر دەبێ و ئێستا شەڕی ئەو لیستە بۆ بەدەستهێنانی پلەی دووەمەو سەرۆکی لیستەکەش پێیوایە ئەگەر چوار کورسییە پێشبینی کراوەکە ببەنەوە، ئەوا دووەم دەبن. هەریەک لە سەرۆک لیستەکانی یەکێتی و گۆڕانیش، لیستەکانیان بە براوەی مسۆگەری سلێمانی دەزانن.

حاکم فەرهاد ڕەسوڵ گورون، سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی لەسلێمانی گوتی "ئەمجارە هاوپەیمانی کوردستان، براوەی سلێمانییە، سەرکەوتنێکی زۆر گەورەش بەدەستدێنین و دەشیبینن". ئەو سەرۆک لیستەی کە لەسەرۆک لیستەکەی هاوپەیمانی دڵنیاترە لەسەرکەوتن، حاکم شێخ لەتیفی سەرۆکی لیستی گۆڕانە لەسلێمانی، ئەو دەڵێ "ئەگەر ساختەکاری نەکرێ زیاتر لە 10 کورسی بەدەستدێنین".

لەدوای دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان هەر یەک لەهاوپەیمانی و یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامیش، بەچڕی و فراوانی بەشداری لەبانگەشەکاندا دەکەن و هەر لایەک دەیەوێ هێزی خۆی لەشەقامەکانەوە نیشانبدات. بەڵام پێشبینی ئەو لیستانە، هیچ گوێ بەقەبارەی جیاوازی شەقام نادات و گروەکە لەنێوان هاوپەیمانی و گۆڕاندا بۆ یەکەمییەو یەکگرتوویش هەوڵی دووەم دەدات.

سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی کە کاندیدی یەکێتییە پێیوایە لێدوانەکانی ئەمدواییەی پەرلەمانتاری گۆڕان، عەدنان عوسمان لەسەر پێشمەرگە، کاریگەری لەسەر کەمبوونەوەی دەنگەکانی گۆڕان هەیەو دەڵێ "هەستی خەڵکانێکی زۆری بریندار کردووە"، هەروەها دەڵێت ئەو جۆش و خرۆشە جەماوەرییەی لەسەر شەقامەکان دەیبینن و پشتیوانی بۆ هاوپەیمانی دەردەبڕن، بناخەی پێشبینییەکانی ئەوانە بۆ سەرکەوتن "نەک هەر ئەمجارە، بگرە لەمەودوا هەر هاوپەیمانی سەرکەوتن بەدەستدێنێ".

بەڵام حاکم شێخ لەتیف دەڵێ ئەو لێدوانەی عەدنان عوسمان بەهیچ شێوەیەک کاریگەری لەسەر دەنگەکانی گۆڕان نییەو قسەکانی ئەو و عەدنان عوسمان لەلایەن ڕاگەیاندنی یەکێتی شێوێندراون " بەپێچەوانەوە خەڵک دەزانن ئێمە داوای بەنیشتمانیکردن و هێنانە دەرەوەی پێشمەرگە دەکەین لەبن دەستی حیزب، ئەوانەی دەیانەوێ پێشمەرگە بکەنە هێزی حیزبی، ئەوان سووکایەتی بەپێشمەرگە دەکەن".

لە هەڵبژاردنی پێشوودا، گۆڕان جگە لەوەی نیوەی دەنگەکانی یەکێتی برد، هاوکات تاکە لیست بوو دەنگی ڕووبەرە خۆڵەمێشییەکەی چنییەوە. ڕووبەرە خۆڵەمێشییەکە، بریتیبوو لە دەنگی نارازی ئەوانەی دەنگەکانیان یەکلایی نەبووەتەوەو لەسەربنەمای هەڵوێست و ئامانجی لیستەکان دەنگدەدەن. سەرۆکی لیستی یەکگرتووی ئیسلامی لە سلێمانی، پێشبینی دەکات یەکگرتووی ئیسلامی 4کورسی بباتەوەو دەڵێ "ئەو شێوازە بانگەشەیەی یەکگرتوو دەیکات کاریگەری زۆری بەسەر ڕووبەرە خۆڵەمێشیەکەوە هەیەو بێگومان ئەمجارە یەکگرتووی ئیسلامی زۆرینەی دەنگەکانی ئەو ڕووبەرە دەبات".

خەڵکانێکی زۆر لەسلێمانی، هاتوهاواری سەرجادەکان ماندووی کردوون، پێدەچێت ئەو پێکدا هەڵپژان و توڕەییەی سەرجادەکان کاریگەری لەسەر گۆڕینی ئاراستەی دەنگەکانیان دروست بکات. بەکر حەمە سدیق گوتی "ئارامی یەکگرتوو لەبانگەشەدا سیاسەتی هەڵبژاردن نییە، بەڵکو سروشتی یەکگرتووە".

تەنیا ڕۆژی هەڵبژاردن دەتوانێ بڕیاری کۆتایی لەسەر ئەوە بدات کە گۆڕان و یەکێتی کامیان پێشبینییەکی ڕاستیان هەیە بۆ بردنەوەی سلێمانی، بەڵام سەرۆکی لیستی گۆڕان دەڵێ "بزووتنەوەی گۆڕان ئێستا ئاستی جەماوەری خۆی لەسلێمانیدا دەزانێ". سەرۆکی لیستی یەکگرتووی ئیسلامیش بەهیچ شێوەیەک خۆی لەدەستەواژەی "بردنەوەی سلێمانی"نزیک ناکاتەوە، هاوکات چاوەڕوانی موفاجەئەش لەوشارە ناکات "من چاوەڕوان ناکەم لەسلێمانی موفاجەئە ڕووبدات، بەپێی ئەو پێشبینیانەی لیستەکان دەیخەنەڕوو شێوازێکی نزیکە لەڕاستی، ئەگەرکاندیدەکان زێدەڕۆیی تێدا نەکەن". بەڵام دووەمبوونی یەکگرتوو لەسلێمانی بەئەگەری هەرە نزیک دەزانێ و دەڵێ ئەگەر 4 کورسی ببەینەوە، دووەمین "چونکە 4 کورسی ژمارەی دوای زۆرینەو لایەنێک زۆرینەی دەنگەکان دەبات". بەکر حەمە سدیق گوتیشی "ئەگەر نەشبینە دووەم، بێگومان سێیەم و دووەم لەسلێمانی دەنگەکانیان زۆر لەیەکەوە نزیک دەبێت".

هەموو لیستەکانی سلێمانی، دیواری پێشبینییەکانیان لەسەر دیمەن و ئاپۆڕای شەقامەکانەوە هەڵدەچنن و لەو پێوەرانەوە قورسایی خۆیان دەدەنە میدیا، مامۆستایەکی کۆلێژی زانستە ڕامیارییەکانیش ئەو پێوەرەی لیستەکان بەدروست دەزانێ. کەنعان حەمە غەریب دەڵێ لە"هەڵبژاردنی پێشوودا ئەو دیمەنە زۆرەی لیستێک کە لەشەقامەکانەوە دەمانبینی، لەڕۆژی هەڵبژاردنیشدا هەر ئەو ئەنجامە دەرکەوت". ئەو مامۆستایەی زانکۆی سلێمانی پێیوایە "مەرجە ئەوانەی لەسەر شەقامن، جەماوەری ڕاستەقینەی لیستەکان بن".

# لیستەکان لە کودەتای سپی دەترسن

ڕەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو- هەولێر

لیستەکانی دەرەوەی هاوپەیمانی کوردستان، هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار تۆمەتبار دەکەن کە هەوڵی بەرنامەدارێژراویان هەیە بۆ ساختەکاری، بەڵام ئەوان ئەو تۆمەتە ڕەتدەکەنەوەو دەڵێن پابەندین بە بڕیارو ڕێنماییەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان.

موشیر مستەفا، کاندیدی لیستی کۆمەڵی ئیسلامی لەهەولێر، مەترسی خۆی لە ساختەکاری لەلایەن هاوپەیمانی نەشاردەوەو گوتی "زانیاری بەڵگەدارمان لایە لە چەند ڕۆژی ڕابردوو بەدەیان بەڕێوەبەری بنکەو وێستگەکانی دەنگدان دوورخراونەتەوە کە ڕازی نەبوونە بێدەنگ بن لە ساختەکاری، حیزب مەشق و ڕاهێنان بەکارمەندانی دەکات لەسەرشێوازی‌نوێی‌ساختەکاری".کاندیدەکەی کۆمەڵ بە دڵنیاییەوە گوتیشی "ئێمە سەت دەر سەت دڵنیاین، هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار ساختەکاری هەر دەکەن".

مشیر مستەفا، گرتنە دەستی دەسەڵات بەساختەکاری بەکودەتای سەربازی سپی وەسفکردو گوتی "ئەگەر ڕژێمەکانی پێشووی عێراق بە کودەتای سەربازی دیموکراسییان سەرکوت کردبێ، ئێستا حیزبەکان بەساختەکاری دیموکراسی سەرکوت دەکەن".

حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە حیزبی دەسەڵاتدار هەموو ڕێگەیەک دەگرنە بەر بۆ ئەوەی لەو هەڵبژاردنە سەرکەوتوو بن، کە یەکێک لە ڕێگەکان ساختەکارییە عەبدولڕەزاق ئیسماعیل، کاندیدی لیستی یەکگرتووی ئیسلامی لە هەولێر گوتی "ئێمە دڵنیاین هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار بۆ سەرکەوتن هەموو شێوازێکی ساختەکاری دەگرنەبەر، بەڵام گرفت لەوەدایە هەردوو حیزب بەبەرنامە کار لەسەر داهێنانی شێوازی نوێ بۆ ساختەکاری دەکەن"، ئەو کاندیدە ئاشکراشیکرد "بەڵگەمان هەیە کە تەنیا لە شاری هەولێر 60 هەزار پێناسی وەهمی دروستکراوە بۆ ڕۆژی دەنگدان، پێناسەکانیش بەناوی ئەوانەیە کە لە دەرەوەی وڵاتن یان مردوون و تەنیا وێنەی سەر پێناسەکەیان گۆڕیوە".

عەبدول ڕەزاق، گوتیشی"سەیر لەوەدایە برادەرانی یەکێتیش لەهەولێر هەمان ترسی ئێمەیان لەساختەکاری هەیە، تەنانەت چ لەسەر ئاستی تاک چ لەسەر ئاستی کۆمیتەو مەکتەب، داوای هەماهەنگییان لەئێمە کردووە بۆ ڕووبەڕوو بونەوەی ساختەکاری لەهەولێر، چونکە ئەوان لەهەڵبژاردنی پێشوو هاوپەیمان بوونە باش دەزانن چ ساختەکارییەک دەکرێ".

کاندیدەکانی لیستی هاوپەیمانی ڕەتیانکردەوە کە لیستەکەیان هەوڵی ساختەکردن بدات و قسەی لیستەکانی دیکە بە بێ بنەما وەسفدەکەن، د.ئەحمەد حەسەن چاوشین، کاندیدی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەهەولێر، ڕەتیکردەوە هەولی بەرنامە داڕێژراو بۆ ساختەکاری لەلایەن لیستەکەی هەبێ و گوتی "قسەکردنی حیزبەکان لەسەر هاوپەیمانی بە بەبێ بەڵگە گوایە ساختەکاری دەکات، بێ متمانەیی ئەو حیزبانە دەردەخات، ئەگەر لیستێک متمانەی بە خەڵکی خۆی هەبێت، ئەوەندە قسە لەسەر ساختەکاری ناکات، کە هێشتا هەڵبژاردن نەکراوە".

هەندرێن محەممەد، بەڕێوەبەری ئۆفیسی هەولێری‌کۆمسیۆنی‌سەربەخۆی‌هەڵبژاردنەکان، ڕایگەیاند، ڕێوشوێنەکانی ئەمجارەی کۆمسیۆن زۆر توکمەترن لەهەڵبژاردنەکانی پێشوو، پێیوایە ئەگەر چاودێری قەوارە سیاسییەکان کاری خۆیان بکەن ساختەکاری ڕوونادات. سەبارەت بە چاوپۆشیکردنی کارمەندانی کۆمسیۆن لە ساختەکاری هەندرێن گوتی "من لە هەولێر تەنیا 41 کارمەندی ڕەسمیم هەیە، ئەوانی دیکە کە ژمارەیان 17500 کارمەندە من ناتوانم زەمانەتیان بکەم کە ڕێگە بەساختەکاری دەدەن یان نا". گوتیشی "ئەوە ئەرکی چاودێری قەوارە سیاسییەکانە ڕێگری لە ساختەکاری بکەن و هەر ساختەکارییەکیشیان بینی بە بەڵگەوە کۆمسیۆنی لێ ئاگادار بکەنەوە".

هەندرێن ئاماژەی بەوەدا کە ڕێوشوێنەکانی کۆمسیۆن تەواو جیان لە جارانی پێشوو و بواری ساختەکاریان نەهێشتووەتەوە "مەرکەبەکە لەجۆری باشە بەئاسانی لاناچێ، بەهیچ شێوەیەک ناوی دەنگدەر لەتۆماری دەنگدەران دووبارە نابێتەوە، لەهەمانکاتیشدا لیستێکی تایبەتمان بۆ تۆمار کردنی کاتی هاتنە ژوورەوەی دەنگدەر زیاد کردووە، ناوی دەنگدەرانی تایبەتمان لەدەنگدەرانی گشتی جیاکردووەتەوە"، گوتیشی "بۆ دڵنیابوونی لیست و قەوارەکانیش کۆپیەکی فۆرمی ئەنجامی کۆتایی لەناو بنکەکان هەڵدەواسین بۆ ئەوەی لیستەکان بزانن لە هەر بنکەیەک چەند دەنگیان هێناوە".

## ئیئتیلافی ئاشووری دیموکراتی:
# کاندیدێکی بەهێزمان لەهەولێر هەیە

ڕووداو-هەولێر

بەرپرسێکی ئیئتیلافی ئاشووری دیموکراتی ڕایگەیاند کە لەو پێنج پارێزگایەی کورسی بۆ کۆتای مەسیحییان دانراوە، کاندیدیان هەیەو گەشبین بەوەدەستهێنانی چەند کورسیەکی کۆتا.

عامر هەکاری هەڵسوڕێنەری کارەکانی لیستی ئیئتیلافی ئاشووری دیموکراتی لەلێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) ڕایگەیاند "10 کاندیدمان لەبەغدا و کەرکووک و نەینەوا و دهۆک و هەولێر هەیە".

ئیئتیلافی ئاشووری دیموکراتی بەسەرۆکایەتی عەمانوێل خۆشابە، جێگری ئەمینداری گشتی حیزبی نیشتمانی ئاشووری، کە لیستەکەیان لە هەرسێ حیزبی دیموکراتی بێت نەهرێن، مینبەری دیموکراتی کلدانی و حیزبی نیشتمانی ئاشووری پێکهاتووە، لەو هەڵبژاردنەدا بەشدارن.

هەکاری گوتی "گەشبینین لەوەی کورسی بەدەستبێنین، کاندیدی هەولێریشمان بەهێزە و خەڵکی عەنکاوەیەو سەرکەوتن بەدەستدێنێ".

ئەوەشی ڕەتکردەوە جارێکی دیکە خەڵکی عەنکاوە دەنگ بەلیستی بێگانە بدەن، چونکە وەک خۆی گوتی "ئەوان لەوە تێگەیشتوون کە تەنیا حکومەتی هەرێمی کوردستان هاووڵاتیانی مەسیحی دەپارێزێ و کاریان بۆ دەکات".

پێنج لیستی مەسیحی لەعێراقدا ململانێ لەسەر پێنج کورسی کۆتا دەکەن لەسەر ئاستی پێنج پارێزگا، واتە بۆ هەر پارێزگایەک لەو پێنج پارێزگایە یەک کورسی بۆ مەسیحییەکان دانراوە.

# لیستەکان یەکتری سکاڵا باران دەکەن

## سلێمانی زۆرترین سکاڵا و هەولێریش کەمترین سکاڵای تێدا تۆمارکراوە

ئەوزاد مەحمود
ڕووداو-سلێمانی

هەریەک لە لیستی گۆڕان و هاوپەیمانیی کوردستان و یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، لەپارێزگاکانی سلێمانی، کەرکووک و هەولێر، ژمارەیەک سکاڵایان لەدژی یەک تۆمارکردووەو تاکە لیست کە سکاڵای تۆمار نەکردبێت کۆمەڵی ئیسلامییە و لەو سێ پارێزگایەش هەولێر کەمترین ڕێژەی سکاڵای تێدا تۆمارکراوە.

لە هەرسێ شارەکەی هەولێر و سلێمانی و کەرکووک، لیستە ڕکابەرەکان لەماوەی 15ڕۆژی بانگەشەی هەڵبژاردندا 120 سکاڵایان لەدژی یەک تۆمارکردووەو سەرجەم سکاڵاکانیش ڕەوانەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان کراون لەبەغدا.

بەپێی ئەو بەدواداچوونەی (ڕووداو) کردوویەتی، سلێمانی زۆرترین ڕێژەی سکاڵای تێدا تۆمارکراوە، کە 35 سکاڵایە، لەکەرکووکیش بزووتنەوەی گۆڕان 2 سکاڵای لەدژی ئۆفیسی کەرکووکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان تۆمارکردووە. خالد نەقشبەندی، نوێنەری لیستی گۆڕان لە ئۆفیسی کەرکووکی کۆمسیۆنی باڵا لەبارەی ئەو دوو سکاڵایەوە گوتی "کۆمسیۆن 6 پلەداری یەکێتی لە بنکەکانی گەرەکی واست و ڕەحیماوەو ئاڵتون کۆپری داناوە، ئەوەش سەرپێچیکردنی یاساکانی کۆمسیۆنە".

بەپێی ئەو ئامارەی دراوەتە (ڕووداو) لە ئۆفیسی سلێمانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان 35 سکاڵاو لەهەولێر 15 سکاڵا و لەکەرکووک 30 سکاڵا لەلایەن لیستەکانەوە تۆمارکراون. کە لەسلێمانی 12سکاڵا لەلایەن لیستی گۆڕان و 6 سکاڵا لەلایەن یەکگرتوو دژی هاوپەیمانیی کوردستان تۆمار کراون، لە شاری هەولێریش گۆڕان و یەکگرتوو هەر یەکەیان 7 سکاڵایان لەسەر هاوپەیمانیی کوردستان تۆمار کردووە. لە کەرکووکیش گۆڕان 28سکاڵای تۆمارکردووە، کە 23 یان دژی هاوپەیمانییە، یەکگرتووی ئیسلامیش لەو شارە 4 سکاڵای تۆمارکردووە.

هاوپەیمانی کوردستانیش لیستەکانی دیکەی سکاڵا باران کردووە و تائێستا 40 سکاڵای تۆمار کردووە. جەعفەر ئیمینکی، بەرپرسی مەکتەبی هەڵبژاردنی پارتی و گوتەبێژی هاوپەیمانیی کوردستان ڕایگەیاند لەهەرسێ شارەکەی سلێمانی و هەولێرو کەرکووک 40سکاڵایان تۆمار کردووە، کە بەو جۆرە بووە لە سلێمانی 25 سکاڵا، 18 سکاڵا لەلایەن پارتی و 7 سکاڵاش لەلایەن یەکێتی، کە زۆربەیان دژی گۆڕان بووە، لە هەولێر هاوپەیمانی تەنیا 5 سکاڵای تۆمار کردووە. لە کەرکوکیش 10سکاڵای تۆمارکردووە، لەدژی بەرەی تورکمانی و گۆڕان و لیستە عەرەبییەکان.

ئەو لیستەی کە تائێستا هیچ سکاڵایەکی تۆمار نەکردووە کۆمەڵی ئیسلامییە. زانا ڕووستایی بەرپرسی ناوەندی هەڵبژاردنی کۆمەڵی ئیسلامی هۆکارەکەی ڕوونکردەوەو گوتی "چونکە دەزانین سکاڵا تۆمارکردن بێ سوودەو ئەو لایەنەی پێشێلکاری دەکات لە سکاڵا ناترسێت، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە ئێمە هیچ سکاڵایەک تۆمار نەکەین".

دانا نوری، نوێنەری لیستی گۆڕان لەئۆفیسی سلێمانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بێ هیوایی خۆی نیشاندا لەو سکاڵایانەی تۆماریان کردوون و گوتی "کۆمسیۆن بۆ ئێمە ئامادەو خێرایە بۆ سزادان، بەڵام بۆ لیستی دەسەڵات فەقیرو ستە". بەڵام تاهیر محەممەد ئەمین، بەرپرسی ئۆفیسی سلێمانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان قسەکانی دانای ڕەتکردنەوەو گوتی "ئێمە سکاڵای هەموو لیستەکان وەردەگرین و ڕەوانەی بەغدای دەکەین و ئەوان بڕیاری لەسەر دەدەن".

## بەڕێوەبەری ئۆفیسی هەولێری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان:
# مەرەکەبی ئەمجارە بەئاسانی لەپەنجە نابێتەوە

بارزان محەممەد
ڕووداو- هەولێر

بەڕێوەبەری ئۆفیسی هەولێری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ڕایگەیاند ژمارەی دەنگدەرانی پارێزگای هەولێر بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق هەمان ژمارەی ئەو دەنگدەرانەیە کە لە تۆماری دەنگدەران لە هەڵبژاردنی تەمموزی ڕابردوودا هەبوو، کە "915 هەزار دەنگدەرە". ئەو پێشبینی دەکات "زیاتر لە 76%ی دەنگدەرانی هەولێر بەشداری هەڵبژاردن بکەن".

بەپێی تۆمارەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، 19 ملیۆن کەس لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق مافی دەنگدانیان هەیە، کە 2 ملیۆن و 500 هەزار دەنگدەر لە هەرێمی کوردستانن.

هەندرێن محەممەد، بەڕێوەبەری ئۆفیسی هەولێری کۆمیسۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەبارەی تۆماری نوێی دەنگدەران بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەوانەی لە هەڵبژاردنی ڕابردوو بەهۆی بچووکی تەمەنیانەوە بەشداریان نەکردبوو، ئێستا تەمەنیان لە 18 ساڵ ڕەتیکردووە، ڕاستەوخۆ ناویان لە تۆماری دەنگدەران زیاد کراوە، بەڵام ئەوانەی لەو ماوەیەدا مردوون، تائێستا ناویان لە تۆماری دەنگدەران نەسڕاوەتەوە". گوتیشی "لەدایکبووانی 1992/12/31 بەرەو خوار مافی دەنگدانیان هەیە".

هەر لەگەڵ دەستپێکردنی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن چەندین ڕێکخراوی نێوخۆو بیانی ئامادەیی خۆیان نیشانداوە بۆ چاودێریکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن و ڕۆژی دەنگدان. جگە لە چاودێرانی لیست و قەوارەکان. هەندرێن محەممەد گوتی "لە هەموو عێراق زیاتر لە 35 هەزار چاودێر پرۆسەکە چاودێری دەکەن، کە بەشێک لەوانە چاودێری بیانین و نەتەوە یەکگرتووەکان لەڕووی ئاسایشەوە پارێزگاریان لێدەکات، بەڵام تائێستا ژمارەی چاودێرە بیانییەکان دیار نییە، زۆربەی کونسولخانەکانیش بەڵێنیانداوە چاودێری بیانیمان بۆ بێنن".

بەشێک لە هاووڵاتیان کارتی زانیاریان بۆ نەگەڕاوەتەوەو نیگەرانن لەوەی کە ناویان نەبێت لە بنکەکانی دەنگدان. هەندرێن محەممەد گوتی "ئەم کارتە تەنیا بۆ زانیارییە و هەموو هاووڵاتییەک ناوی بۆ هەڵبژاردنەکان گەڕاوەتەوە، ئەوەی کارتیشی بۆ نەگەڕاوەتەوە، با سەردانی ناوەندەکانی تۆمارکردنی دەنگدەران بکات، تاوەکو بزانێ ناوی لە چ بنکەیەکی دەنگدانە".

بەپێی ئاماری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق 40%ی دەنگدەرانی عێراق نەخوێندەوارن، کە ڕەنگە ئەوە کێشە بۆ سیستەمی لیستی کراوە بۆ هەڵبژاردنەکان دروستبکات، چونکە دەنگدەر دەبێ ژمارەی لیستەکە و ژمارەی کاندیدەکەشی بنووسێت، یاخود تەنیا ژمارەی لیستەکە سەبارەت بەمەش



بەڕێوەبەری ئۆفیسی هەولێری کۆمسیۆن هەندرێن محەممەد گوتی "ئەوانەی نەخوێندەوارن و ترسیشیان هەیە لەوەی ئەو کاندیدەی ئەوان دەیانەوێ بۆیان نانووسن، یەکێک لە خزمەکانی دەتوانێ یارمەتی بدات، ئەو کەسەش دەتوانێ تەنیا یارمەتی دوو کەس بدات".

### لەدایکبووانی 1992/12/31 بەرەو خوار مافی دەنگدانیان هەیە

نزیکەی 13 هەزار ئاوارەی شارەکانی نێوەڕاست و باشووری عێراق لە شاری هەولێر نیشتەجێن، سەبارەت بە چۆنیەتی دەنگدانی ئەو ئاوارانە، بەڕێوەبەری ئۆفیسی هەولێری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان گوتی"چەندین بنکەمان بۆ ئەو عەرەبانە کردووەتەوەکە لە هەولێر دەنگدەدەن، بەڵام دەنگەکانیان بۆ پارێزگاکانی خۆیان حیساب دەکرێ".

زۆربەی چاودێران لە هەڵبژاردنەکانی پێشوو گلەییان لە مەرەکەبی دەنگدان هەبوو کە زوو لە پەنجەی دەنگدەر دەبووەوە، سەبارەت بەو گرفتە هەندرێن گوتی "مەرەکەبی ئەمجارە کۆمپانیایەکی بیانی دابینی کردووەو بە ئاسانی لە پەنجەی دەنگدەر نابێتەوە، بەمەرجێک تاوەکو 40 چرکە نابێ لە دەست بکرێتەوە".

### ڕێنماییەکانی دەنگدان:

1- نابێ دەنگدەر دەنگ بە کاندید بدات و بە لیستی کاندیدەکە نەدات
2- دەبێ دەنگدەر یەک کاندید لە یەک لیست هەڵبژێرێ
3- ئاساییە دەنگ بە لیست بدەی و کاندیدی لیستەکە هەڵنەبژێری
4- ئەگەر دەنگدەر تەنیا دەنگ بە کاندید بدات دەنگەکەی دەفەوتێ

# ڕیپۆرتاژ

## نوری مالیکی: دوای هەڵبژاردن لەگەڵ هاوپەیمانیی کوردستان حکومەت پێکدێنین



ڕووداو-اصوات العراق

دوێنێ یەکشـەممە، نووری مالیکی سـەرۆک وەزیرانی عێراق و سـەرۆکی لیسـتی ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا ئاشکرای کرد دەیەوێ لەدوای هەڵبژاردن هاوپەیمانی لەگەڵ لیستی هاوپەیمانیی کوردستان ببەستێتەوە بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق. سەرۆک وەزیرانی عێراق کە چاوی بڕیوەتەوە سـەرۆکایەتیکردنی حکومەتی داهاتووی عێراق گوتیشـی" قەبارەی برایانی کورد بنەڕەتییە لە پێکهێنانی حکوومەتدا و ناکرێ فەرامۆش بکرێ، هەروەها ئێمە پەیوەندی مێژووییمان لەگەڵیاندا هەیە، پرۆسەی سیاسی و یەکێتی نیشتمانی عێراقیش پێویستی بە پاراستنی ئەو پەیوەندییانەیە".

# کورد 65 کورسی دێنێ

## پارتی دەڵێت: 27 . یەکێتی: 22 . گۆڕان: 20 و یەکگرتوو: 10 . کۆمەڵ: 3 کورسی دێنین

عەلی حەمە ساڵح
تایبەت بەڕووداو

بەپێـی پێشـبینی لیسـت و قـەوارە کوردییـەکان لـە هەڵبژاردنـی ئەمجارەی ئەنجوومەنـی نوێنەرانی عێراقـدا، کورد 80 کورسـی بەدەسـتدێنێ، کە ئەوەش بەهیچ شـێوەیەک بۆ کورد بەدیناییـت و، بەپێی لێکدانەوەو ڕاپرسییەکان لیستە کوردییەکان لەنێوان 60-65 کورسی دێنن.

### کورد 65 کورسی بەدەستدێنێ

جەعفـەر ئیمینکی، بەرپرسـی مەکتەبی هەڵبژاردنـی پارتی دیموکراتی کوردسـتان، پێشـبینی دەکات ئەمجارە کورد 63 کورسی لە پەرلەمانی عێراق دا بەدەستدێنێ . بەپێی لێکدانەوەکانی ئێمـە بەدواداچوونەکان کورد بەدەنگـی دەنگدەرانی لـە هەموو عێراق 63 کورسـی بەدەسـتدێنێ و بەهۆی کوردانی تاراوگەشەوە 2 کورسـی بەدەستدێنێ واتە 65 کورسـی، کە دەکاتە نزیکەی 20% ی کورسییەکانی پەرلەمانی عێراق.

لە هەر سێ پارێزگەی هەرێمی کوردستان: هەولێر، سـلێمانی و دهـۆک، کورد تەواوی کورسییەکان بەدەستدێنێ کە 41 کورسییە، لە پارێزگەی موسـڵ یەک لەسـەر سـێی کورسـییەکانی ئەو پارێزگەیە بەدەستدێنێ، واتە لە 31 کورسـی 10 کورسی دەباتەوە. بەپێـی گوتەی ناسـیح غەفـوور، کاندیدی پارتی لـە کەرکـووک بـۆ (ڕووداو) کورد بەتـەواوی لیسـتەکانییەوە 2 لەسـەر 3ی کورسـییەکانی کەرکوک دەباتەوە ئەویش بە ڕەچاوکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی پێشوو، بۆیە چاوەڕوان دەکرێت لەو 12 کورسـیەی کەرکووک، کورد 8 کورسی بەدەستبێنێ.

بە ڕەچاوکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی پێشوو لە پارێزگای دیالەش کە مەڵبەندەکەی بۆ کورد خانەقینە، چاوەڕوان دەکرێ کورد 3 کورسـی لە کۆی 13 کورسی ئەو پارێزگایە بەدەستبێنێ، لە پارێزگای سەڵاحەددینیش، دەنگەکانی کورد زیاتر لە خورماتوون و پشکی کورد کورسـییەکە، ئەگەر ئەم کورسییەش بەهـۆی پەرتبوونی دەنگەکان نەسـووتێت. بزووتنەوەی گۆڕانیش بەهۆی پشتبەستن بە فەیلییەکان چاوەڕێی کورسـییەکی بەغدایە، بەڵام بە ڕەچاوکردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی پێشوو کە بۆچوونی مەزهەبی باڵادەستربووە بەسـەر بیرکردنەوەی نەتەوەییدا چاوەڕوان ناکرێت هیچ لیستێکی کوردی لەبەغدا کورسی بەدەسـتبێنێ، هەرچەندە سـەرکردەکانی هاوپەیمانیی کوردستانیش دەڵێن کورسییەک بەدەسـتدێنن، کـە 120 کاندیدیـان هەیە و بەهەموویـان دەتوانن بایی کورسـییەک کۆبکەنەوە، بەقسەی ئەوان.

### پارتی دەڵێ یەکەمبوونی مسۆگەرە

بۆ ئـەم هەڵبژاردنـە پارتـی دووچاری ململانێیەکی قورس نابێتەوەو، هێزی یەکەمە لە چەند پارێزگایەکدا. بەپێی گوتەی جەعفەر ئیمینکی بۆ (ڕووداو) "پارتی لە دهۆک چاوی لە 8 بۆ 9 کورسییە، لە موسڵ چاوی لە 7 بۆ 8 کورسییە و لەهەولێریش نزیکەی 7 کورسی دێنێ"، بەپێی گوتەی ئەو بەرپرسەی پارتی، ئەوان زۆرترین کورسی دێنن لەهەولێر و دهۆک و، لەموسڵیش لەناو هێزە کوردییەکاندا یەکەم دەبن.

ئێسـتا ئەوەی پارتی ململانێی لەسـەر دەکات سـلێمانی و کەرکووکـە، بەڵام لەم دووشارە هێزی سەرەکی نییەو ئەگەری ئەوە هەیە بەهەردوو پارێزگاکە 3 تاوەکو 4 کورسی بێنێ.

جەعفـەر ئیمینکی، بەرپرسـی مەکتەبی هەڵبژاردنی پارتی سەبارەت بەکۆی ئەنجامە چاوەڕوانکراوەکانیان بۆ پارتی لە هەموو عێراقدا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "پێشـبینی دەکەین وەک پارتی 27 کورسی بەدەستبێنین".

### یەکێتی دەیەوێ هەستێتەوە

یەکێتـی، لەهەڵبژاردنـی 2009/7/25دا دووچاری شکسـتێکی زۆربوو لەناوچەکانیدا، هەرچەنـدە مـام جەلال و د.بەرهەم سـالح هەردووکیان پێکەوە لە پارێزگای سـلێمانیدا لەنێو هەڵمەتی هەڵبژاردن دابوون. بەڵام بەهۆی ئەوەی هاوپەیمان بوو لەگـەڵ پارتیدا، ئەم شکستەی یەکێتی نەبووە هۆی دوورکەوتنەوەی لەدەسەڵات و بگرە لەپاش زیاتر لە 15 ساڵ بۆ یەکەمجار دوای ئەو ئەنجامە خراپانەی لە پارێزگای سلێمانی، سەرۆکایەتی حکومەتی هەموو هەرێمی کوردسـتانی لە هەولێر گرتە دەست.

ئـەم قۆناخـە بـۆ یەکێتـی قۆناخێکی هەسـتیارە، ئاوابوونە یان گەشانەوە. عارف ڕوشـدی، ئەندامی سـەرکردایەتی یەکێتی، لە لێدوانێکـدا بـۆ (ڕووداو) گوتی "یەکێتی لەتەمەنیدا زۆرجار دووچاری گرفت بووە، بەڵام توانیویەتی بەسـەریدا زاڵ بێت، ئەمجارەش بەخۆشحاڵییەوە توانی بەسـەر گرفتەکاندا زاڵ ببێـت و ئێسـتا یەکێتی لـە قۆناخی هەستانەوەدایە".

ئـەو ئەندامـەی سـەرکردایەتی یەکێتی چاوەڕێیـە حیزبەکـەی کورسـی بەرچـاو بەدەسـتبێنێ "چاوەڕێی زیاتر لە 1لەسـەر 3ی ئـەو کورسـییانە دەکەیـن کـە کورد بەدەستیدێنێت، واتە هیواخوازم زیاتر لە 22 کورسی ببەینەوە".

### گۆڕان شۆڕشی نیلی دەکات؟

چاوەڕوانـی بزووتنـەوەی گـۆڕان لـەو هەڵبژاردنەدا زیاتـرە لە هەڵبژاردنی ڕابردوو. بەپێی گوتەی بەرپرسانی بزووتنەوەکەش، لە پارێزگای سلێمانی و کەرکووک یەکەم دەبن، لەهەولێریش دووەم. عوسمان بانیمارانی کە سەرکردەیەکی بزووتنەوەی گۆڕانە بە (ڕووداو)ی گوت"بزووتنەوەی گۆڕان لەسـەرجەم شـارو شـارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان و ناوچە جێناکۆکەکانیش پێگەی جەماوەری زۆر بەهێز بووەو بەردەوامیش بەهێزتر دەبێت، زۆرینەی کوردانی دەرەوەش لەگەڵ گۆڕانن".

لەبارەی ئەو کورسییانەش کە چاوەڕێدەکات لە پەرلەمانی عێراقدا بەدەستیبێنن، بانیمارانی گوتی "ئەگەر ساختەکاری نەکرێت و پرۆسەکە بەڕێکوپێکی بەڕێوە بچێت نزیکەی 20 کورسی دێنین".

### ئیسلامییەکانیش کورسی زۆر بۆخۆیان دادەنێن

بۆ ئەم هەڵبژاردنە یەکگرتووی ئیسلامیی کوردسـتان، پشـتی بە پێگەی حیزبیی و کەسـایەتی کاندیدەکانی بەسـتووەو دەڵێ چاوەڕێی 10 کورسـییە. بەشیر محەممەد، بەرپرسـی دەزگای هەڵبژاردنی یەکگرتووی ئیسلامی، دەڵێت "بۆ هەریەک لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بەنیازی 2 کورسین و بۆ ئـەو پارێزگایانەی دیکەش کـە لەدەرەوەی هەرێمی کوردستانن بەنیازی کورسییەکین". یەکگرتوو جگە لە سێ پارێزگەکەی هەرێمی کوردستان لە 4 پارێزگەی دیکەش کاندیدیان هەیە، بەپێی قسـەی بەشیر محەممەد بێ، یەکگرتوو 10 کورسـی بەدەستدێنێ. بەڵام هەندێ بەرپرسـی دیکەی یەکگرتوو باسـی ژمارەی کەمتر دەکەن.

عەبدولسـتار مەجیـد، وتەبێژی کۆمەڵی ئیسـلامی ئاماژە بـەوە دەکات، کە ئەوان لە پارێزگای سـلێمانی و هەولێر و دهۆک، دەنگێکی بەرچـاو دێنن " بـۆ هەریەک لە سـلێمانی و هەولێر، چاومـان لە 2تاوەکو 3 کورسییە، لەپارێزگای دهۆکیش چاوەڕێی کورسـییەکین و لـەو پارێزگایانەی دیکەش کە کاندیدمان هەیە چاوەڕێی کورسییەکین، واتـە چاوەڕێی نزیکەی 7 کورسـین". بەڵام عەلی باپیر، ئەمیری کۆمەڵی ئیسـلامی کە لە هەمانکاتیشـدا پاڵێوراوی حیزبەکەیەتی لە شـاری هەولێر لە هەڤپەیڤینێکیدا لەگەڵ (ڕووداو) کە لەژمارەی ڕابردوودا بڵاوکرایەوە، گوتـی کۆمەڵـی ئیسـلامی پێشـبینی بەدەستهێنانی 3-4 کورسی دەکات.

### کورد لە تاراوگە

لەعێراقدا 15 کورسی قەرەبوو (تعویضي) دانراوەو، ئەگەری ئەوە هەیە کورد 2 تاوەکو 3 کورسـی قەرەبوو لەو کورسیانە مسۆگەر بکات. بەپێی گوتەی بەشێک لەو کوردانەی کە لە تاراوگە نیشتەجێن گۆڕان پێگەی بەهێزی هەیە لەنێو کوردانی تاراوگەدا، کە زۆربەیان لەکاتی چوونە دەرەوە بە خەڵکی کەرکووک ناوی خۆیان تۆمار کردووە بۆیە ئەگەری ئەوە بەهێزە کورسییەکی قەرەبوو بۆ کەرکوک بێت و بەمەش کورسییەکانی کەرکوک ببێتە 13 کورسی. نرخی کورسـییەک لە کەرکووکدا نزیکەی 40 هەزار دەنگە، ئەگەر نزیکەی 40 هەزار کەس لـەو کوردانەی تاراوگە دەنگیان بە گۆڕاندا، کورسـییەک لە کورسی قەرەبوو دەباتـەوە، ئەگەری ئەوەش هەیە لیسـتی هاوپەیمانیی کوردستان بەهۆی زۆری ژمارەی ئەو کورسییانەی بەدەستی دێنێ کورسییەک بۆ 2 کورسی لەو 15 کورسییە بباتەوە.



خولێکی ڕاهێنان بۆ چاودێرانی هەڵبژاردن لە هەولێر (فۆتۆ:AFP)

## ئەنجامە چاوەڕوانکراوەکان

### پارتی یەکەم بە 26 کورسی

بەپێی بەدواداچوونە ڕۆژنامەوانییەکانمان و لێکدانەوەکانمان، پارتی لیسـتی یەکەم دەبێت بەبێ کێبرکێیەکی ئەوتۆ و 26 یاخود 25 کورسی بەدەستدێنێ : ( 8 کورسی لە دهۆک، 7 کورسی لە موسڵ، 6 کورسی لە هەولێر، 2 کورسی لە سلێمانی و 2 کورسی لە کەرکوک و کورسییەکی قەرەبوو).

### کێبرکێی دووەم بوون لەنێوان یەکێتی و گۆڕان دایە

لـەو هەڵبژاردنەدا کێبرکێی سـەرەکی لەنێوان یەکێتی و گۆڕان دەبێت، لەسـەر بەدەستهێنانی پلەی دووەم لەدوای پارتی. کە پیشبینیدەکرێ گۆڕان 17 کورسی بێنێ :(7 کورسـی لە سـلێمانی، 3کورسی لە کەرکووک کە یەکێکیـان قەرەبوو دەبێ،3 کورسـی لەهەولێر،1کورسـی لە دیالە،1 کورسـی لە موسـڵ، لەوانەیـە لە دهۆک یان بەغدا کورسـییەک بێنێ بەوپێیەی لە بەغدا ژمارەیەکی زۆر کوردی فەیلی کاندید کردووەو لەدهۆکیش 16 کاندیدی هەیە، کە دەنگی کۆکـراوەی تەواوی ئەو 16 کاندیدە کە هەریەکەیان 2 هەزار دەنگبێنێ دەبێتە 32 هەزار دەنگ).

بـۆ یەکێتیش ئەگەری ئـەوە هەیە 16 یاخود 15 کورسـی بێنێ: ( 5 کورسی لە سلێمانی، 4 کورسی لە کەرکووک، 2 کورسی لە دیالە،3 کورسی لە هەولێر، 1 کورسی لە سەڵاحەددین، 1 کورسی لە موسڵ)، بەڵام یەکێتـی و پارتی کورسـییەکی قەرەبوو وەردەگرن، کـە ئەگەری ئەوەش هەیە ئەم کورسـییەش بۆ پارتی بێت، ئەو کورسییە قەرەبووەش دەدرێتە ئەو کاندیدەی لیستی هاوپەیمانی کوردستان کە دەنگی لەتەواوی کاندیدەکانی دیکە زیاتر بێت.

یەکگرتـووی ئیسـلامی ئەگـەری بەدەسـتهێنانی 4 کورسـی هەیـە: (2 لەسـلێمانی و 1 کورسـی لە دهۆک و 1 کورسـی لە هەولێـر)، کۆمەڵیش ئەگەری بەدەستهێنانی 2 کورسی هەیە: ( 1 کورسی لەهەولێر، 1 کورسی لە سلێمانی).

بەپێـی ئەو ئەنجامـە چاوەڕوانکراوانە، کورسییەکانی لیست و قەوارە کوردییەکان بەوشێوەیە دەبێ: پارتی 26 کورسی، گۆڕان 17 کورسی، یەکێتی 16 کورسی، یەکگرتوو 4 کورسی، کۆمەڵ 2 کورسی. بەمەش کۆی کورسییەکانی کورد لەپەرلەمانی عێراقدا 65 کورسی دەبێت.

### یەکگرتوو موفاجەئەی هەڵبژاردن

هەرچەنـدە پێشـبینی 4 کورسـی بۆ یەکگرتـوو دەکرێ، بـەڵام چاوەڕێدەکرێ یەکگرتوو موفاجەئەی ئەم هەڵبژاردنە بێت لە کوردسـتان، بەتایبەت بەهۆی بەرچاوی هەندێک لـە کاندیدەکانی لەسـلێمانی و کەرکـووک و دهـۆک و، گۆڕانی گوتاری ڕاگەیاندنی یەکگرتوو کە زیاتر ڕەخنە ئامێزە، بەڵام لەهەموو ئەگەرێکدا ئەگەر موفاجەئەش بکات زۆر گەورە نابێت و زیاتر لە 7 کورسی ناهێنێ.

خشتەی ژمارەی دەنگ و کورسییەکانی لیستە بەشدارەکانە لە پەرلەمانی داهاتووی عێراق بەپێی لێکۆڵینەوەکەی وەزیری وەرزش و لاوانی عێراق:

| لیست | ژمارەی دەنگدەران | کورسیی بنەڕەت | کورسیی قەرەبوو | کۆی کورسیەکان |
|---|---|---|---|---|
| دەوڵەتی یاسا | 3258255 | 99 | 2 | 101 |
| ئیئتیلافی نیشتمانی | 2136908 | 66 | 2 | 68 |
| هاوپەیمانی کوردستانی | 1702018 | 44 | 1 | 45 |
| عێراقییە | 1377771 | 47 | 1 | 48 |
| تەوافوق | 515269 | 18 | 1 | 19 |
| یەکێتی عێراق | 399269 | 13 | — | 13 |
| گۆڕان | 478196 | 11 | — | 11 |
| یەکگرتووی ئیسلامی | 237455 | 5 | — | 5 |
| هی دیکە | 235743 | 6 | — | 6 |
| کۆمەڵی ئیسلامی | 48900 | 1 | — | 1 |
| ئێزدی–شەبەك–مەندائی–مەسیحییەکان | 80000 | 8 | — | 8 |
| دەنگە سوتاوەکان | 1682018 | — | — | — |
| کۆی گشتی | 12071879 | 318 | 7 | 325 |

## لە لێکۆڵینەوەیەکی وەزیری وەرزش و لاوانی عێراقدا:

# لیستی مالیکی یەکەم، ئیئتیلاف دووەم و هاوپەیمانیی کوردستان سێیەم دەبێت



### وەزیری وەرزش و لاوان: 90%ی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەمان ڕاست دەردەچێ

هێمن بابان
ڕووداو–هەولێر

بەپێـی لێکۆڵینەوەیـەک لەمـەڕ ئەنجامی هەڵبژاردنەکانـی 2010/3/7ی ئەنجوومەنـی نوێنەرانی عێراق، کە جاسـم محەممەد جەعفەر، وەزیری وەرزش و لاوانی عێراق ئامادەی کردووە، زۆرترین ڕێژەی بەشداریکردن لە سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردسـتان دەبێـت، ڕێژەکە لە دهۆک 80%یە کە بەرزترینە لەسەر ئاستی عێراق، هەولێر 75%، سلێمانی 72% دەبێت.

لە لێدوانێکدا بـۆ (ڕووداو)، وەزیری وەرزش و لاوانـی عێـراق لەبـارەی میکانیزمەکانـی ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەکەی ئەوەی ڕوونکردەوە کە "لە ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەکەدا پشـتمان بە سـێ بنەمای سەرەکی بەسـتووە، ئەنجامی هەڵبژاردنەکانـی 2005ی پەرلەمانـی عێراق و ئەنجامەکانـی هەڵبژاردنـی پەرلەمانی هەرێمی کوردسـتان لەسـاڵی ڕابـردوو و هەڵبژاردنـی ئەنجوومەنـی پارێزگاکانـی عێـراق، چەنـد لێکۆڵینەوەیەکی وردمان لەوبارەیەوە ئەنجامداون، ئەو ڕووپێو و لێکۆڵینەوانەی کردوومانن لەڕێگەی ڕاپرسـییەکی بەرفراوانـی وەزارەتەکەمانـەوە بووە"، لەبارەی ڕاسـت دەرچوونی ئەنجامەکانی لێکۆلینەوەکەشـی دوای 2010/3/7 گوتـی "دەرئەنجامەکانـی ئـەو لێکۆڵینەوەیـە زۆر لە ڕاستییەوە نزیک دەبن، ناڵێین 100% دەردەچن، بەڵام 90%ی ئەو دەرئەنجامانە لە ئەنجامەکانەوە نزیک دەبـن، چونکـە لێکۆڵینەوەیەکی ورد و زانستییە و، ڕووپێوی مەیدانیش لەو لێکۆڵینەوەدا ڕەگەزێکـە زانسـتیبوون و واقیعیبوونـی ئەو لێکۆڵینەوە زیاد دەکات".

بەپێی ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە، لیسـتی ئیئتیلافـی دەوڵەتی یاسـا کە نـوری مالیکی سـەرۆکایەتی دەکات زۆرترین کورسی دەبات کە 101 کورسییە .پاشان لیستی ئیئتیلافی نیشتمانی بە 68 کورسی و دواتر لە پلەی سێیەم هاوپەیمانی کوردستانی دێت بە 45 کورسی، لیستی گۆڕانیش 11 کورسـی و یەکگرتووی ئیسلامی 5 کورسی و کۆمەڵی ئیسلامیش کورسییەک لە پەرلەمانی داهاتووی عێراقدا بەدەستدێنێ.

هـاوکات بەپێـی ئەنجامـەکان لیسـتی هاوپەیمانیی کوردسـتان لە هەرسـێ پارێزگای هەرێمی کوردسـتان پلەی یەکەم بەدەستدێنێ و، بەگشتی کورسـییەکانی لەهەموو عێراق کە 44ن بەمشێوەیە دێنێ : لە هەولێر 10 کورسی، سلێمانی 9 کورسی، دهۆک 8 کورسی، کەرکووک 6 کورسـی، لە موسڵ 9 کورسی، لە دیالەش 2 کورسـی بەدەسـتدێنێت، جگە لە کورسییەکی قەرەبوو.

هەرچی لیستی گۆڕانیشە بەپێی لێکۆڵینەوەکە 11 کورسی بەدەستدێنێت کە بەمشێوەیە دەبێت: سلێمانی 6 کورسی، هەولێر 2 کورسی، کەرکوک 2 کورسی، نەینەوا 1 کورسی.

لەبـارەی ئەنجامەکانی هەرێمی کوردسـتان جاسـم محەممەد جەعفەر ڕوونکردنەوەی زیاتری دایە (ڕووداو) و گوتی "جگە لە هەڵبژاردنەکانی ئەمدواییـەی هەرێمـی کوردسـتان پەیوەندیی بەردەوامەمان بە برادەرانمان لە هەرێمی کوردستان هەیـە، لە هەنـدێ ناوچە بنکـەی جەماوەری لیسـتی گۆڕان لە پاشەکشـەدایە و لە هەندێ شـوێنیش لـە زیادبووندایـە، بۆیـە ڕەنگە لە کەرکووک بۆ نموونە گۆڕان کورسـییەک یان دوو کورسی بەدەستبێنێت". جەختیشی لەسەر ئەوە کردەوە کە لێکۆڵینەوەکە "بێ لایەنانە و بێ هیچ لایەنگیرییەک ئەنجامدراوە".

بەپێـی لێکۆڵینەوەکەی وەزیـری وەرزش و لاوانی عێراق لیستە کوردییەکان هیچ کورسیەک لە بەغدا بەدەستناهێنن، بەڵام لیستی دەوڵەتی یاسا 33 و ئیئتلافی نیشـتمانیش 14 کورسی بەغدا دەباتەوە کە کۆی هەموو کورسییەکانی بەغدا 60 کورسییە. لە پارێزگای نەینەواش لیستی عێراقییە 12 کورسـی دەباتەوە و یەکەم دەبێت، پاشان هاوپەیمانی بە 9 کورسی دووەم دەبێت.

هاوکات لیستی دەوڵەتی یاسا لە پارێزگاکانی موسـەنا، میسـان، کەربەلا، دیوانییە، واست، نەجەف، بابل،ناسـرییە، بەسـرا، پلەی یەکەم دێنێـت، لیسـتی تەوافوقیش لـە پارێزگاکانی سەڵاحەدین، دیالە یەکەم دەبێت، هەرچی لیستی عێراقییەیـە لە پارێزگاکانی نەینەوا و ئەنبار، بە پلەی یەکەم دێت.

# کاروباری سیاسی

## 50 وڵات چاودێری هەڵبژاردنەکانی عێراق دەکەن



ڕووداو- الملف بريس
بڕیارە زیاتر لە 400 چاودێری نێودەوڵەتی چاودێری هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ڕۆژی 2010/3/7ی عێراق بکەن. بەپێی قسەکانی کەریم تمیمی، ئەندامی ئەنجوومەنی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ئەو ژمارەیە ئەگەری زیادبوونیشی هەیە، لەمبارەیەوە ڕوونیکردەوە "نزیکەی 50 وڵات، لە وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا و دونیا ئامادەیی خۆیان بۆ ناردنی چاودێر بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکانی ئایندەی عێراق نیشانداوە، جگە لەوەی کۆمکاری عەرەبی 68 چاودێری دەبێت".

# لە سلێمانی پارتیش هەڵخلیسکایە نێو گۆمەکە

## 26ئۆتۆمبێلی کاروانی بانگەشەی پارتی زیانیان بەرکەوت

- بەرپرسی لقی پارتی : هەندێک گێرەشێوێن پەلاماری کاروانەکەی ئێمەیاندا و نازانین کێ بوون
- وتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان: دەستی یەکێتی لەپشتەوەبوو
- وتەبێژی لیژنەی ئەمنی: ئەو ڕووداوە هیچ بریندارێ نەبوو و کەس سکاڵای تۆمارنەکردووە

نەوزاد مەحموود
ڕووداو-سلێمانی

کاژێر 5ی سەر لەئێوارەی 2010/2/24 پارتی لە ئەنجامدانی یەکەمین ڕێڕۆیشتنی کاروانی ئۆتۆمبێلەکانیدا لە سلێمانی بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن، خلیسکایە نێو گۆمی توندوتیژییەکانی سلێمانی و ئاکامەکەی بە پەلاماردانی کاروانەکەی کۆتایی هات و چەند بریندارێکی لێکەوتەوە. یەکێک لەو بریندارانە دەڵێ، ئەگەر خۆم ڕزگار نەکردایە، خراپم بەسەر دەهات.

کەژاوەی ئۆتۆمبیلەکانی پارتی، کە بەسەر چەند ناوچەیەکی ناوشاری سلێمانیدا دابەشببوون و، بەپێی قسەی بەرپرسانی پارتی زیاتربوو لە 700ئۆتۆمبێل. ئەوان نەیانویست تەنها بانگەشەکردن لە گۆڕەپانە ناسراوەکەی بانگەشە (سەهۆڵەکە)دا کۆتایی پێ بێنن و کەوتنە نێو شەقامی مەولەوی کە بەشەقامی پیاسەی ئێواران ناسراوە. لەو شەقامەدا لەبەردەم بنکەیەکی لیستی گۆڕاندا، دروشمەکانی هاوپەیمانی و (دەیگۆڕین) بەشێوەیەک بەریەککەوتن کە هەر لەوێدا سەرەتاکانی توندوتیژی دەرکەوت و چەند ئۆتۆمبێلێک درانە بەر شەق. سەرچاوەیەک لەنێو ڕێکخەرانی بانگەشەکەی پارتی گوتی "لەوانەیە هەڵەی ئێمە ئەوە بووبێت، کە چووینە ئەو شەقامە".

سەرکەوت، 27 ساڵ، یەکێکە لەوانەی ئۆتۆمبێلەکەی زیانێکی زۆری پێگەیشتووەو هەردوو قاچیشی بریندار بووە. سەرکەوت جەمال گوتی "هەر ئەوەندە کە ئۆتۆمبێلەکەم گەیشتە بەردەم بنکەکەی گۆڕان، چەند کەسێک پەلاماریانداو ئاڵاو شتەکانیان لێکردەوەو دڕاندیان بۆ خۆشم هەردوو قاچم بریندار بوو". ئەو هەوادارەی پارتی گوتی "تەنها لەناوچەی یەکی پارتی 18 ئۆتۆمبێل زیانی پێگەیشتووە".

خەتەرناکترین بریندارێ پارتی، ئامانجە کە چەقۆیەک لەسەری دراوەو دەڵێ "ئەگەر ڕامنەکردبا خراپتریان لێدەکردم". ئامانج عەبدولڕەحمان، 22 ساڵ دەڵێ "گڵۆپی سووری ترافیک لایتەکە داگیرسا، من لەکەژاوەکە جێمام، ئۆتۆمبێلەکەم لەبەردەم بنکەی گۆڕاندا تووش بوو، سەرەتا گوتیان دەبێ ئەو ئاڵاو شتانە لێبکەنەوە، منیش گوتم لێی ناکەینەوە، پاشان کەوتنە لێکردنەوەو دڕاندنیان، ویستم دەست بکەمەوە، چەقۆیەکیان لەسەرمدا".

سەلام عەبدوڵڵا، بەرپرسی لقی 4ی پارتی لە سلێمانی، هیچ لایەنێکی تۆمەتبار نەکرد و تەنیا گوتی "هەندێک گێرەشێوێن و تێکدەر ویستیان ئاژاوە بنێنەوە". بەڵام دلێر محەممەد کەریم، کارگێڕی هەمان لقی پارتی کە خۆی لەنێو کاروانی بانگەشەکەدا بووە دەڵێ "ئەوانەی هێرشیان کردینە سەر هەوادارێ گۆڕان بوون". دلێر محەممەد گوتیشی "نەیانتوانی تەحەمولی ئەو دیمەنە بکەن کە پارتی لەسلێمانی نیشانیدا، بانگەشەیەکی بێوێنە بوو، بۆیە پەلامار دراین". هەندێ دایک دەیانگوت جلی کوری بەر منداڵەکانیان لەلایەن هێرشکارانەوە دڕێندران، هەندێ منداڵیش دەیانگوت بەهۆی ئەو شەقانەی لە ئۆتۆمبێلەکانیان دەدرا زۆر ترسان و دەستیان بە گریان کرد.

ئەو کارگێڕ لقەی پارتی، کە بەرپرسی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی پارتییە لەسلێمانی دەڵێ "هەر لەسەرەتاوە ئێمە هەموو هەوادارانی خۆمان ئاگادارکردەوە، کە بەهیچ شێوەیەک کاردانەوەیان بۆ کەس نەبێ، ئەگینا وەڵامدانەوەی چەند کەسێک، زۆر ئاسان بوو".

گوتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان ڕەتیکردەوە ئەوانەی پەلاماری کاروانی بانگەشەکارانی پارتیاندا لایەنگری بزووتنەوەکەیان بن "بەهیچ شێوەیەک ئەوانە لایەنگری ئێمە نین". محەممەد تۆفیق ڕەحیم گوتیشی "کامێراکانی یەکێتی لەوێ بوون و وێنەیان گرتووە، ئەگەر جوان لەوێنەکان ورد ببنەوە، دەزانن ئەوانە هەوادارێ ئێمە نین". محەممەد تۆفیق ڕەحیم بە دووری نەزانی، یەکێتی خۆی لەپشت ئەوەوە بێت تاوەکو ئاژاوە بەناوی گۆڕانەوە دروستبکات "پێمانوایە دەستی یەکێتی خۆی لە پشتیەوەیەتی".

هەر سەبارەت بەو ڕووداوەی شەقامی مەولەوی، زانا محەممەد ساڵ، وتەبێژی لیژنەی ئەمنی سلێمانی گوتی لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە بەردەوامە. سەبارەت بە زیانەکانیش گوتی "ئەو ڕووداوە هیچ بریندارێکی لێنەکەوتووەتەوەو هیچ کەسێکیش دەستگیرنەکراوەو کەسیش سکاڵای تۆمار نەکردووە". بەڵام کارگێڕەکەی لقی 4ی پارتی گوتی "26 ئۆتۆمبێل زیانیان پێگەشتووەو زیاتر لە10کەسیش بە سووکی بریندار کراون".



کاروانی ئۆتۆمبێلەکانی بانگەشەی پارتی لە سلێمانی بە سەلامەتی دەرنەچوون (فۆتۆ:ڕووداو)

## سامی شۆڕش، سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی لە پارێزگەی هەولێر:

# لەبەغدا دەرگاکانی نێوان کورد و نەتەوەکانی دیکە دەکەینەوە

ڕێبەند سەعدوڵڵا
ڕووداو-هەولێر

سامی شۆڕش، سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی کوردستان و کاندیدی پارتی لە هەولێر ڕایگەیاند ئەگەر بگاتە بەغدا کار بۆ کردنەوەی دەرگاکان دەکات لە نێوان کورد و نەتەوەکانی دیکەی عێراق، هەروەها پێیوایە میکانیزمی کارکردنی لیستە کوردییەکان لە پەرلەمانی ئایندە "یەک هەڵوێستی" دەبێ بەرامبەر کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەولێر و بەغدا.

سامی شۆڕش، کە لە کابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزیری ڕۆشنبیری بوو، لە گەورە ڕۆژنامە عەرەبییەکان دەنووسێ و نووسەرێکی ناسراوە لە نێوەندی عەرەبیدا. ئەو ئێستا سەرۆکایەتی لیستی هاوپەیمانی کوردستان دەکات لە پارێزگای هەولێر، کە پارێزگاکە خاوەنی 14 کورسی دەبێت لە پەرلەمانی ئایندەی عێراق، بەڵام چوار لیستی سەرەکی لەسەر ئەو 14 کورسییە لە کێبرکێییەکی توونددان.

ئەو بنکە جەماوەرییەی سامی شۆڕش پشتی پێدەبەستێ، بۆ ئەوەی پێی بگاتە بەغدا دەڵێ "خەڵکی هەولێرە، ئینجاش نووسەران و ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەنووسان و هونەرمەندانن، چونکە ماوەیەکی دوور و درێژ لەو مەیدانانە کارم کردووە، هەروەها جەماوەری من لەنێو پێشمەرگەشدایە، ماوەیەکی زۆری تەمەنم بۆ پێشمەرگایەتی تەرخانکرد".

هەندێک لە لیستەکان لە بانگەشەکانیان هاوپەیمانیی کوردستان بەهەڕەشەکار و توندڕەو وەسفدەکەن لەمامەڵەکردنیدا لەگەڵ بەغدا، ئایا کورد لە ئایندەدا ئەو مامەڵەکردنە دەگۆڕێ؟ سامی شۆڕش دەڵێت "خەڵکی شۆڤێنیی عەرەب سەرچاوەی سەرەکی ئەو تۆمەتانەن، کورد بەهێمنی مامەڵەی کردووە، ئەوانەی توندڕەو و دەمارگرژ بوون چەند هێزێکی ناکوردی بوون، هیچ کاتێک کورد بەهەڕەشە و توندڕەوی مامەڵەی نەکردووە".

ئەو حەماسەی لە هەڵمەتی هەڵبژاردن لە پارێزگای سلێمانی دەبینرێ، لە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک زۆر کەمتر دەبینرێ. وەڵامی سامی شۆڕش بۆ ئەو جیاوازییە ئەوەیە کە "حەماسەتێکی گەرم هەیە لەهەموو کوردستان، خەڵک بەحەماسەوە پێشوازی لەبانگەشەی هەڵبژاردن دەکەن و ڕۆژی هەڵبژاردنیش دەنگ بەوانە دەدەن کە دەتوانن گوزارشت لەویژدانیان بکەن"، گوتیشی "هەڵبژاردن بانگەشەیە، بەڵام بانگەشەیەک نا لەسەر بنەمای درۆ و ساختە، بەڵکو بانگەشەیەک لەسەر بنەمایەکی ڕاست و ڕەوان".

زۆربەی کێشە سیاسییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا لەخولی ڕابردووی پەرلەمانی عێراق و کابینەی مالیکی بەهەڵپەسێردراوی ماونەتەوە. سەبارەت بە میکانیزمی کورد لە خولی داهاتوو بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەو کێشانە، سامی شۆڕش گوتی "میکانیزمی کارکردنی لیستەکانی کوردستان لەپەرلەمانی داهاتووی عێراق بۆ چارەسەری کێشە هەڵپەسێردراوەکان بریتی دەبێ لەیەکهەڵوێستی، ئەگەر یەک هەڵوێست بین، دەتوانین ببینە گوشارێکی بەهێز بۆ سەپاندنی جێبەجێکردنی دەستوور".

سێ ڕکابەری سەرەکی هەن بۆ سەرۆکایەتی حکوومەتی داهاتووی عێراق، عادل عەبدولمەهدی و ئەیاد عەللاوی و نوری مالیکی، سەبارەت بە مەرجەکانی هاوپەیمانی بۆ پەسەندکردنی یەکێک لەو سێیانە، سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە هەولێر گوتی "دوو مەرجی سەرەکیمان هەیە، ڕێزگرتن لەدەستوور و جێبەجێکردنی بڕگە و مادەکانی، مەرجی دووەمیش باوەڕبوونە بەئاشتەوایی نیشتمانی و کردنەوەی دەرگای پرۆسەی سیاسی بەڕووی هەمووندا".



سامی شۆڕش لە وتارێکدا داوای کردبوو دیالۆگی سیاسی قووڵ بکرێ بۆ جێبەجێکردنی مادەی 140، ناوبراو مەبەستی خۆی لەو بارەیەوە بۆ (ڕووداو) ڕوونکردەوەو گوتی "مەبەستم ئەوە بووە دیالۆگ بکرێ لەپێناو جێبەجێکردنی دەستوور، دەنا ئێمە پێویستمان بەدیالۆگ نییە بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی دیکە لەدەرەوەی دەستوور بۆ مادەی 140".

بە بڕوای چاودێران کورد لە ڕێژەی کورسییەکانی پەرلەمان مافی تەواوی خۆی نەدراوەتێ، ئەوەش وادەکات کە کورد لە پەرلەمان و حکومەتی ئایندە قورسایی جارانی نەمێنێ، بەڵام سامی شۆڕش کەمبوونەوەی ژمارەی کورسییەکانی کورد بە گرفت نازانێ "چونکە لە عێراقدا پشت بە پرەنسیپی تەوافوق دەبەسترێ"، ناوبراو گوتیشی "ئەو ڕێژەیەی لەپەرلەمانی داهاتووی عێراق بۆ کورد دانراوە ڕێژەیەکی کاتییە، چونکە بڕیارە لە مانگی تشرینی یەکەمی داهاتوو سەرژمێری گشتی دانیشتووانی عێراق بکرێ، ئەوکات قەبارەی ڕاستەقینەی کورد دەردەکەوێ، بەپێی ئەو قەبارەیە نوێنەرمان لە بەغدا دەبێت".

سەبارەت بەدابەشکردنی پۆستە سیادیەکان لەنێو لیستی هاوپەیمانیی کوردستان، شۆڕش گوتی "کێ دەنگی زۆرتر بێنێ پۆستی زیاتری بەردەکەوێ، بەڵام مەبدەئی تەوافوق بەشێکی گرنگە لەسیاسەتی عێراقی، تەنانەت لەنێو لیستی هاوپەیمانیی کوردستانیشدا"، ناوبراو گەشبینە بە وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار لەلایەن کوردەوە "کورد مافی خۆیەتی وەریبگرێتەوەو کەس خێری بەکورد نەکردووە لەپێدانی ئەو پۆستە تاوەکو لێی وەریبگرنەوە".

بزووتنەوەی گۆڕان هەر لەسەرەتاوە لەسەر چەند پرسێکی وەک وەرگرتنی پۆستی سەرۆک کۆمار و کێشەی گرێبەستە نەوتییەکان و داهاتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان ئامادە نییە یەکهەڵوێست بێت لەگەڵ هاوپەیمانیی کوردستان، ئاخۆ ئەمە چ کاریگەرییەکی دەبێ بۆ سەر هەڵوێستی گشتی کورد لەداهاتوودا؟ سامی شۆڕش دەڵێت "با پێش ڕووداوەکان نەکەوین، لەپاش تەواوبوونی هەڵبژاردن و دەرکەوتنی قورسایی قەوارەکان ئەو قسانە دەکرێن".

سەبارەت بەپێشبینیکردن بۆ لیستەکانیش، کە هەندێک کەس پێیوایە گۆڕان چارەکی دەنگەکان دەهێنێ، سامی شۆڕش گوتی "تا ئێستا پێشبینیکردن بۆ من سەختە، بەڵام لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی دەنگی هەرە زۆر دێنێ".

## ئەو دیوارەی پشتی دکتۆر تیسۆی شکاند بوومەلەرزەکەی هایتی تێکیدا

## دکتۆر تیسۆ کۆنسوڵی فەرەنسا لە هەولێر:

# حەزدەکەم ڕۆژنامەکان لە کوردستان ئازادتربن

ڕووداو-هەولێر

کونسوڵخانەی فەرەنسا لە هەولێر یارمەتی و کۆمەکی بۆ هایتی ناردووە، دکتۆر تیسۆش کە لە هایتی بڕبڕەیەکی پشتی شکاوەو لەوکاتەوە ناتوانێ بەپێ بڕوات، حەزی دەکرد لەدوای بوومەلەرزەکە لە هایتی بووایە و کۆمەکی خەڵکەکەی کردبا.

دکتۆر فریدریک تیسۆ، کونسوڵی فەرەنسا لە هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، کە لەوەتەی ئەو کارەساتە ڕوویداوە دڵی هەر لەلای خەڵکی ئەم وڵاتەیە و هەرزوو نامەی بۆ برادەرەکانی ناردووە، لەمبارەیەوە ڕوونیکردەوە" هەر زوو نامەم بۆ برادەرەکانم نارد، بۆ ئەوەی بزانم لە ژیاندا ماون یان نا؟ ئەوانیش گوتیان خوا هایتی لەبیر کردووە، لەکاتێکدا هایتی بەردەوام نزیکی خوا بووە".

کونسوڵی گشتی فەرەنسی لەچاوپێکەتنێکی پێشتردا چیرۆکی بەکارەباوەبوونی خۆی بۆ ڕووداو گێڕابووەوە، کە بەهۆی کێبڵێکی نزیک نووسینگەکەی خۆی تەوژمێکی ڤۆڵتیی زۆری کارەبا لێیداوە و زۆر بەهێز بەدیوارێکی داداوە و بڕبڕەیەکی شکاندووە، بەپێی قسەی دکتۆر تیسۆ دوای بوومەلەرزەکە وێنەی ئەو دیوارەی بۆ هاتووە، کە ئەویش درزی داوە، لەمبارەیەوە گوتی" خوا بڕیاریدا پشتم بشکێنێت و دیوارەکەش تێکبدات".

کونسوڵی گشتی فەرەنسا لە هەولێرەوە کۆمەکی بۆ خەڵکی هایتی ناردووە، ئامادەیی گەیاندنی کۆمەکی خەڵکی کوردستانیش بووە بۆ هایتی. دکتۆر تیسۆ کە یەکەمجار ساڵی 2006چووەتە هایتی، دوای بوومەلەرزەکە لە برادەرەکانی پرسیوە کێ لە مردنی زیاتر لە 100هەزار کەس بەرپرسیارە؟ برادەرەکانی وەڵامیان داوەتەوە" هایتی بەردەوام نزیکی خوا بووە، بەڵام خوا هایتی لەبیرکردووە". هەرچەندە دکتۆر تیسۆ ڕێز لە بیروڕای ئاینی خەڵک دەگرێت، ئەو هەستەی هەیە کە "هایتی یەکێکە لەو وڵاتانەی لەلایەن خواوە لە بیرکراوە".

دوای بوومەلەرزەکە قەشەیەک گوتبووی ئەو بوومەلەرزەیە بەهۆی کۆتایی هاتنی ڕێککەوتنی قەشەکانی هایتی بوو لەگەڵ شەیتان، کە دەبووایە ئەو بوومەلەرزەیە ساڵی 2001 ڕوویبدابووایە. لەبارەی ئەم لێدوانە کە زۆربەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بڵاویانکردەوە دکتۆر تیسۆ گوتی" هایتییەکان بڕوایان بە هێزێکی گەورەتر لە سروشت هەیە، وەک هێزێکی ڕۆحی و شەیتان، لەکاتێکدا ئەوان کریستیان و کاسۆلیکیشن، بەڵام بیروباوەڕێکیشیان هەیە ناوی کوزۆیە، بە شێوەیەکی گشتی گەلی هایتی هێزێکی گەورەی هەیە، تووشی زۆر کێشە بووە وەک کێشەی سیاسی و هەژاری، ئێستاش بوومەلەرزە، لەنێو ڕەوشی میللەتان ناتوانین تەنیا هۆکارێک بکەینە بیانووی تێکچوونی ڕەوشەکانیان، ناتوانین بڵێین هایتی بەهۆی ئەوەی کۆلۆنی و داگیرکراو بووە تووشی ئەو ڕەوشە بووە". بۆ ڕوونکردنەوەی بۆچوونەکانی ئاماژەی بە ئەزموونی کورد دا لەگەڵ ڕێکەوتننامەی سیڤەر و مەبەستی لۆزان بوو، ئەو گوتی" ناکرێ هەموو شتەکان بخەینە سەر ڕێککەوتننامەکە، بەڵکو خەتای کوردیشی تێدا بوو، هەر کەسێک بەر پرسیارێتی خۆی هەیە"، بەبڕوای کونسوڵی گشتی فەرەنسا خەڵکی هایتیش بەرپرسن لەوەی بەسەر وڵاتەکەیان هات، لەبەرئەوەی خانووەکانیان بەشێوەیەکی ڕەمەکی و بەسەریەکەوە دروستکردووە "خانووەکان وا دروستکراون، بەیەک لەرزەی بچووک هەموو دەرووخێن، خەڵکەکەی کەم دەرامەتن، هەندێ جاریش دەوڵەمەندەکان بۆ ئەوەی دەوڵەمەندتر ببن، خانووەکان وا دروستدەکەن کە زۆرترین قازانجی لێبکەن".

لەبارەی خاڵی لێکچوون لە نێوان کوردستان و هایتی دکتۆر تیسۆ کە خۆی بە دۆستی نزیکی هەردووگەلی هایتی و کوردستان دادەنێ دەڵێ" خاڵی وێکچوو لەنێوان هایتی و کوردستان کەمن، تەنیا یەک شت نەبێت کە دەبێ هەردووکیان بەرپرس بن لە ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکەیان، لە هایتی هەندێ کەس هەن حەزناکەن سەقامگیری سیاسی بکەوێتە وڵاتەکەیان، لەهەمانکاتیشدا لە کوردستان شەڕی ناوخۆ کرا، بەڵام لەڕووی بەرگەگرتنەوە هەردوولا لە یەکتر دەچن، کە هایتییەکان توانیان بەرامبەر ئەو کارەساتە سروشتییە خۆڕاگر بن، هەروەک چۆن کوردیش توانی بەرگەی کیمیاباران و هەڵمەتە کۆمەڵکوژییەکان بگرێ".

بەقسەی دکتۆر تیسۆ بێت ئەو شتەی کە کورد لە هایتییەکان جیادەکاتەوە ئەوەیە ئەوان هەمیشە دەمیان بە خەندەیە و گۆرانی دەڵێن و سەما دەکەن، بەڵام کورد کەمتر.

دکتۆر تیسۆ، کە ساڵانی هەشتاکان وەک پزیشکێک یارمەتی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستانی داوە لە ناوچە ئازادکراوەکانی بەردەستی پێشمەرگە، باسی کوردستان دەکا و دەڵێ " برادەرێکت ئەگەر ئیشی باش بکات دڵت خۆش دەبێ، ئەمڕۆ لە کودستان زۆر شتی پۆزەتیف هەیە، بەڵام کەموکوڕیش هەن، ئەگەر من وەک دیپلۆماتکارێک قسە بکەم، دەتوانم بڵێم هیچ شتێک نابینم، بەڵام من واناکەم، حەزدەکەم ڕۆژنامە ئازادتر بن لە کوردستان، ڕۆژنامەنووسەکان توانای زیاتریان هەبێت، توندوتیژی دژ بە ئافرەت کەم بکرێنەوە، ئۆپۆزسیۆن کارەکانی باشتر بکات، شەفافیەتێکی زۆرتر لە بودجەدا هەبێت، هەندێک جاریش دڵم دێشێت و دەمەوێ شتی باشتر بکەن".

کونسولی فەرەنسا لە هەولێر دەڵێت، فەرەنسا بەشدارە لە باشکردنی ڕەوشی ڕۆژنامەگەری کوردی "فەرەنسا ئەندامی یەکێتی ئەوروپایە، ڕۆڵەکان دابەشکراون لەنێوان وڵاتانی یەکێتی ئەورووپادا و فەرەنسا بەشدارە لەبەرنامەکانی یەکێتی ئەورپادا بۆ پێشخستنی دیموکراسی".

لەبارەی چۆنیەتی پێشخستنی ڕەوشی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان، کونسوڵی گشتی فەرەنسا گوتی" دیموکراسی لە ناو جەرگەی پەرلەمان دەردەکەوێت، لەهەمانکاتدا ئەو پەرلەمانتارانەی ئەندامن لە پەرلەمانی کوردستان دەبێ پەیوەندییان لەگەڵ پەرلەمانەکانی ئەورووپا هەبێ، پێش ماوەیەک دوو پەلەمانتاری بەریتانی سەردانی پەرلەمانیان کرد و لەلایەن د.کەمال کەرکووکی پێشوزییان لێکرا و لە پێش 60 پەرلەمانتار قسەیان کرد، دەبێ ئۆپۆزسیۆنی نێو پەرلەمانی هەرێمی کوردستان پەیوەندی لەگەڵ فراکسیۆنە ئۆپۆزسیۆنەکانی وڵاتانی دیکە دروستبکەن، لەهەمانکاتدا دەتوانن ئەندام پەرلەمانێکی سویدی داوەت بکەن بۆ ئەوەی سیمینارێک بکەن، شێوەی کار کردن ڕوونبکەنەوە، لەوان فێری ئیشکردن بن، ئەمە لەسەر زۆرینەشە".

وەک ئەو ئاماژەی پێدا کێشەی پەرلەمانتارانی کوردستان ئێستا لەوەدایە کە" ئەندامانی پەرلەمانی نوێ هەموویان نوێن، لیستی کوردستانی هەمووی گۆڕین، دەبوایە هەندێکیان بمێننەوە. پەرلەمانتارەکان دەبێ لەنێوان خۆیان ئەو یارمەتییە دروست بکەن، دەرگای ئێمەش کراوەیە".



دکتۆر تیسۆ

# کوردستانی



## ئۆجەلان: دەیانەوێ هەموو کورد بەهەرێمی کوردستانەوە خافڵ بکەن

**ئامانج خەلیل - ڕووداو-برۆکسل**

**لەدوایین دیداری عەبدوڵڵا ئۆجەلان سەرۆکی زیندانیکراوی PKK لەڕۆژی 2010/2/26 لەگەڵ پارێزەرانی لە دوورگەی ئیمرالی گوتی کورد تورکیای ناچارکرد خۆی بگۆڕێ و کوردیش وەک هێزێکی دیموکراتی قبوڵ بکرێ. گوتیشی "ئۆتۆنۆمی دیموکراتی باشترین چارەسەرە بۆ کێشەی کورد". هەروەها گوتی ئەمریکا و تورکیا دەیانەوێ کوردستانێکی بچووک دروستبکەن لە هەرێمی کوردستان و کوردی پێوە خافل بکەن و"هەموو کوردی پێوە ببەستنەوە".**



بەسام مستەفا

wardoz@gmail.com

# وڵات بە پێڵاو هاویشتن ڕزگار نابێ

چەند ڕۆژ لەمەوبەر گەنجێکی 27 ساڵی ڕۆژئاوای کوردستان لە وڵاتی ئیسپانیا پێڵاوەکەی گرتە دەموچاوی ڕەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆکوەزیرانی تورکیاو لەگەڵیشیدا بە دەنگێکی بەرز چەند دروشمێکی گوتەوە. ئەو گەنجەی کە بە نەزانین و گەرمی ئەم کارەی کرد، کارێکە دوورە لە کولتوور و داوونەریتی کوردی و کولتووری کوردی ڕۆژئاوای کوردستان بە تایبەتی، خاڵێکی سپی نییە بۆ گەلەکەمان.

کوردی ڕۆژئاوای کوردستان دڵپاکن و خۆشەویستی خاک و نەتەوەکەیانن، بەڵام کولتوری پێڵاوتێگرتنیان نییە، وەک هەندێ کۆمەڵگەی دراوسێ. کوردی ڕۆژئاوا میوانپەروەرن و پێڵاوی میوانەکانیان دەخەنە بەرپێیان نەک پێڵاویان تێبگرن. زۆر جار، ئەوکاتانەی لە قامشلۆ بووم، کە دەچوومە میوانداریی ماڵێک و پێڵاوەکانم بە خۆڵ و تۆز بووە. کابانی ئەو ماڵەی کە دەبوومە میوانیان، پێڵاوەکانیان بۆ پاک دەکردمەوە تاوەکو هەڵدەستام، هەرواشیان بۆ میوانەکانی دیکە دەکرد.

هەرگیز نەمبینیوە کەسێک لەنێو کوردی سووریادا، پێڵاوەکەی بگرێتە دەموچاوی کەسێکیتر. لەجیاتی ئەوەی کە مرۆڤ بە پێڵاوتێگرتن داوای مافە زەوتکراوەکانی بکات، زۆر شێوازی دیکە لەبەردەم مرۆڤدان. بۆ سەلماندنی ڕەوایی دۆزەکەی. پێویستە مرۆڤ بەشێوەیەکی شارستانی داوای مافەکانی بکات و خۆراگربێت. ئەو کارەی ئەو گەنجەی ڕۆژئاوای کوردستان لە ئیسپانیا دژی ئەردۆغان کردی، کارێکی شارستانی نەبوو و دووربوو لەڕەوشتی کۆمەڵگەی کوردی.

ئەم ڕووداوە، هەرایەکی فراوانی لەنێو میدیادا دروستکرد و بەداخەوە هەندێ کوردیش دەستخۆشی لێدەکەن، زۆر کەس شرۆڤەی جیهان نەبینانەیان بۆ کرد. بەڵام ژمارەیەکی زۆریان نازانن ئەردۆغان لەبەرچی چووبووە ئیسپانیا و بۆچی خەڵاتی هاوکاری کولتووری لەلایەن ئیسپانیاوە پێدراو، هەرچاویان لە پێڵاو هاویشتنەکە و دروشمەکانیەتی.

سەلیم بەرەکات دەڵێت "باکوور (مەبەستیشی باکووری سووریایە، واتە ڕۆژئاوای کوردستان) ئەزموونێکە. لایەنی ئیرادەی گەورە، کیشوەری پەرێشانییە باکوور. هەموو شتێکت لێ وەردەگرێت بۆ ئەوەی پاڵەوانی و سەرسەختیت بداتێ". گەلۆ ئەنجامی ئەم سەرسەرێتی و پاڵەوانێتییە چی بوو؟ هیچ. تەنها ڕەشکردنی کورد بووە لە پێش چاوی ئەوروپییەکان.

ئێمە لە جیهانێکی شارستانیدا دەژین، ئەگەر بمانەوێ بەدواکەوتوویی نەمێنینەوە، پێویستە ئێمەش لەگەڵ جیهاندا پێشبکەوین. لەجیاتی ئەوەی پێڵاوەکانمان نیشانی جیهان بدەین، با وێژە، ئەدەب و زانینی خۆمانیان پیشان بدەین. کورد ئەوەندە نەزان نین،"ئەمما د یەتیم و بێ مەجالن"*. زۆر شتی جوانمان هەن کە دەتوانین لەبەرامبەر جیهان سەری خۆمانی پێ بەرز بکەینەوە.

بەڵام کورد هەمیشە پەلە وگلەیی دەکەن!. ئێمە زۆر جار ڕەخنە لە کۆمەڵگەی عەرەبی دەگرین کە کۆمەڵگەیەکی پاشکەوتووە و کاتێک ڕۆژنامەنووسی عەرەبی عێراقی مونتەزەر زەیدی پێش دوو ساڵ جووتە پێڵاوەکانی گرتە دەموچاوی جۆرج بوشی سەرۆکی ئەمریکا، کوردان بە هەموو توانایان ئەم کارەی ئەویان شەرمەزارکرد و زۆر کەسانیش لە نووسینەکانیان دا ئاماژەیان بەوە دا کە ئەمە کولتوری عەرەبانە و...هتد. زۆر عەرەبیش دەیانگوت مونتەزەر زەیدی کوردە، بۆ ئەوەی ئەو ڕووداوە لە خۆیان دووربخەنەوە.

ئەز وەک کوردێکی ڕۆژئاوای کوردستان، نەک بە دەنگێک بەڵکو بە سێ دەنگان دەڵێم ئەم کردەوەیەی گەنجەکەی ئێمە زۆر ناشرین بوو و، بەهیچ شێوەیەک دەربڕی کولتوری ئێمەی خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان نییە، بەڵکو ڕەوتارێکی تاکەکەسییە، جگە لە کارێکی خراپ هیچی دیکەی نەکردووە.

*** دێرە شیعرێکی ئەحمەدی خانی یە.**

### کەسایەتییەکانی کەتەلۆنیا، باسک، گالیچیا و ئەفریقیای باشوور

# لە دیاربەکر دەڵێن دەبێ ئۆتۆنۆمی بدرێتە باکووری کوردستان



دیمەنێک لە کرنفرانسی (دانوستاندنە نێونەتەوەییەکان و ئەزموونەکانی چارەسەری) لە دیاربەکر (فۆتۆ: DIHA)

**فرات کەلەمکی**
**تایبەت بە ڕووداو**

ئەوانەی لەکۆنفرانسی (دانوستاندنە نێونەتەوەییەکان و ئەزموونەکانی چارەسەری) بەشداریان کرد جەختیان لەوە کردەوە کە بەبێ گفتوگۆ مەحاڵە کێشەی کورد لە تورکیا چارەسەر ببێ.

ئەو کۆنفرانسە لەلایەن کۆنگرەی جڤاکی دیموکراتی KCD کە ڕێکخراوێکی نزیکی پارتی ئاشتی و دیموکراسی BDPیە، ڕۆژی 2010/2/27 لە شاری دیاربەکری باکووری کوردستان دەستی بە کارەکانی کرد، چەندین سیاسەتڤان و ڤەکۆلەر و ئاکادیمی لە تورکیا و وڵاتانی دیکەوە بەشداریان تێدا کرد، لەوانەش نوێنەرانی هەرێمی باسکی ئیسپانیا،جێگری پێشووی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان. نوێنەری کۆنگرەی نەتەوەیی ئەفریقیای باشوور و نوێنەری هەرێمی گالیچیا لە پۆڵەندا.

یوکسەل گەنچ، هاوسەرۆکی KCD ڕایگەیاند کێشەی کورد بووەتە کێشەی هەموو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست "بۆیە هیچ کەس ناتوانێ بەتەنیا ئەم مەسەلەیە چارەسەر بکات، دەبێ بەقبوڵکردن بەدانیشتن لەگەڵ ئیرادەی ئازادی گەلی کورد چارەسەر بکرێ"، لەوەشدا مەبەستی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK و عەبدوڵڵا ئۆجەلان بوو، هەروەها گوتیشی "لەجیهاندا کێشەی وەک کێشەی کورد دروستبوون، بەڵام چارەسەر کراون".

عوسمان بایدەمیر، سەرۆکی شارەوانی گەورەی شاری دیاربەکر، کە یەکێکبوو لە بەشداربووانی کۆنفرانسەکە گوتی "هۆکاری کێشەکانی تورکیا نەبوونی ئاشتی ناوخۆییە، کێشەکانی ناوخۆی تورکیا وەکو قەیرانی سیاسی، ئابووری و زۆر کێشەی دیکە هەموویان بەهۆی چارەسەرنەکردنی کێشەی کورد دێنە ئاراوە".

### دەبێ تورکیا گفتوگۆ لەگەڵ PKK بکات

بەشێک لەوانەی بەشداریان لە کۆنفرانسەکەدا کرد، لەو هەرێمانەوە هاتبوون کە کێشەکەیان تارادەیەک هاوشێوەی کێشەی کوردە لە باکووری کوردستان، لەوانەش هەرێمی کەتەلۆنیا و هەرێمی باسک لە ئیسپانیا.

ئانا ڤیلیلاس ئارینۆ، کە یەکێکە لە بەڕێوەبەرانی قوتابخانەی کولتووری ئاشتی گوتی ئێمە کەتەلۆنیای ئیسپانیا و دیار بەکر وەکو یەک دەبینن. ئارینۆ ڕایگەیاند کەتالۆنییەکان بە سیستمی دوولایەنە بەرەو دیموکراسی چوون و ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمیان دامەزراند. ئارینۆ تیشکی خستە سەر دەستووری بنچینەیی ئیسپانیا و گوتی "کەتالۆنیا لەبواری زمان و کولتووردا لەگەڵ ناوەند سەربەخۆیە، لە تورکیاش جوولەیەک لە ناوەندەوە بۆ ئەو مەبەستە بەدیدەکرێ"، گوتیشی "بۆ چارەسەری کێشەی کورد دەبێ کەتەلۆنیا بکرێتە مۆدێل، دەبێ حکومەت بۆ چارەسەری پرسەکە لەگەڵ چەکدارەکان دابنیشێ و گفتوگۆبکات".

هەروەها کامیلیۆ نۆگویران، کۆنە پەرلەمانتاری ناوچەی گالیچیا لە پۆڵەندا دوای ئەوەی دڵخۆشی خۆی نیشاندا کە لەکوردستانە و گوتی "ئەگەر بەسەرهاتەکانی گالیچپا و کوردستان بەراورد بکەین، چارەنووسی کورد و گالیچپیان لەیەک دەچێ. دەبێ زمانی دایک وەک زمانی کەمینەکان سەیر نەکرێ"، کامیلیۆ گوتیشی " پێویستە کوردانی تورکیا، سووریا، ئێران و عێراق مافی ئۆتۆنۆمیان بدرێتێ".

باسک میرەن لیگۆربورو، سیاسەتمەداری هەرێمی باسکی ئیسپانیاش جەختی لەسەر مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد کردەوەو گوتی "لەپێناو ئاشتیدا ڕێگەکانی دیموکراتی گرنگن، لەو پێناوەشدا سەربەخۆیی نا، دەبێ ئۆتۆنۆمی بدرێتە کورد".

### UN بێ هەڵوێستە بەرامبەر کێشەی کورد

هانس ڤان ئیسپۆنیس، جێگری پێشووی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان UNپێداگیری لەسەر کۆتایی هێنان بە شەڕ کردو هاوکات بە ڕەخنە گرتن لەUN گوتیشی "بەداخەوە نەتەوە یەکگرتووەکان هیچ پرۆژەیەکی بۆ باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆل نییە و هیچ ڕۆڵێکی لە چارەسەرکردنی کێشەی کوردا نییە".

جێگری پێشووی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان پێنج مەرجی وەک چارەسەری بۆ پرسەکە خستەڕوو "هەمووان لە ڕەوتی دانوستاندنەکاندا بەشدار بن. تورکیا ڕێز لەو پەیمانانە بگرێت کە ئیمزای کردوون. ڕاگرتنی هەڵمەتەکانی گرتن دژی BDP و سیاسەتمەدارانی کورد. بینینی جیاوازی لەنێوان ئاکام و دەرئەنجامەکاندا و کارکردن لەسەریان و دوا خاڵیش دروستکردنی کەشوهەوای متمانە بەیەککردنە بۆ چارەسەرکردنی ئەو برینانەی بەهۆی شەڕەوە دروستبوون". هانس ڤان ئیسپۆنیس دووپاتیکردەوە کە "کێشەی کورد، کێشەیەکی نێوخۆیی نییە و کێشەیەکی ناوچەییە، بۆیە پێویستە بکەوێتە بەردەم ڕای گشتی جیهان".

### سەرکەوتنی دانوستاندنەکان پێویستی بە سازشکردنە

حاسەن ئەبراهیم، نوێنەری کۆنگرەی نەتەوەیی ئەفریقای باشوور لە کۆنفرانسەکەدا، باسی ئەزموونی ئەفریقییەکانی باشووری کردو بە ئەزموونی کوردانی چواند و گوتی "حکومەت داوای لە ئێمە کرد چەکەکانمان دابنێین، بەڵام ئێمە ڕەتمانکردەوەو گوتمان دەبێ لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا بەشداربین، کۆمەڵکوژیمان بەرامبەر دەکرا، تیرۆری سیاسی لە وڵات هەبوو، کاتێک سەرکردەیەکی ئێمەیان کوشت، زۆری نەمابوو وڵات بەرەو شەڕی ناوخۆ بچێت، بەڵام نێلسۆن ماندێلا ڕێی لێگرت، کاتێک لەڕووی سەربازی بەهێز بووین، ئاگربەستمان ڕاگەیاند، حکومەت زیندانیانی سیاسی ئازاد کرد، پاشان نیلسۆن ماندێلاش ئازاد کرا".

نوێنەری کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقیای باشوور، باسی لەوەشکرد کاتێک حکومەت داوای لەماندێلا کرد لە بەرامبەر ئازادکردنی بانگەواز بۆ کۆتاییهێنان بەتووندوتیژی بکات، ئەو گوتی "تەنیا مرۆڤە ئازادەکان دەتوانن دیالۆگ بکەن". لەسەر ئەمە ڕەوشی نائاسایی هەڵگیراو ماندێلا ئازاد کرا. گوتیشی "دوای ئازادکردنی ماندێلاش بێ متمانەیی لەنێوان ئێمە و حکومەتدا هەبوو، بەڵام بۆ ئەوەی ئەم بێ متمانەییە نەمێنێ، زۆر هەوڵدران".

### دەبێ ناسنامەی کورد بناسرێ

پەرلەمانتاری بەریتانی لۆرد ڕایمۆند هڵتن، کە لەو کۆنفرانسەدا وتارێکی پێشکەشکرد باسی لە چارەسەری کێشەی کورد کردو گوتی "بەر لە هەموو شتێک دەبێ دان بە ناسنامەی کورد دابنرێ"، هەروەها گوتی "پێویستە گفتوگۆکان لەبارەی ئۆتۆنۆمی و بەڕێوەبەرایەتی ناوچەیی دەست پێبکرێن، دەبێ دانوسانندنی دوولایەنە و دەستەواژەی (هەردوولامان سوود وەربگرین) زاڵ ببێ بەسەر گفتوگۆکاندا".




## بەداخەوە نەتەوە یەکگرتووەکان هیچ ڕۆڵ و پرۆژەیەکی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد نییە

جێگری پێشووی سکرتێری گشتیی UN

# لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گرووپی هاوشێوەی جوندوڵڵا نین

**سابیر قادری**
**تایبەت بە ڕووداو**

دوای 46 مانگ شەڕ و توندوتیژی نێوان بزووتنەوەی خەڵکی ئێران (جوندوڵڵا) و هێزە سەربازییەکانی ئێران، عەبدولمالک ریگی سەرۆکی ئەو گرووپە بەهاوکاری دەزگا هەواڵگرییەکانی پاکستان دەستگیرکرا، بەڵام ئێران ڕەتیکردەوە کە هیچ وڵاتێک هاوکاری کردبێ بۆ دەستگیرکردنی ریگی.

ڕۆژی 2010/2/23، هەواڵی دەستگیرکردنی عەبدوڵمالک ریگی، سەرۆکی بزووتنەوەی خەڵکی ئێران (جوندوڵڵا)، کە گرووپێکی چەکداری بلووچە سوننەکانی پارێزگای سیستان و بەلوچستانی ئێرانن، بووە مانشێتی سەرەکی زۆربەی ڕۆژنامەکانی ئێران و لەجیهانیش دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو. کاربەدەستانی ئێران دەستگیرکردنی ریگیان بە "سەرکەوتنێکی کەم وێنە" بۆ دەزگای ئیتلاعاتی ئێران وەسفکردو پیرۆزباییان لەیەکتری کرد.

خەڵکی بلووچی پارێزگای سیستان و ماڵپەڕی ناوەندی بزووتنەوەی جوندوڵلا دەستگیرکردنی ڕێبەرەکەیان بە پیلانی سێ قۆڵی ئێران، ئەمریکا و بەریتانیا دادەنێن و ڕووداوەکەش بە سیناریۆی کوژرانی (دادشا) دەچوێنن، کە یەکێکبوو لەسەرکردە بەنێوبانگەکانی بزووتنەوەی بلووچ لەسەدەی ڕابردوو کە بەپیلانی بەریتانییەکان کوژرا.

هەرچەندە حەیدەر موسلحی، وەزیری ئیتلاعاتی ئێران ڕایگەیاند لەدەستگیرکردنی ریگیدا هیچ لایەن و دەوڵەتێک هاوکاری نەکردوون، بەڵام لێدوانەکانی محەممەد عەباسی، باڵیۆزی پاکستان لەئێران ئاماژەن بۆ هەبوونی هەوڵێکی نیودەوڵەتی بۆ دەستگیرکردنی ریگی"دەبێ ئەوە بڵێم کە دەستگیرکرانی ریگی بێ هاوکاری پاکستان سەرنەدەکەوت".



عەبدولمالک ریگی سەرۆکی دەستگیرکراوی جوندوڵڵا

گرووپی جوندووڵلا کە لەساڵی 2005 بەسەرۆکایەتی عەبدولمالک ریگی دامەزرا. ئەو گرووپە لەسەرەتای دامەزرانییەوە ڕایگەیاند کە ئامانجی جیابوونەوە نییە لەئێران، بەڵکو دەیەوێ مافە نەتەوەیی و مەزهەبییەکانی خەڵکی بلووچ دابین بکات.

حەسەن ئەمینی، سەرۆکی مەکتەبی قورئانی کوردستان و یەکێک لەداکۆکیکارانی مەزهەبی سوننە لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) هەرچەندە خۆی دەڵێ باوەڕی بە کردەوەی توندوتیژانە نییە، بەڵام پشتگوێخستنی داوا نەتەوەیی و مەزهەبییەکانی خەڵکی بلووچ بە هۆکاری سەرهەڵدانی گرووپی لەشێوەی گرووپی جوندووڵلا دادەنێ "مادام حکومەت گوێ لەداواکارییەکانی خەڵکانی سوننە و نافارس ناگرێ دەبی چاوەڕێی سەرهەڵدانی گرووپی لەوشێوەیەش بکات".

لەسەردەمی دەسەڵاتدارێتی پاشایەتی و هەروەها دوای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی، خەڵکی بلووچ وەک کوردی ڕۆژهەڵات، لەڕووی نەتەوەیی و ئایینی تووشی جیاکاری هاتوون و ئەوەش کاریگەری لەسەر سەرهەڵدانی گرووپی توندڕەوی ئایینی هەبووەو هاوکات ویستە نەتەوەییەکانی خۆیان لەچوارچێوەی ئەو ڕێکخراوانەدا خستووەتەڕوو.

ڕووداوی 11 سێپتێمبەرو پەرینەوەی بیری ڕێکخراوی قاعیدە لەئەفغانستانەوە بۆ ناوچەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بەتایبەت بۆ ئێران کە کەمینەکی سوننەی لێدەژی، دەرفەتێکی لەباری بۆ خەڵکی بلووچ ڕەخساند بۆ دروستبوونی ڕێکخراوێکی سوننە تاوەکو بەرگرییەکی چەکدارانە لە مافە نەتەوەیی و مەزهەبییەکانیان بکەن.

گرووپی جوندوڵڵا لە ماوەی 4 ساڵی شەڕی چەکداریدا لەگەڵ هێزەکانی ئێران بە دەیان کەسی لە سووپای پاسداران و هێزەکانی دیکەی ئێران و تەنانەت خەڵکی سڤیلی شیعە کوشتووە، ئەوەش وایکرد ئەو گرووپە لەئاستی نێودەوڵەتیدا وەک گرووپێکی تیرۆریستی بناسرێ، ئێرانیش بەردەوام ئەمریکا، بەریتانیا، پاکستان و سعودیەی بە پشتگیریکردنی گرووپەکە تۆمەتبار دەکرد.

کوشتنی شوفێر و پاسەوانی ئەحمەدی نەژاد، بە بارمەگرتنی 8 پاسەوانی سەرسنوور، گرتنی 3 هاووڵاتی تورک، کوشتنی 22 کەس لەهێزەکانی کۆماری ئیسلامی لەتاسوکی، بەبارمتەگرتنی 16 پاسەوان لە سەراوان، کوشتنی 12 کادیری سوپا لەلایەن عەبدولغەفوور ریگی برای عەبدولمالک ریگی، کوشتنی 25 هاووڵاتی شیعە لەمزگەوتی ئەبی تالبی زاهیدان، هێرشکردنە سەر نووسینگەی هەڵبژاردنی ئەحمەدی نەژاد لەزاهیدان و کوشتنی 41 کەس لەکادرە باڵاکانی سوپای پاسداران و لەوانەش سەردار شوشتەری لەشاری سەرباز، ئەوانە بەشێکن لە کردەوەکانی ئەو گرووپە. لەو ماوەیەشدا زیاتر لە 25 چەکدار و لایەنگری سەر بەو گرووپە لەلایەن ئێرانەوە لەسێدارەدراون.

هەرچەندە کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش جگە لەچەوسانەوەی نەتەوەیی، تووشی هەڵاواردنی ئایینزایی (مژهب)ی بوونەتەوە، وەک خەڵکی بلووچ و ژمارەیەک لەگەنجانی ڕۆژهەڵات بۆ درێژەدانی چالاکیی و پەروەردەبوونیان ڕوویان لەپاکستان کردووە و بوونەتە ئەندامی گرووپە توندڕەوەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئیسلامییەکانی کورد لەڕۆژهەڵاتی کوردستان بزووتنەوەکەیان تێکەڵاوی کێشەی نەتەوەیی کردووەو ئەوەش زیاتر بۆ ڕاکێشانی لایەنگری زیاتر بۆخۆیان. تەنانەت ئاودیوبوونی گرووپەکانی ئەنسارو جوندولئیسلام لەباشوور بۆ نێو خاکی ئێران لەشوباتی 2003، نەیتوانی کاریگەری لەسەر پێکهاتنی گرووپێکی لەشێوەی جوندوڵلا لەڕۆژهەلاتی کوردستاندا هەبێ.

سازمانی خەبات و مەکتەبی قورئان نموونەی ئەو ڕێکخراوانەن کە پێشەنگایەتی ئیسلامییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بەڵام ئەو دوو گرووپە هەر جۆرە کردەوەیەکی تیرۆریستی و تەقینەوە ڕەتدەکەنەوە.

حەسەن ئەمینی سەبارەت بە هۆی نەبوونی گرووپی لەشێوەی جوندوڵلا لەڕۆژهەڵاتی کوردستان گوتی "سەردەمی ئەوە تێپەڕبووە، پێشتریش باوەڕمان پێی نەبووەو ئێستاش باوەڕمان پێی نییە، ناکرێ چاوەڕێی ئەوە بکەی بەکردەوەی توندوتیژ ئیسلام و دەسەڵاتی ئیسلامی جێگیر بکەی".

هەرچەندە دەزگای ئیتلاعاتی ئێران تیرۆری مەلا بورهان عالی و مەلا محەممەد شێخولئیسلام لەشاری سنە خستە ئەستۆی گرووپە توندڕەو و سەلەفییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵام ئەمینی ئەوەی ڕەتکردەوەو گوتی "تائێستاش ڕوون نەبووەتەوە کێ لە پشت تیرۆرکردنی ئەو دوو مامۆستایەوەیە".

ڕووداو

## سیستانی ئامادەنییە مالیکی و پاڵێوراوەکانی دیکە ببینێ



**ڕووداو-نینا**
نوێنەری عەلی سیستانی، گەورە مەرجەعی شیعە لەعێراق، ڕایگەیاند سیستانی کڕین و فرۆشتن بە دەنگەکان بەحەرام دادەنێت . لەلایەکی دیکەوە چەند سەرچاوەیەکی نزیک لە نووسینگەی سیستانی لە نەجەف ڕایانگەیاندووە "تاوەکو کۆتایی هاتنی هەڵبژاردنەکان سیستانی پێشوازی لە هیچ پاڵێوراوێکی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق ناکات"، هۆکاری ئەمەشیان گەڕاندەوە بۆ ئەوەی کە "سیستانی دەیەوێت بێلایەن بێت و پاڵپشتی هیچ پاڵێوراوێک نەکات". بەپێی ئەو سەرچاوانە لەسەردانی چەند ڕۆژی ڕابردوویدا بۆ نەجەف، مالیکی هەوڵی بینینی سیستانیی داوە، بەڵام سیستانی بەوە ڕازینەبووە.

### پسپۆڕی ئەمریکی دەیڤید ڕۆمانۆ:

# هاوپەیمانی لە گۆڕان زیاتر دێنێ بەڵام هەمیشەش موفاجەئە هەیە

**هاوار عەبدولڕەزاق**
**ڕووداو- هەولێر**

د.دەیڤید ڕۆمانۆ، پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە بواری لێکۆڵینەوە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی ڕۆدز لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و پسپۆڕی کاروبارەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و کورد و تورکیا ڕایگەیاند کە هەندێک لە ئەمریکییەکان خوازیاری کۆتاییهاتنی ئەو سیاسەتەن لە عێراق کە بە "سیاسەتی تایفەگەری" ناسراوە. بۆیە وەک ئەو گوتی "خۆشحاڵ دەبن بە لێکهەڵوەشانەوەی هاوپەیمانێتی کوردی ئەگەر ببێتە هۆی سازدانی هاوپەیمانی لەگەڵ لایەنە غەیرە کوردییەکان و سەرهەڵدانی سیاسەتێکی عێراقی". بەڵام دەیڤید ڕۆمانۆ ئەوە بە "بیرۆکەیەکی زۆر هەڵە" دادەنێ و پێیوایە " مایەی پێکەنینە".

ڕۆمانۆ کە ساڵی 2006 کتێبێکی بە ناونیشانی (بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد) بڵاوکردووەتەوە و چەندین توێژینەوە و ڕاپۆرتی لەسەر هەرێمی کوردستان کردووە و یەکێک لەو توێژینەوە گرنگانەشی تایبەت بووە بەحیزبە ئیسلامییە کوردییەکان کە ساڵی 2007 لەلایەن سەنتەری (جەیمزتاون)ی ئەمریکییەوە بڵاوکراوەتەوە. لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) کە تایبەت بە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقە، ڕایگەیاند کە لەگەڵ ئەوەی پارتە کوردییەکان بۆ ئەم هەڵبژاردنە پارچە پارچە بوون، "بەڵام دەتوانن لەدوای هەڵبژاردن یەکبگرن و کار بۆ بەرژەوەندیی کورد بکەن".

### ڕۆژئاوا باسی ئاژاوەکانی کوردستانی نەکرد

ڕۆمانۆ لەبارەی ئەوەی کە ئاخۆ ئەو گرژییانەی لەهەڵبژاردنەکانی مانگی تەمموزی ڕابردوو، هەروەها هەندێک گرژی و ئاڵۆزی کە بەم دواییە لەکوردستان ڕوویاندا تاچەند زیان بە وێنەی کوردستان دەگەیێنێ لەلای ڕۆژئاواییەکان، گوتی "باوەڕناکەم ئەو شەڕو ئاژاوەیەی هەرێمی کوردستان زۆر لە ڕۆژئاوا باس کرابێت". گوتیشی "کێشەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردنی کوردستانی عێراق لەچاو بەشەکانی دیکەی عێراق یاخود هەر وڵاتێکی دیکەی ئەو ناوچەیە کە هەڵبژاردنی تێدا ئەنجامدراوە وەک ئێران، فەلەستین و تورکیا، کێشەی زۆر بچووکن".

ڕۆمانۆ لەبارەی پێشبینییەکانی خۆیشی بۆ ئەنجامەکانی هەڵبژاردن لەهەرێمی کوردستان ڕایگەیاند کە لەو بڕوایەدایە ئەنجامەکانی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان لە بزووتنەوەی گۆڕان باشتر دەبێت، گوتیشی "بەڵام هەمیشەش موفاجەئە هەیە".

دەیڤید ڕۆمانۆ گوتی کە پێویست ناکات وا بزانین پارچەبوون و دابەزین بەلیستی جیا زیان لە پێگەی کورد دەدات، چونکە دەتوانن لە دوای هەڵبژاردنەکان یەکبگرن. گوتیشی "هیچ بیانوویەک نییە کە یەکگرتووی ئیسلامی و گۆڕان و هاوپەیمانیی کوردستان لەسەر مەسەلە هاوبەشەکانی کوردستان پێکەوە کار نەکەن. بۆ گەیشتن بەو لێکگەیشتنەش هەندێ ژیری و سازشکردن لەلایەن سەرکردە کوردەکانەوە پێویستە"، هەروەها جەختیشی لەوەکردەوە کە زۆر گرنگە لایەنە کوردییەکان لەم قۆناخە هەستیارەی مێژووی عێراقدا ئەو کارە بکەن.

### ناتوانن وابکەن

ئەو لەبارەی ئەگەرەکانی دروستبوونی هاوپەیمانێتی لەنێوان لیستێکی کوردی و لیستێکی عەرەبی بۆچوونی خۆی دەربڕی کە کورد پێویستی بە عەرەبە و عەرەبیش پێویستی بە کوردە، بۆیە هیوادارە هاوپەیمانێتی لەوجۆرە دروست ببێت. لەوڕووەوە جەختی کردەوە کە "پێویستە کوردستان لەوە ئاگادار بێت و خۆی نەخاتە دۆخێکەوە وادەربکەوێت کە هەڵوێستەکانی دژی هەموو لایەن و پارتێکی عەرەبییە". گوتیشی پارتی و یەکێتی هەتا ئێستا ئەوەیان سەلماندووە کە دەیانەوێ یارمەتیدەر بن لە چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراقدا نەوەک تەنیا سەرقاڵی کاروباری نێو ماڵی خۆیان بن لە کوردستان. هاوکات بەدووریشی زانی کە بزووتنەوەی گۆڕان یاخود یەکگرتووی ئیسلامی دژی بەرژەوەندی و داواکارییە هاوبەشەکانی خەڵکی کوردستان لەگەڵ لیستێکی عەرەبی هاوپەیمانیی ببەستن و گوتی کە ئەگەر کارێکی وەهایان کرد "ئەوکات لایەنگرانیان لە کوردستان لەدەستدەدەن، بۆیە باوەڕناکەم شتێکی لەوشێوەیە ڕووبدات".

ڕۆمانۆ پێشبینی ئەوەشیکرد کە لایەنە کوردییەکان لەهەندێ پارێزگای دەرەوەی سنووری ئێستای هەرێمی کوردستان دەنگی باش بێنن، بۆ نموونە لە دیالە، کەرکووک و نەینەوا. بەڵام بۆ بەغدا گوتی "دڵنیانیم، پێموایە زۆر لە کوردان لەبەر نالەباری بارودۆخەکە ئەو شارەیان بەجێهێشتووەو هیچ غەیرە کوردێکیش دەنگ بە لایەنە کوردییەکان نادات".

### گۆڕان ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆنی لە ئیسلامییەکان ستاند

دەیڤید ڕۆمانۆ لەبەشێکی دیکەی ئەو هەڤپەیڤینەدا ئاماژەی بە پاشەکشەی هەژموونی لایەنە ئیسلامییەکان کرد لەهەرێمی کوردستان و بەشێکی هۆکارەکەی بۆ سەرهەڵدانی بزووتنەوەی



گۆڕان گەڕاندەوە کە "ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆنی لەو لایەنانە ستاند". لەبارەی ئەوەی کە ئاخۆ ڕۆژانی کاریگەریی پارتە ئیسلامییەکان لە هەرێمی کوردستان بەسەرچووە، گوتی "بەشێکی دەنگنەهێنانی پارتە ئیسلامییەکان دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە وەختی خۆی ئەوان وەکو (دەنگی نارازییەکان) تەماشا دەکران بۆ ئەو کەسانەی کە لەدەست گەندەڵی و خزمخزمێنەی پارتی و یەکێتی بێزاربوون، بەڵام کاتێک لیستی گۆڕان سەریهەڵدا و ئەوانیش جەختیان لەسەر هەمان خاڵ کردەوە، زۆر لە دەنگدەرە بێزارەکانی کە وەختی خۆی دەنگیان بۆ لایەنە ئیسلامییەکان دابوو، بەرەو بزووتنەوەی گۆڕان چوون".

### توندڕەوەکان کاری یەکگرتوویان سەختکرد

ئەو پسپۆڕە ئەمریکییە لەبارەی ئەزموونی ئیسلامییەکان و ئەنجامەکانیان لەو هەڵبژاردنەدا لە کوردستان گوتی "پێموانییە کاریگەری ئیسلامییەکان ئەوەندە بەهێز بووبێت لە کوردستان، بێجگە لە هەڵەبجە و ناوچەکانی دەوروبەری کە ئەو شوێنانەش ئەزموونێکی خراپیان لەگەڵ بزووتنەوەی ئیسلامی و ئەنسارولئیسلام هەیە، ئەمەش ئەرکی لایەنە ئیسلامییە میانڕەوەکانی وەکو یەکگرتووی زەحمەتکردووە لەوەی بتوانێ دەنگێکی ئەوتۆ بێنێ".

### جیاوازیان نییە

ڕۆمانۆ بەدووری زانی کە ئیدارەی ئەمریکا حەزبکات لایەنێکی کوردیی دیاریکراو لەم هەڵبژاردنەدا سەربکەوێ، بەڵام لەهەمانکاتدا گوتی "هەندێ خەڵک لە ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی حەزدەکەن کۆتایی بەو سیاسەتە لە عێراق بێت کە بە سیاسەتی تایفەگەری ناسراوە. بۆیە خۆشحاڵ دەبن بە لێکهەڵوەشانەوەی هاوپەیمانێتی کوردی ئەگەر ببێتە هۆی سازدانی هاوپەیمانی لەگەڵ لایەنە غەیرە کوردییەکان و سەرهەڵدانی سیاسەتێکی عێراقی". دەیڤید ڕۆمانۆ لەدرێژەی ئەوقسانەیدا لەوبارەوە گوتی "لەو باوەڕەدام ئەو بیرۆکەیە زۆر هەڵەیە کە چاوەڕوان بکەی لایەنە جیاوازەکانی عێراق، ڕاستەوخۆ وەک (عێراقی) هەڵسوکەوت بکەن و بیربکەنەوە. ئەگەر چاوەڕوان بکەی کوردێک کە بۆ چەندین ساڵە لەژێر ناوی عێراق و لەژێر سایەی چەندین حکوومەتی عێراقیدا چەوسێنراوەتەوە ئیدی خۆی بە کورد نەزانێ، بەڕاستی ئەوە شتێکی مایەی پێکەنینە". گوتیشی "پارتی و یەکێتی و گۆڕان پلاتفۆرمێکی سیاسیت پێشکەش دەکەن کە هەمووی لەسەر بنەمای ناسنامەی کوردستانییە، لەبەرئەوە پێموانییە کە ئەمریکا هیچ لیستێکی لە لیستێکی دیکە پێ باشتر بێت".

ڕۆمانۆ دەڵێ هیچ جیاوازییەک لەنێوان گوتار و بەرنامەی لیستە کوردییەکاندا نییە بۆ کێشەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان و دەڵێ " سیاسەتەکانی پارتی و یەکێتی و گۆڕان لە دەرەوەی کوردستان زۆر نزیکن لەیەکتری، ئەگەر جیاوازییەکیش هەبێت، زۆر حەزدەکەم یەکێک بۆم دەستنیشان بکات".

### ناکۆکییەکانی هەولێر و بەغدا بەرەو ئاڵۆزتربوونن

ڕۆمانۆ لەگەڵ ئەوانەشدا هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی عێراقی بە "گرنگ" وەسفکرد و گوتی "ئەمە هەڵبژاردنێکی گرنگە، بەتایبەتی چونکە وادەردەکەوێت سەرکردەیەکی وەکو نووری مالیکی سوورە لەسەر ئەوەی دەسەڵاتی خۆی لە بەغدا پتەوتر بکات لەوکاتەی سوپای ئەمریکا لەعێراق دەکشێتەوە". هەر لەو چوارچێوەیەدا ئاماژەی بە پرسە گرنگەکانی وەکو یاسای نەوت و ماددەی 140 کردو گوتی "پێویستە لە ماوەی دوو ساڵی داهاتوودا ئەو کێشانە چارەسەر بکرێن، بەبێ ئەوەی دەستتێوەردانی سوپا و بەرپرسانی ئەمریکی تێدا بێت، ناکۆکی نێوان هەولێر و بەغدا لەسەر ئەو مەسەلانە زیاتر مەترسیدار دەبن. ئێمە هەر لە ئێستاوە ئاڵۆزیمان لە نزیک مووسڵ و خانەقین و کەرکووک بینیووە، ئەو مەترسیانەش زیاتر دەبن ئەگەر ئەو کێشانە چارەسەر نەکرێن".

### مەحموود عوسمان:

# من پێش گۆڕان باسی گەندەڵیم کردووە

**ولادیمێر ڤان ویلخنبێرخ**
**ڕووداو- سلێمانی**

کاندیدێکی سەربەخۆی لیستی هاوپەیمانی کوردستان دانی بەوە دانا کە گەندەڵی لە کوردستان و عێراق هەیە.

مەحموود عوسمان کاندیدی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان لە پارێزگای سلێمانی لەوبارەیەوە گوتی" هەندێ سیستەم ڕێگە لە گەندەڵی دەگرێت، سیستەمی ئێمە یارمەتیدەری گەندەڵییە".

د.مەحموود عوسمان دەڵێ کە کوردستان و عێراق پێویستییان بە چاودێری دارایی و شەفافیەتە و لەبارەی ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش، مەحموود عوسمان گوتی" مافی خۆمانە لێکۆڵینەوە لەگەڵ وەزیری نەوت بکەین".

مەحموود عوسمان دەڵێ " ئێمە پێویستیمان بە چاودێری دارایی و لێکۆڵینەوەو بەرپرسیارێتی و شەفافیەتە. ئێمە شەفافیەتمان نییە بۆیە گەندەڵی هەیە".

سەرەڕای ئەمە مەحموود عوسمان دەڵێ کە هەندێ کەس باس لەهەبوونی گەندەڵی دەکەن، بەبێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکیان هەبێت، گوتیشی کە پێویستە زانیارییەکان یەکەمجار بەدواداچوونیان بۆ بکرێت، پاشان باسبکرێن و بڵاوبکرێنەوە.

لەوبارەیەوە کاندیدکراوی لیستی هاوپەیمانی گوتی" پێموایە گەندەڵیمان هەیە، بەڵام ناتوانی بڵێی هەمووی گەندەڵییە، ئەگەر هەر زانیارییەک هەبوو پێویستە هەوڵبدرێ بەدواداچوونی بۆ بکرێت و گەندەڵی کۆنترۆڵ بکرێت".



هەروەها ڕەخنەی لە لیستی گۆڕان گرت و گوتی" ئەوان هیچ زانیارییەک نادەن، دەبێ ئەوان زانیاریی لەبارەی گەندەڵی بدەنە حکوومەت. ئەمە زۆر هەڵەیە لە عێراق و هەرێمی کوردستان. ئەگەر کەسێک گەندەڵ بوو، دەبێ زانیارییەکان بەنهێنی بدەیە دەوڵەت، چونکە بەبێ لێکۆڵینەوە، تەنیا زیان بە خەڵک دەگەیێنی"، هەروەها دکتۆر مەحموود ئەوەشی ڕاگەیاند کە نابێتە گۆڕان و لەوبارەیەوە گوتی" من پێش ئەوان باسی مەسەلەی گەندەڵی و شەفافیەتم دەکرد".

بەپێی قسەی مەحموود عوسمان، ئەگەر بەڵگەی گەندەڵبوونی هەر کەسێک هەبێت، پێویستە ئەو کەسە بەرپرسیار بێت، هەتا وەزیری سامانە سروشتییەکان و لەوبارەیەوە گوتی" دەبێ کارەکانمان شەفافانە بن، وەزیرەکەمان کارێکی کردووە شەفاف نییە. لەبەرئەوە مافی خۆمانە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکەین".

هەروەها ڕایگەیاند کە گەورەترین کێشە لە کوردستان شەفافیەتە. ناوبراو دەڵێ پێویستە حکوومەتی هەرێمی کوردستان شەفاف بێت و دەربارەی هەموو شتێک کراوەبێت بۆ خەڵک، بەتایبەتی لە مەسەلەی بوودجە و سیاسەتەکانی حکوومەت.

### بەپێی پێشبینی کاندیدەکانی دەڤەری سۆران

# پارتی 75 % ی دەنگەکانی سۆران، گۆڕان زیاتر لە 14 هەزار دەنگ و یەکێتی نازانێ چەند دەنگ دێنێ



### دوو کاندیدی پارتی بە دەنگەکانی سۆران دەردەچن

ئازاد سرێشمەیی، پاڵێوراوی پارتی لە سۆران



### نازانم ئەنجامەکانمان چۆن دەبن، بەڵام سیاسەتی دەرگە بە دەرگە پەیڕەو دەکەین

د.فریاد ڕواندزی، پاڵێوراوی یەکێتی لەسۆران



### ئەمجارە زیاتر لە 14 هەزار دەنگ دێنین لە سۆران

عەبدولڕەحمان تەها، پاڵێوراوی گۆڕان لە سۆران

**مەهدی محەممەد ڕواندزی**
**ڕووداو-سۆران**

پاڵێوراوێکی پارتی لە دەڤەری سۆران پێشبینی دەکات پارتی زیاتر لە 75%ی دەنگی خەڵکی دەڤەری سۆران بێنێ و پاڵێوراوی گۆڕانیش لە سۆران دەڵێت زیاتر لە 14 هەزار دەنگ دەهێنین، هەرچی کاندیدی یەکێتییە لە دەڤەرەکە دەڵێت ناتوانین پێشبینی بۆ دەنگەکانی یەکێتی بکەین.

بەپێی ئاماری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، 155 هەزار کەس مافی دەنگدانی هەیە لەسنووری قەزای سۆران،کە 70 هەزار لەو دەنگدەرانە لەسەنتەری قەزای سۆران و ناحیەی دیانان.

ئازاد ئەبوبەکر زەینەل حەمەدەمین (ئازاد سرێشمەیی) کە یەکێکە لە دوو کاندیدەکەی پارتی لەو دەڤەرە پێشبینی دەرچوونی خۆی و کاندیدەکەی دیکەی پارتی سەبری دەرویش دەکات. ئازاد سرێشمەیی دەڵێ پارتی 70- 75%ی دەنگی خەڵکی ناوچەکە دێنێ،

ناوبراو گوتی "لە هەڵبژاردنەکانی پێشووی سۆراندا سەلمێندراوە کە پارتی زۆرترین دەنگ و جەماوەری لەو ناوچەیە هەیە، بۆ ئەو هەڵبژاردنەش پێشبینی دەرچوونی دوو کاندیدی پارتی دەکەم لەو دەڤەرە، لەو باوەڕەشدام 70- 75%ی دەنگەکانی دەڤەری سۆران بۆ پارتی بن".

بانگەشەی هەڵبژاردن لە دەڤەری سۆران زۆر بەبێدەنگی بەڕێوەدەچێ، ئازاد سرێشمەیی دەڵێ "شەو و ڕۆژ دانانیشین و خەریکی کارکردنین، بەڵام پۆستەری کەممان چاپ کردووەو من بەخۆم قەناعەتم بەوە نییە خەڵک لەبەر خاتری وێنەو پۆستەرەکان دەنگمان بداتێ، هەرچەند لەبەرنامەماندایە چەند ڕۆژێک بەر لەهەڵبژاردن و بەشێوەیەکی فراوان وێنە و پۆستەر هەڵبواسین".

بزووتنەوەی گۆڕان لە هەڵبژاردنی 25ی تەمموز لە دەڤەری سۆران نزیکەی 14 هەزار دەنگی هێنا، بەڵام سرێشمەیی لەو باوەڕەدا نییە ئەمجارە گۆڕان ئەو دەنگەی پێشوو بێنێتەوە "پێموانییە گۆڕان بەو دەنگەی لە دەڤەری سۆران هەیانە هیچ نوێنەرێکیان دەربچێ لە سۆران، لایەنەکانی دیکەش بەهەمانشێوە".

فریاد ڕواندزی، کە پاڵێوراوی یەکێتییە لە سنووری پارێزگای هەولێر و، پشت ئەستوورە بە دەنگدەرانی دەڤەری سۆران و ڕواندزو باڵەکایەتی، ئێستاش لەوێ بە چڕی هەڵمەتی هەڵبژاردن دەکات، گوتی "چەند تیمێکم دروستکردووە بۆ بانگەشەکردن و سیاسەتی دەرگە بە دەرگەو ماڵ بە ماڵ پەیڕەو دەکەین، قسەمان لەگەڵ خەڵکی ئەو شوێنانە کردووە کە دەستمان گەیشتووەتێ".

سەبارەت بە پێشبینی دەنگەکانی یەکێتی لەو دەڤەرە، ڕواندزی نەیتوانی هیچ پێشبینییەک بکات و هۆکارەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە هەڵبژاردنەکە بە لیستی کراوەیە و کێبڕکێ لەنێوان خودی پاڵێوراوانی یەک لیست و حیزبیشدا هەیە، بۆیە گوتی"نازانم یەکێتی چەند دەنگ دێنێ، چونکە نازانم دەنگدان چۆن بەڕێوەدەچێ، بەتایبەتیش کە یەکەمجارە ئیختیار دەدرێتە دەنگدەر لە هەرێمی کوردستان".

بزووتنەوەی گۆڕان وەک چۆن گرەو لەسەر دەنگەکانی ناچەکانی یەکێتی دەکات، دەیەوێ چنگی خۆی لە دەنگدەرانی ناوچەکانی پارتیش گیر بکات، بە تایبەتیش دەنگە نارازییەکان. هەرچەندە پاڵێوراوانی یەکێتی و پارتی لە دەڤەری سۆران جەخت لەوە دەکەنەوە کە گۆڕان دەنگی هەڵبژاردنی ڕابردوو ناهێنێتەوە، بەڵام پاڵێوراوی بزووتنەوەی گۆڕان لە سۆران دەڵێت "دەنگی زیاتر دێنین".

عەبدولڕەحمان تەها، لەدایکبووی دەڤەری باڵەکایەتییەو دانیشتووی قەزای سۆرانە، پێشتر لێپرسراوی کۆمیتەی ڕێکخستنی دیانا بووەو، ئێستاش کاندیدی لیستی گۆڕانە لەپارێزگای هەولێر، دەڵێ "لە هەڵبژاردنی ڕابردوو لەسەر ئاستی کوردستان 14 هەزار دەنگمان هێنا، بەڵام ئەمجارە باشتر دەبین، ئەمجارە خەڵک بە ئاشکراو نهێنی دەنگمان پێدەدات". گوتیشی "ئەگەر هەڵبژاردنی پێشوو لەسنووری ژێر دەسەڵاتی یەکێتی دەنگی بەرچاومان هێنابێ، پێشبینی دەکەین لە سنووری دەسەڵاتی پارتیش دەنگێکی باش بێنین".

بەڵام فریاد ڕواندزی بەدووری زانی گۆڕان لە دەڤەری سۆران دەنگەکانی ڕابردوو بێنێتەوە "بەو پێیەی لە زۆر شوێنی ناوچەکە گەڕاوم، لەو باوەڕەدام گۆڕان هێزی جارانی نەماوە لە سۆران، جگە لەوەش ئەگەر پێشتر دۆستانی یەکێتی لەبەر چەند هۆکارێک دەنگیان نەدابێتە لیستی هاوپەیمانی، ئەمجارە ئەو هۆکارانەش نەماون".

د.فوئاد مەعسوم، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی:

# لیستی هاوپەیمانیی کوردستان 50 کورسی دێنێ و کوردیش بەگشتیی 60 کورسی

**د.فوئاد مەعسوم، لەخولی رابردووی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دا سەرۆکی فراکسیۆنی هاوپەیمانیی کوردستان بوو، کە دووەمین فراکسیۆنی پەرلەمان بوو لەڕووی زۆری ژمارەی ئەندامەکانییەوە. پێیوایە ئەمجارەش هاوپەیمانیی کوردستان فراکسیۆنێکی گەورە دەبێ، چونکە لیستە شیعە و سوننەکانیش پەرتبوون.**

**لەو هەڤپەیڤینەدا کە هاوکاری هۆڵەندیمان (ولادیمێر ڤان ویلخنبێرخ)یش تێیدا بەشداربوو، د.فوئاد مەعسوم دەڵێ بۆ خولی داهاتووی پەرلەمان پێشبینی ئەوە دەکەن هاوپەیمانیی کوردستان 50 کورسی و کورد بەگشتیی 60 کورسی بێنێت. هەروەها دەڵێ بەدڵنیاییشەوە مام جەلال دەبێتەوە سەرۆک کۆماری عێراق:**

**رووداو-هەولێر**



د.فوئاد مەعسوم

**رووداو: بەگشتی چەند لە هەڵمەتی ڕاگەیاندنی یەکێتی لەهەولێر بۆ کاندیدەکانی رازین؟**

**د.فوئاد مەعسوم:** کادیرەکان هەوڵدەدەن و زیاتر کەوتوونەتە ناو جەماوەر، خەڵک گوێیان دەداتێ، بەڵام ئەنجامەکە رۆژی هەڵبژاردن دەردەکەوێت. ئێستا ناتوانم بڵێم ئەنجامەکە وادەبێت، بەڵام بەپێی هەڵسەنگاندنی من ئەنجامەکەمان لە جاری پێشوو باشتر دەبێ و دەنگەکانمان زۆر زیاتر دەبن، چونکە ئەوجارە کادیرەکان ئیش دەکەن و بەسەر ماڵاندا دەگەڕێن.

**رووداو: هەڵمەتی هەڵبژاردن لەهەولێر بەگشتی چۆن دەبینی؟**

**د.فوئاد مەعسوم:** تائێستا پێم هەڵمەتێکی باشە، ئارامە و کێشەی تێدا نییە. زۆر شارستانیانە بەڕێوەدەچێت.

**رووداو: زۆر کەس پێیوایە کە ئەو هەڵمەتەی لە هەولێر هەیە هەڵمەتێکی مردووە خەڵک ئاگای لە هەڵبژاردن نییە، هەندێ کەسیش پێیانوایە زۆر ئاساییە و رەنگدانەوەی ئارامی خەڵکی هەولێرە. رای تۆ چییە و ئایا پێشبینی دەکەی بەشداری خەڵکی هەولێر لەڕۆژی دەنگدان وەک سلێمانی بێت؟**

**د.فوئاد مەعسوم:** بەڕاستی خەڵک دەڵێ دەچین بۆ دەنگدان، بەڵام کەشوهەواش کاریگەری دەبێ لەسەر بەشداریی دەنگدەران، بۆ نموونە ئەگەر رۆژی دەنگدان وەک هەفتەی رابردوو خۆڵبارین بێ، بەڕاستی ئەوانەی پیرن یان منداڵیان هەیە تۆزێک زەحمەتە بۆیان بچن دەنگبدەن، یاخود ئەگەر بارانێکی توند ببارێ. بەڵام ئەوەی لە هەولێر بەدیدەکەم ئەوەیە، خەڵکی هەولێر دڵگەرمە بۆ بەشداریکردن لە دەنگدان. جیاوازیەکی ئەوتۆ نابینم لەنێوان هەولێر و شارەکانی دیکە لەوبارەوە. بەڵام هەر شارەو تایبەتمەندی خۆی هەیە، بۆ نموونە سلێمانی تۆزێک هاتوهاواری تێدایە و هاتوچۆی تێدا هەیە، هەولێر ئارامترە، هەروەها رێککەوتنی نێوان دوو حیزبەکەش ئەوەیە کە شتێکی وا نەکرێت ببێتە مایەی ئاژاوەیەک، بۆ نموونە لێرە تائێستا رێککەوتنێک هەیە ئەو کاروانی ئۆتۆمبێل و هۆڕن لێدان و ئەوشتانە نەکرێت لە هەولێر، ئەمەش شتێکی باشە.

**رووداو: بەڵام گۆڕان کەژاوەو کاروانی ئۆتۆمبێلی لە هەولێر هەبوو؟**

**د.فوئاد مەعسوم:** بەخۆی زەرەر دەکات، چونکە خەڵکی هەولێر حەماسی بەکاروان و هۆڕن لێدانی ئۆتۆمبێل دروستنابێت، بەڵکو رەنگە کاردانەوەی لەلا دروست ببێت. ئەوەی هاتوهوش لە هەولێر بکات زەرەر دەکات.

**رووداو: وەکو پاڵێوراوێک هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنی وەک هەولێرت پێ خۆشترە یان سلێمانی؟**

**د.فوئاد مەعسوم:** من ئەوەی هەولێرم پێ خۆشترە.

**رووداو: بۆ ئەوەی توندوتیژی تێنەکەوێت ؟**

**د.فوئاد مەعسوم:** بۆ ئەوەی هەڵبژاردن ببێتە حاڵەتێکی ئاسایی، خەڵک لە ئیش نەکەوێت و نەبێتە مایەی توندوتیژی. لە وڵاتانی دیموکراسیدا هەڵبژاردن شتێکی زۆر ئاساییە و هیچ ئەو هەڵڵایەی تێدا نییە . من ئەو حاڵەتەی هەولێرم زۆر پێ باشە.

**رووداو: کۆسرەت رەسول سەرپەرشتی هەڵمەتی بانگەشەی یەکێتی دەکات لە هەولێر، لە کاری ئەو رازین یان نا، لەوەی تا ئێستا کردوویەتی؟**

**د.فوئاد مەعسوم:** کاک کۆسرەت بە پلە یەک و کاک عەدنان موفتیشی لەگەڵە، ئیشی باش دەکەن لەنێو خەڵک قسە دەکەن.

**رووداو: وا بڵاوبووەوە لە راگەیاندن کە کۆسرەت رەسول تەنیا کار بۆ ئەو سێ چوار کاندیدە دەکات کە لە خۆیەوە نزیکن، بۆ نموونە تۆ و سەعدی پیرە کە لەسەر مام جەلال حسابن ئەو کارەتان بۆ ناکات، هەستت بەو جیاوازیە کردووە؟**

**د.فوئاد مەعسوم:** کاک کۆسرەت لە کۆیە قسەی کرد بە نسبەت خۆم قسەی باشی کرد، رۆژانە لە پەیوەندیداین لەگەڵ یەکتر، لێرە لەو شوێنانەی قسەی کردووە قسەی باشی کردووە. بۆیە من هەست بەوە ناکەم، بەڵام مومکینە هەندێ کەس هەیە بەناوی کاک کۆسرەت قسە بکەن، بە شێوەیەک لە شێوەکان، بەڵام ئەوە پەیوەندی بە کاک کۆسرەتەوە نییە.

**رووداو: جاری رابردوو لە کۆیە گۆڕان بردیەوە ئەمجارە لەوە دڵنیای کە تۆ دەنگی یەکەم دەمێنی و یەکێتی لە کۆیە دەیباتەوە؟**

**د.فوئاد مەعسوم:** شەرت نییە من دەنگی یەکەم بێنم، بەڵام گۆڕان ئەوجارە باوەڕ ناکەم وەک جاری پێشوو بێت.

**رووداو: پێتوایە کەسێک لەکۆیە زیاتر لە تۆ دەنگ بێنێ؟**

**د.فوئاد مەعسوم:** نازانم، بەڵام لەوانەیە لەبەرئەوەی من لە کۆیەم و پەیوەندی راستەوخۆم لەگەڵ خەڵکی کۆیە هەیە، دەنگم بدەنێ. ناتوانم بڵێم یەکەم دەبم، بەڵام ئیشی بۆ دەکەم.

**رووداو: لە پارێزگای هەولێر دەنگەکانی تۆ لەکام شوێنن؟**

**د.فوئاد مەعسوم:** ناو شاری هەولێرو کۆیە. هەندێک شوێن هەن بۆی نەچووم، چونکە دەزانم هەندێک برادەر هەن مەرکەزیان ئەوێیە، پێم خۆش نییە بچم رکابەرییان بکەم .

**رووداو: لە هەولێر پێشبینی چەند کورسی دەکەن وەک یەکێتی؟**

**د.فوئاد مەعسوم:** ئێمە لە هەولێر پێشبینی بەدەستهێنانی 5-6 کورسی دەکەین، پێنج کورسی بەدڵنیایی.

**رووداو: گۆڕانیش دەڵێ ئێمە لە 4 کورسی کەمتر ناهێنین لە هەولێر؟**

**د.فوئاد مەعسوم:** من پێشبینی ئەوە ناکەم. ئەگەر ژن و پیاوێکیان بۆ دەربچێ زۆرە.

**رووداو: پێتوایە پارتی یەکەم بێ لە هەولێر؟**

**د.فوئاد مەعسوم:** لەوانەیە، ناتوانم بڵێم سەت لەسەت، چونکە ئەگەر وامگوت دەبێ بەڵگەم هەبێ.

**رووداو: سەرۆکی لیستی گۆڕان لە هەولێر دەڵێت من زۆر حەزدەکەم موونازەرە بکەم لەگەڵ کاندیدەکانی پارتی و یەکێتی، ئێوە ئامادەن بۆ موونازەرە کردن؟**

**د.فوئاد مەعسوم:** خۆی موونازەرە دەبێ بنەمایەکی هەبێ، بەڵام بەداخەوە موونازەرە لەلای ئێمە دەبێتە موخاتەرە، چونکە تائێستا مەلەسەی دیموکراتی بەشێوەیەکی تەواو نەچەسپیوە، من بەش بەحاڵی خۆم ئەگەر موونازەرە بوو بە موخاتەرە لێی دەکشێمەوە.

## یەکێتی بەدڵنیاییەوە 5 کورسی دێنێ لەهەولێر و لەوانەیە پارتی یەکەم ببێت

**رووداو: واتە ئامادەی؟**

**د.فوئاد مەعسوم:** ئامادەم، بەڵام دەبێ بزانم لەگەڵ کێ دادەنیشم.

**رووداو:ئەگەر محەممەد کیانی سەرۆکی لیستی گۆڕان لە هەولێر داوات لێبکات؟**

**د.فوئاد مەعسوم:** ئەو شێوەیەی کە گۆڕان ئێستا بەکاریدەهێنێ دەیکاتە توندوتیژی نامەوێ لەگەڵ شتی وا بم. دەنا محەممەد کیانی دەناسم جاران کوڕی باش بوو.

**رووداو: ئەمجارە چوار لیستی سەرەکی کوردی هەن، پێتوایە وەک جاری رابردوو کورد ببێتەوە یەک هەڵوێست لە بەغدا؟**

**د.فوئاد مەعسوم:** ئەوەی هەڵوێستی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد نەبێ خۆی زەرەر دەکات. من ناڵێم یەک هەڵوێستی، من دەڵێم بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان، بۆ نموونە ئەگەر بەیانی یاسایەک دەربکەن، ئەو یاسایە لە دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان کەمبکاتەوە، ئەوە لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان نییە. دەبێ ئێمە بە هەموو لایەک پشتگیری دەسکەوتەکانی هەرێمی کوردستان بکەین، سبەینێ مەسەلەی پەیوەندی بە بودجەوە هەیە بۆ کوردستان، دەبێ

## هەڵوێستی کاک کۆسرەت زۆرباشە بەڵام لەوانەیە هەندێ کەس قسە بەناوی ئەوەوە بکەن

## هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنی هەولێرم لەوەی سلێمانی پێ باشترە

بە هەموو لایەک بەرگری لێبکەین، ئەگەر کەسێک لە دژی وەستا، ئەوە دژی بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستانە، سبەی هەموارکردنی دەستوور دێتە پێشەوە، ئێمە دژی ئەوەین ئەو ماددانەی مافی تەواوی هەرێمی کوردستان دەدا هەمواربکرێن، لەو بوارانەدا، ئەگینا بۆ شتی دیکە گرنگ نییە. بۆ زانیاریش 90%ی ئەو یاسایانەی لە پەرلەمانی عێراق دەردەچن ئەسڵەن پەیوەندییان بە کوردستانەوە نییە. بەڵام ئێمە کە دەچینە نێو ئەو گفتوگۆیانە لەبەر چەند ئیعتبارێکە، یەکەم هەرچی پەیوەندی بە دیموکراتییەوە هەبێ ئێمە پشتگیری دەکەین، چونکە ئەگەر سبەینێ پشتگوێمان خستن ئەوانیش سبەینێ پشتگوێمان دەخەن، دەبێ بەردەوام لە پرۆسە دیموکراسییەکەدا بین. بۆ نموونە ئێمە رۆڵێکی بەرزمان هەبوو لەوەی کە وەزارەتی شارەوانی لە عێراقدا نەمێنێ و دەسەڵاتەکە بگەڕێتەوە بۆ پارێزگاکان، چونکە بنەمای فیدرالی دەچەسپێنێ، بۆ نموونە کاری وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لە وەزارەت سەندرایەوە درایەوە پارێزگاکان، پشتگیریمان لەوە کرد، ئەگەر لەگەڵی نەبووایەن سەری نەدەگرت.

**رووداو: هەندێ لە پاڵێوراوانی گۆڕان دەڵێن چۆن لە بەغدا برا بین، لە کوردستانیش بەو شێوە ناخۆشە مامەڵەمان لەگەڵ بکەن، پێتوانییە ئەو سیاسەتەی لە کوردستان هەیە هەڵە بووبێ بەرامبەر گۆڕان؟**

**د.فوئاد مەعسوم:** جا بۆ سیاسەتی گۆڕان هەڵە نەبێ بەرامبەر ئێمە، ئەوان هەڵمەتەکەیان دەستپێکرد، بۆ نموونە هێرشکردنە سەر من، چۆن دەبێ وەڵام نەدەمەوە، ئێوە چۆن دەیبینن. با بەشێوەیەکی لەسەرەخۆ و بە گفتوگۆ دەستیان پێ بکردبا، بەڵام کە تۆ دەستت بە هێرش کرد و هەندێک دەزگات بەکارهێنا بۆ توندوتیژییەکی زۆر لەڕووی راگەیاندنەوە تۆش ناچار دەبی وەڵام بدەیەوە. نابێ کاردانەوەی ئێمە بکرێ بە کار.

**رووداو: سەبارەت نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی عێراق دوو بۆچوون هەیە، بۆچوونێک دەڵێ فراکسیۆنی هاوپەیمانیی کوردستان، فراکسیۆنێکی زۆر گەورە نەبوو، بەڵام لێنەگەڕا هیچ یاسایەک دژی کورد تێپەڕێ، بۆچوونەکەی دیکەش دەڵێ بەڕاستی نوێنەرایەتی میللەتیان نەکردو نەیانتوانی زۆر شتی گرنگ بۆ کورد یەکلایی بکەنەوە. بۆ نموونە مادەی 140 جێبەجێنەکراو سەرژمێری نەکرا؟**

**د.فوئاد مەعسوم:** کە حکومەتی عێراق سەرژمێری لەساڵی 2009 نەکرد و رایگرت، من بە ناوی خۆم وەک سەرۆکی فراکسیۆنی هاوپەیمانیی کوردستان شکاتم لە سەرۆک وەزیران نوری مالیکی کردو سکاڵاکەم بردەوەو بە سزایەکی رەمزی کە 10هەزار دیناربوو سزا درا و دادگا گوتی بڕیاری سەرۆک وەزیران بە دواخستنی ئەنجامدانی سەرژمێری هەڵەیە، بەڵام تازە خۆ زەمەن ناگەڕێتەوە. ئەگەر ئەو سەرژمێرییە بکرابا حکومەت تووشی ئەو کێشانە نەدەبوو کە لە یاسای هەڵبژاردن هاتنە پێشەوە. سەبارەت بەو تەشویشەی لەسەر کورسییەکانی پەرلەمانیش دروستیان کرد،تەشویشێکی بەخۆڕایی بوو هەندێک کەس دروستیان کرد. ئێمە لەخولی پێشوودا کە 53 ئەندامبووین لەگەڵ پێنج ئەندامبووین لە بەغدا لە لیستی هاوپەیمانیی کوردستان، 9 کورسیمان تەعوزیبوون، ئەگەر ئەو نۆیە بێتە دەرێ دەمێنیتەوە 44 کورسی بە کەرکووک و موسڵ و دیالەشەوە. ئێمە بە فۆرمی خۆراک و سجلەکانی نفوسیش کەمتربووین لەوەی ئێستا بۆمان دانراوە، ئێمە گوتمان خەڵک لەلای ئێمە ناچێ زانیاری خۆی پێشکەش بکات و فۆرمی خۆراک وەربگرێ، خەڵک باری دارایی باشە. بەپێی فۆرمی خۆراک بووایە ئێمە هەقی خۆمان 38 کورسی بوو، بە جرە جرِ گەیشتە 43، چونکە لە 43 بەولاوە مومکین نەبوو بۆ هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان، هاتە سەر ئەوەی ئەمریکا تەدەخول بکات، ئەگەر رازی نەبووایەن کێشەیەکی گەورە دروستدەبوو، جا بۆیە ئەو 43 یەی وەرمانگرت، وا نییە کە بڵێین هەقی ئێمە 50 بوو.لەکوێ حەقت 50 بوو.

**رووداو: واتە تۆ لە کاری فراکسیۆنی هاوپەیمانی رازیت؟**

**د.فوئاد مەعسوم:** زۆر زۆر رازیم. بۆ نموونە ئەوەی 22ی تەمووز کە تەکەتولیان کرد لە دژمان بۆ ئێمە موفاجەئە بوو، ئەویش خۆمان خەتامان هەبوو، پێش ئەوەی بگاتە ئەو رۆژە، حیزبی ئیسلامی گوتی یەک وشە بۆ پرۆژە یاساکە زیاد بکەن، بنووسن "وفق الیه جدیده"، هەندێک لە برادەرانی خۆمان پێیانچەقاند گوتیان ئەوە بۆ ئێمە خراپە، نابێ ئەوەی تێدابێ، من خۆم هاوارم کرد کە تێیدابێ و لە کۆڵمان بێتەوە سوودی نەبوو، دەبوایە یەکێتی خۆمان بپارێزین لە نێوخۆماندا، بۆیە گوتمان رازی نین . لێرەدا ئەو ڤیتۆیەی مام جەلال بە هانامانەوە هات، دواتر یاسایەکە بەشێوەیەکی دیکە دارێژرا. دەبێ خۆشمان بزانین هەندێک شت هەیە بە توندوتیژی ناکرێ، ئەوەبوو یاساکەمان چارەسەرکرد، تەنیا لەوەدا تووشی کێشە بووین. لەوانیدیکە هیچ کێشەمان نەبوو، هەموارکردنی دەستوور تائێستا ئێمە رامانگرتووە.

**رووداو: پێشبینی دەکەی لە خولی داهاتووی پەرلەمانی عێراق دا کورد چ پلەیەکی هەبێت لە ریزبەندی لیستەکاندا؟**

**د.فوئاد مەعسوم:** نازانم لیستی خۆمان چەندەم دەبێ، چونکە هەموو لیستەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووەو پەرت بوون، بۆیە ئەو جارەلیستەکان لە یەکتر نزیک دەبن. جاری رابردوو لیستی ئیئتیلاف کە یەکەم بوو 130 کورسی هەبوو، ئێمە کە دووەم بووین 53 کورسیمان هەبوو وەک هاوپەیمانی. بۆ ئەوجارە پێشبینی دەکەم لیستی هاوپەیمانیی کوردستان دەوروبەری 50 کورسی بێنین، دوو کورسی زیاتر یان کەمتر، چونکە پێشبینی دەکەم کورد بەگشتی ئەمجارە 60-61 کورسی بێنێ بە هەموو لیستەکانەوە.

**رووداو:پێشبینی دەکەن ئەمجارە لە بەغدا کورسی بێنن؟**

**د.فوئاد مەعسوم:** ئومێدم وایە. پێکهاتەی دانیشتووانی بەغدا زۆر گۆڕاوە، خەڵکێکی زۆر گەڕاوەتەوە هەرێمی کوردستان، دواتر هەندێک لەوانەی لەوێن، دابەشبوونە بەسەر لیستەکانی دیکەدا. ئێمە ئێستا 120 پاڵێوراومان هەیە لە بەغدا، لەو 120 کەسە یەکێکی هەر دەردەچێ. من خۆم جاری پێشوو لەسەر لیستی بەغدا بووم.

**رووداو: لیستی هاوپەیمانیی لە بەغدا دەڵێ 3 کورسی دێنین و گۆڕانیش دەڵێت 4 کورسی دێنین لە بەغدا، ئەوە زۆر نییە ؟**

**د.فوئاد مەعسوم:** ئەوە موبالەغەیە! پێمانخۆشە. ئەگەر بتوانین لە بەغدا ژنێک و پیاوێک بگەیێنینە پەرلەمان ئەوە گەورەترین سەرکەوتنە.

**رووداو: دەکرا کارێکی دیکە بۆ کەرکووک و مادەی 140 بکەن لە پەرلەمان، یان وەک پەرلەمانتار خالید شوانی دەڵێ هێنانی ئەو کێشەیە بۆ نێو پەرلەمان هەڵەبوو؟**

**د.فوئاد مەعسوم:** لەبنەڕەتدا کێشەی کەرکووک بەهیچ شێوەیەک پەیوەندی بە پەرلەمانەوە نییە، کێشەی کەرکووک بە حکومەتیش چارەسەر نابێ، حکومەت هەر ئەوەندەی لەبەردەستە ئەو بڕە پارەیەی ساڵانە بۆ مادەی 140 دابنێ، کێشەکە لەبەر دەستی ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی کۆمارە، بەوان چارەسەرنەبوو بۆ؟ چونکە هەر تەنیا کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان نییە، ناوچەی دیکەی عێراقیش هەن. ناوچەیەکی زۆر فراوان لە نێوان ئەنبارو کەربەلا هەیە، ئێستا لەسەر ئەنبارە، سنووری عێراق لەو ناوچەیە لەگەڵ سعودیەیە، ئەگەر هەمووی بۆ ئەنبار بەجێبێڵی و نەدرێتە کەربەلا د. عادل عەبدولمەهدی ڤیتۆی لەدژ بەکاردێنێ، دەیدەیەوە کەربەلا تارق هاشمی ڤیتۆ بەکاردێنێ، بڕیارەکانیش دەبێ بە ئیجماع بێ. بەڵام ئەوجارە ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی کۆمار نامێنێ، تەنیا سەرۆک کۆمار دەمێنێ، واتە ڤیتۆ نەما. ئینجا ئایا لە دەسەڵاتی سەرۆک کۆمار دەبێ ئەو ئەو تەوسیاتانە پێشکەش بکات، ئەگەر گوتیان نەخێر لە دەسەڵاتی ئەودا نییە، دەگەڕێینەوە بۆ تەوافوقی سیاسی، من بەش بە حاڵی خۆم کە باسی تەوافوق دەکرێ، بۆ ئەوەی لایەنی عەرەبیش کێشەکەیان چارەسەر بکەن، نە ئەو ناوچەیە هەمووی دەدەمەوە کەربەلا نە هەمووی دەدەمە ئەنبار، دابەشیدەکەم لە نێوانیان، چونکە رووبەرەکەی یەکجار زۆرە، یەک دوو ناحیەی بەسیتی تێدایە. دواتریش دەبێ جیاوازی بکرێ لەنێوان ئەو ناوچانەی گۆڕانکاری دیموگرافی تێدا کراوە، لەگەڵ ئەو ناوچانەی گۆڕانکاری تێدا نەکراوە، ئێستا ئەوەی کەربەلاو ئەنبار هیچ گۆڕانێکی دیموگرافی تێدا نەکراوە، تەنیا گۆڕانکاری ئیدارییە.

**رووداو: هیچ گرەنتییەک هەیە مام جەلال ببێتەوە سەرۆک کۆماری داهاتوو؟**

**د.فوئاد مەعسوم:** بە دڵنیاییەوە هەموو لایەنەکان تەکلیف دەکەن، لیستە سەرەکییەکان، ئیئتیلافی دەوڵەتی قانوون، ئیئتیلافی نیشتمانی، لیستی عێراقیەی ئەیاد عەللاوی، حیزبی ئیسلامیش. ئەوەی رازی نەبێ هەندێک توندڕەوی عەرەبن باس لەوە دەکەن لەپێناو عروبەتی عێراق دەبێ سەرۆک کۆمار عەرەب بێ، وەزیری دەرەوە عەرەب بێ.

**رووداو: بەگشتی پێشبینی دەکەی یەکێتی چەند کورسی بێنێ لە پەرلەمانی عێراق؟**

**د.فوئاد مەعسوم:** ناتوانم بڵێم ئەوەندە، چونکە زیادەکان دابەش دەکرێنەوە.

**رووداو: زۆر سیاسەتمەدار و چاودێری سیاسی پێیانوایە ئەنجامەکانی ئەو هەڵبژاردنە لەوانەیە ببێتە هۆی چاوخشاندنەوەی پارتی بە رێککەوتنی ستراتیژیدا ئەگەر یەکێتی ئەنجامێکی باش نەهێنێ؟**

**د.فوئاد مەعسوم:** هیچ کێشەمان نییە بە نیسبەت رێککەوتنی ستراتیژی.

**رووداو: قەبارەتان بچووک نەبووەتەوە، داواکانی پارتی زیاتر نابن بەهۆی ئەو ئەنجامانەوە ؟**

**د.فوئاد مەعسوم:** لەو ئیشوکارانەی پێکەوە دەیکەین وەک یەکین، بەپێی ئەو رێککەوتنە سەرۆک وەزیران لە ئێمەیە، دوو ستوونەکەی وەزارەت وەکو خۆیان ماونەتەوە. ئینجا بۆچی پێشبینی ئەوە نەکەین بەیەکەوە بتوانین کار بکەین و هەنگاوی زێتر بهاوێژین و ئەو رێککەوتنە ستراتیژییە بەرەو پیشتریش ببەین.

**رووداو: راگەیاندنی رۆژئاوایی زۆر لەبارەی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنی کوردستان بڵاوناکاتەوە، بەڵام نووسەری ئەمریکی مایکل رۆبن، بەردەوام وا نیشاندەدات کە گۆڕان بووەتە قوربانی هەڵمەتی توندوتیژی و پێشمەرگەکانی یەکێتی تەقەیان لە گۆڕان کردووە ؟**

**د.فوئاد مەعسوم:** ئەو تەقەکردنەی باسیدەکەی، لە هەولێر نییە لە سلێمانی بوو و، پتر ئیسفزازەکە لەلایەن گۆڕانەوە دەستپێکردووە. گۆڕان رێپێوان دەکات دار لە ئۆتۆمبێلی خەڵک دەدات کە وێنەی هاوپەیمانی لەسەرە، زۆر ئاساییە لەوحاڵەتەدا پۆلیس تەدەخول بکات، ئەوەش بە تەدەخولی یەکێتی دانانرێ، ئەو هێزانە بەرپرسن لە ئاسایش.

**رووداو: ئێستا کە فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستانە چ گۆڕانێکت لەچاو خولی پێشووی پەرلەمان بینیوە؟**

**د.فوئاد مەعسوم:** تا ئێستا شتێکم نەبینیوە، لە چەند

## دەنگەکانی من زیاتر لەناو شاری هەولێر و کۆیەن

## ئەگەر بتوانین لە بەغدا ژنێک و پیاوێک بگەیێنینە پەرلەمان ئەوە گەورەترین سەرکەوتنە

قسە و توندوتیژییەک زیاتر. پەرلەمان جێگەی ئیشکردنە نەک هەر ئیعلام و دەنگەدەنگ.

**رووداو:نووسەرێکی ئەمریکی بەنێوی دەنیس ناتالی دەربارەی هەڵبژاردنەکان نووسیویەتی کەدوو پارتە دەسەڵاتدارەکە هەڕەشە لەو فەرمانبەرانە دەکەن کە ئەگەر دەنگیان بۆ نەدەن لەکار دەردەکرێن، ئەوە چۆنە؟**

**د.فوئاد مەعسوم:** تائێستا هیچ هەڕەشەیەکی وا لە کەس نەکراوە، بە بەڵگەی ئەوەی زۆر کەس هەن لە ئۆپۆزسیۆن و وەزیفەی گەورەشیان هەیە. ئێستا لە وەزارەتەکان بەرێوەبەری گشتی و شارەزا هەن پاڵێوراوی لیستی دیکەن و لە شوێنی خۆیان ماونەتەوە.

## تاراوگە



### نالێم کوردم

رووداو-هۆڵەندا
مەلتەم ئۆکچو، کە تەمەنی 23 ساڵە، پاڵێوراوی ژمارە دووی پارتی سۆسیالیستی هۆڵەندایە بۆ هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی هۆڵەندا. مەلتەم ئۆکچو کە پێشبینی دەکرێ لەشارەکەی Capelle a/d Ijssel ببێتە ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانی، دەڵێ ئەو دەستیکردووەوە بە گەڕان بەماڵە کوردەکاندا "ئەوێ رۆژێ چوومە ماڵێکی سلێمانی کە قەت نەمبینیبوون"، مەلتەم کە کچە کوردێکی بە ئەسڵ خەڵکی باکووری کوردستانە، دەڵێ ئەو قەت ناڵێ تورکم، " بەڵام لەبەرئەوەی دوژمنمان زۆرن ناڵێم کوردم و ناڵێم تورکم، دەڵێم تورکیاییم".

## بۆ ئەوەی دەنگبدەن

# کوردانی ئەڵمانیا زیاتر لە 300 کیلۆمەتر دەبڕن

**بەرپرسێکی پارتی: خەڵک بەهۆی خزمەتەکانمانەوە دەنگمان بۆ دەدات**

**بەرپرسێکی گۆڕان: رۆژانە بادینی و ئێزدی پەیوەندیمان پێوە دەکەن**

**بەرپرسێکی یەکێتی: ئەمجارە خەڵک دەزانن دەنگ بە کێ بدەن**

مستەفا چوارتایی
رووداو- ئەڵمانیا

تا نزیکی دوو هەفتە پێش هەڵبژاردن، کوردانی تاراوگە بێدەنگ بوون و تەنیا لایەنگرانی گۆڕان کەوتبوونە خۆیان. بەدوایدا رێکخستنەکانی یەکێتی و پارتی بەجیا کەوتنە کۆبوونەوە و خۆ رێکخستن بۆ هاندانی خەڵک بۆ هەڵبژاردن.

گەرمیی پروپاگەندەی هەڵبژاردن لە ناوەوەی کوردستان، کوردانی تاراوگەی هاندا کە لەگەڵ ئەو هەموو گلەیی و گازندەیەی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیانبوو، خۆ سازبدەن بۆ بەشداریکردن لە دەنگدان.

ئەمین جاف، کە ئەندامی ئەنجوومەنی بزووتنەوەی گۆڕانە لە ئەڵمانیا، لەو باوەڕەدایە لیستەکەیان دەنگی زۆرینەی پەنابەرانی کورد دەبات لەو وڵاتە. ئەمین دەڵێت "رۆژانە خەڵکی نوێ پێوەندیمان پێوە دەکەن، بادینی، ئێزدی، خەڵکانی پارتی و یەکێتی، لایەنەکانی دیکە."

بەڵام قادر وەرتی، جێگری لێپرسراوی گشتی لیژنەی باڵای یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە دەرەوە، خەباتی حیزبەکەی خۆی و هاوپەیمانەکەی (پارتی) بەبیر دێنێتەوە و دەڵێ "ئەوەی وایکردووە خەڵک بە ئازادی بدوێ، رەخنە بگرێت، یەکێتی و پارتین". قادر وەرتی پێیوایە ئەمجارە دەنگدەر باشتر دەنگی خۆی دەدات "رەنگە کەسانێک هەبووبن لە هەڵبژاردنی رابردوودا گوتبێتیان دەنگ نادەین، چونکە نازانین دەنگمان بۆ کێ دەچێت. بەڵام ئەمجارە دەزانن دەنگ بەکێ دەدەن، چونکە لیستەکە کراوەیە."

بەرپرسانی پارتیش زۆربە گەشبینییەوە چاویان بڕیوەتە دەنگی کوردانی تاراوگە و پێیانوایە هەر ئەوان براوەی یەکەمن. شڤان هالۆ بەرپرسی ناوچەی بایەری پارتی لە شاری میونشن دەڵێت "ورەمان بەرزە و ئەو خزمەتەی پارتی بۆ ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردستان کردوویەتی دیارە و خەڵک دەنگمان بۆ دەدا و سەردەکەوین."

### گواستنەوە بەرامبەر بە دەنگ

یەکێک لە گرفتەکانی دەنگدەرانی کورد لە تاراوگە، بەتایبەتیش لە ئەڵمانیا، کەمیی بنکەکانی دەنگدانە. لەو وڵاتە تەنیا چوار بنکەی دەنگدان بۆ رەوەندی عێراقیی کراوەتەوە. ئەوانیش لە شارەکانی بەرلین، کوێلن، میونشن، مانهایم. دوای ئەوەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان رایگەیاند کە خەرجی گواستنەوەی دەنگدەران ناگرێتە ئەستۆ، بەرپرسانی پارتی و یەکێتی و گۆڕان هەر لە ئێستاوە کەوتوونەتە خۆ تاوەکو هۆیەکانی گواستنەوە بۆ دەنگدەران دابین بکەن، تاوەکو بەو هۆیەوە دەنگ بۆ لیستەکانیان کۆبکەنەوە.

بورهان ساڵح، ئەندامی ئەنجوومەنی بزووتنەوەی گۆڕان لە مانهایم، سەبارەت بە گەیاندنی خەڵک بۆ بنکەکانی دەنگدان گوتی "بۆ گەیاندنی دەنگدەرانی کورد بۆ بنکەکانی دەنگدان ئەندامانی لیژنەی هەڵبژاردنی گۆڕان بە ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆیان و بە بەکرێگرتنی پاس دەنگدەران دەگەیێننە بنکەکانی دەنگدان". بورهان گوتیشی ئەوان وەکو بزووتنەوەی گۆڕان چاودێرییەکی وردی پرۆسەی هەڵبژاردنی دەرەوە دەکەن "لەهەموو بنکەیەکی دەنگدان ژمارەیەکی باشی چاودێرمان هەیە".

نەجات موهەندیس، بەرپرسی کۆمیتەی رێکخستنی یەکێتی لە شاری کوێڵن لە ئەڵمانیا، دەربارەی کارئاسانی بۆ گەیاندنی خەڵک بۆ بنکەکانی دەنگدان، گوتی "چەند لیژنەیەکمان دروستکردووە، کە یەکێکیان لیژنەی ئامادەکردنی خەڵکە بۆ گواستنەوەیان بۆ بنکەکانی دەنگدان، ئێمە ئاسانکاریمان کردووە بۆ هەموو ئەو کەسانەی دەیانەوێ دەنگبدەن"، سەبارەت بە هاوکاری کۆمسیۆنی هەڵبژاردن بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن، بەرپرسی کۆمیتەی رێکخستنی یەکێتی دەڵێت "کەرتەکانمان خۆبەخشانە کارەکە ئەنجامدەدەن و کۆمسیۆن هاوکاریمان ناکات."

بەهجەت مەسیفی بەرپرسی لیژنەی ناوچەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە لایبزکی ئەڵمانیا دەڵێ ئەوانیش دەچن بۆ بنکەی بەرلین بۆ دەنگدان"بەخۆشحاڵییەوە بەرەو بەرلین دەڕۆین بۆ دەنگدان، هەرچەندە دووری نێوان لایپزک و بەرلین 195 کیلۆمەترە."

فەرهاد سابیر، ئەندامی ئەنجوومەنی گۆڕان، باسی ئامادەکارییەکانی خۆیان لە شاری لۆبیک دەکات بۆ گەیاندنی خەڵک بۆ بنکەی دەنگدانی بەرلین، کە ماوەی نێوانیان 332 کیلۆمەترە. فەرهاد سابیر دەڵێت "لەسەر ئەرکی خۆمان پاسمان گرتووە، بۆ ئەوەی پێمان نەڵێن تەنیا بۆخۆتان کاردەکەن، هەرکەسێک بێت لەگەڵمان دەیگەیێنینە بنکەی دەنگدان، با دەنگیشمان نەداتێ."

کوردانی نیشتەجێی هانۆڤەر و هەرێمی نیدەرزاکسن دەبێ بچنە بنکەکەی بەرلین دەنگبدەن، کە 290 کیلۆمەتر لێیانەوە دوورە. جوتیار خەفاف، ئەندامی ئەنجوومەنی گۆڕان گوتی "ئاسانکاری تەواومان بۆ دەنگدەران لە هانۆڤەر و هەرێمی نیدەرزاکسن کردووە، پاسمان بۆ گرتوون و دۆستانمان لە گۆڕانخوازان پارەی پاسەکانیان دابینکردووە".



ئاهەنگی کۆمیتەی یەکێتی لە ئەڵمانیا بۆ بانگەشەکردن بۆ لیستی هاوپەیمانی و کاندیدەکانی خۆی (فۆتۆ:رووداو)

## دەنگدەران دەڵێن چی؟

ململانێکانی بانگەشەکردن لەنێوان لیستە بەشداربووەکانی هەڵبژاردندا گفتوگۆ و باسی رۆژی لەنێو کوردانی ئەوروپادا داگیرکردووە. هەندێکجار لایەنگرە رکابەرەکان گفتوگۆکانیان گرژیشی تێدەکەوێت. بەتایبەتی لەنێوان لایەنگرانی یەکێتی و گۆڕاندا کە یەکتر قەبوڵکردنیان پێگرانە. کاتێک لەو کوردانەی تاراوگە دەپرسی: بیرتان لەوە کردووەتەوە لیستەکان چ پەیامێکیان پێیە بۆ کوردانی تاراوگە؟ وەڵامی زۆربەیان لە یەکتری نزیکە. ئەویش ئەوەیە کە "تاوەکو خەمە گەورەکانی کوردستان مابێت، وەک کێشەی ناوچە دابڕاوەکان (بە تایبەت کەرکووک)، ئێمە هەر خەمی کوردستانمانە."

### "گۆڕان هەموو عێراق دەگۆڕێت"

بۆ نموونە عەباس محەممەد، کوردێکی نیشتەجێی ئەڵمانیایە و لە چێشتخانەیەکی ئەو وڵاتە کار دەکات. ئەو هێندە سوورە لەسەر بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق کە ئامادەیە ئەو رۆژە نان بداتە ئەو کەسەی لێی دڵنیایە دەنگی داوەتە لیستەکەی ئەو "هەرکەسێک دەنگبداتە گۆڕان، نانخواردنی ئەو رۆژەی لەسەر من". عەباس پێیوایە ئەمجارە لیستی گۆڕان "سەرکەوتنێکی گەورە" بەدەستدێنێ، چونکە "تەماشاکەن، هەر سلێمانی نییە، گۆڕان لە موسڵ و شێخان بنکەی هەیە، لە گەرمیان بنکەی هەیە". ئەو بە دڵنیاییەوە دەڵێت: "گۆڕان هەموو عێراق دەگۆڕێت."

### "دەنگ دەدەمە کاندیدێکی پارتی"

شێخ جەمال، دەنگدەداتە لیستی هاوپەیمانیی کوردستان. ئەو کە دانیشتووی ئەڵمانیایە دەڵێت " دەنگی خۆم دەدەمە لیستی هاوپەیمانی و پاڵێوراوێکی پارتی"، بەلای شێخ جەمالەوە گرنگ نییە ئەوانەی دەچنە بەغدا چ پەیامێکیان پێیە بۆ کوردانی تاراوگە "گرنگ ئەوەیە من دەمەوێت لەوێ کاری باش بکەن و لە بەغدا دڵسۆزانە ئیش بکەن". مەریوان عومەریش کە پێشتر ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بووە، ئێستا پێیوایە لیستی هاوپەیمانیی کوردستان باشترە لە لیستەکانی دیکە و ئەگەر شتێک بکرێت هەر بەوان دەکرێت، مەریوان پێش ئەوەی هیچ بڵێ داخی خوارد لەوەی کە کورد یەک لیست و یەکدەنگ نییە "بەداخەوە کورد دەبوایە بە یەک باوەڕ و یەک لایەن و یەک لیست بچووبایە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق".

### "بە خێزانەوە دەنگ دەدەینە یەکێتی"

سەرەڕای دووریی بنکەکان، بەڵام هەندێک لە دەنگدەرانی خەڵکی باشووری کوردستان گەرمییەکی زۆر نیشاندەدەن بۆ بەشداریکردن لەو پرۆسەیەدا، کە هەندێکیان دەیگەڕێننەوە بۆ ئەوەی ململانێ سەرەکییەکە لەگەڵ بەغدایە و بۆ کورد چارەنووسسازە.

دارکۆ هیوا، دوای ئەوەی ئەمجارە کارتەکەی دەخاتە سندووقی دەنگدانەوە، دەبێتە دووەمجار بەشداریی هەڵبژاردن بکات و، هانی سەرجەم کوردانی تاراوگەش دەدات بچنە دەنگدان"دەبێ هەموو کوردێک دەنگبدات، چونکە ئەم دەنگدانە سەنگی کورد لە بەغدا دیاریدەکات، دەبێ هەموو بچین". دارۆ دەڵێ ئەوان بە بنەماڵەوە یەکێتین "ئێمە وەک خێزان دەنگ دەدەینە لیستی هاوپەیمانیی کوردستان و کاندیدەکانی یەکێتی نیشتمانی، حەزدەکەین یەکێتی سەرکەوێ". بەڵام لەهەمانکاتدا دارۆ گلەیی لەوە هەیە کە پاڵێوراوانی کورد پەیامیان بۆ کوردانی تاراوگە نییە و دەڵێ "ئەوەندەی ئێمە خەمی ئەوانمانە ئەوان ئەوەندە ئێمەیان لەبیرنییە، ئەوان مەگەر لە پرۆسەیەکی وادا ئێمەیان بیربکەوێتەوە."

هەندێک کەس نایانەوێ ئاشکرابن دەنگ دەدەنە کام لیست. بەیان مەحمود کە لەتەنیشت هاوسەرەکەیەوە لە ئاهەنگێکی لیستی هاوپەیمانیدا دانیشتووەو بەبێ ئەوەی بڵێ دەنگ دەداتە کام لیست و پاڵێوراوی کام حیزب دەڵێ "دەنگ دەدەمە لیستێک بەرژەوەندی کوردی بوێت، لیستێک دژی گەندەڵی بێ، خوا نەبێت کەس نازانێت دەنگ دەدەمە کێ".

### لە ئاهەنگی هاوپەیمانیدا هەڵدەپەڕێ و دەنگ دەداتە گۆڕان

لە ئاهەنگێکی لیستی هاوپەیمانیی کوردستاندا کە کۆمیتەی رێکخستنی یەکێتی لە ئەڵمانیا سازیکردبوو، جەمال عەبدوڵڵا کە هاووڵاتییەکی کوردە و سەر بە هیچ حیزبێک نییە بە جلی کوردی و ئاڵای کوردستانەوە هێندە هەڵپەڕیبوو خۆی شین و مۆرکردبووەوە. کە لێمانپرسی دەنگ بە کێ دەدەی گوتی "وەڵڵا کاکە دەنگ دەدەمە گۆڕان"، باشە تۆ ئێستا لە ئاهەنگی بانگەشەی لیستی هاوپەیمانیی کوردستانداشایی دەکەیت؟ "کاکە من ئاڵای کوردستانم بە دەستەوەیە و خۆم بە کورد دەزانم، دژی کەس نیم، ئەوەتا لە ئاهەنگی هاوپەیمانی کوردستاندا شایی دەکەم، بەڵام وەک مافی خۆم دەنگدەدەمە گۆڕان، ئارەزووی خۆمە."



Reklam

کۆمپانیای هوما بۆ دابەشکردن و بلاوکردنەوەی
هەمو گۆڤارێکی ناوخۆ و دەرەوەی هەرێمی کوردستان

Exclusive Agent (Cedars International Traiding) تاکە بریکاری

مژدە
مژدە...

مژدە .... مژدە

بۆ هەموو نووسەران و رۆشنبیران و مامۆستایان و بازرگانان و دکتۆرەکان و رۆناکبیران و هاووڵاتیان, جارێکی تر کۆمپانیای هوما بەشی دابەشکردن و بلاوکردنەوە هەلدەستێ بە هێنانی هەموو گۆڤار و رۆژنامەیك بە زمانی (( عەرەبی, انگلیزی , فارسی , کوردی, تورکی)) بە شێوەی ((بەشداربوون)) و ئامادەین بە زووترین کات بۆتان بنێرین بۆ ئەم شوێنەی کە مەبەستانە (کۆمپانیاکان, کونسلخانەکان, دامودەزگاکان, مالەکان, زانکۆکان, هەموو شارو شارۆچکەکان) بە زووترین کات لە رێکای بەڕێوبەرایەتی پۆستەی هەولێر.

تایم
نیوزویك
ایکونومست
بزنس ویك
مید
ok
رۆتانا
مجله مجله
PC
مجلات ازیاء
خانواده
اس ام اس
محك
هۆنیا
....

بەغداد ئاژانسی(العین) بۆ ڕاگەیاندن: 0770 444 6855, 0770 644 4330
سلێمانی: 0770 644 4007, 0770 644 2022, 0770 644 4008
کەرکوك: 0770 130 2585, 0770 145 5917
دهۆك : 0750 411 2413, 0770 910 3868
هەولێر : 0750 430 1612, 0750 449 6264, 0750 483 6800, 0750 483 6900

email: homa_co@yahoo.com

رووداو



# ئابووری

## حکومەتەکەی مالیکی گەندەڵ و خائینی تێدایە

رووداو-المختصر
ئایەتوڵڵا بەشیر نەجەفی، یەکێک لە گەورە مەرجەعەکانی شیعە لە عێراق هێرشێکی توندی کردە سەر ژمارەیەک لە وەزیرەکانی حیزب و حکومەتەکەی نوری مالیکی و بە گەندەڵی تۆمەتباریکردن. نەجەفی لە کۆنگرەیەکی زانستییدا لە شاری نەجەف، گوتی "دەسەڵاتی یاسادانان چەندین کەسی تێدایە کەموکورتیان زۆرە، دەسەڵاتی جێبەجێکردنیش چەندین کەسی تێدایە لەوانەی خیانەتیان لە نیشتیمان و گەل کردووە و پارەیان دزیوە و بردویان بە تایفەگەری داوەو، وەکو خزیر خوزاعی، وەزیری پەروەردە". دووپاتیشیکردەوە "گەندەڵییەکی ئیداری زۆر لە زۆبەی بوارەکانی خزمەتگوزاری لە ئاو و کارەبا و نەوت و کشتوکاڵ و بەشە خۆراکی هاووڵاتیاندا هەیە".

| | | | |
|---|---|---|---|
| دینار | | 1 تەن | |
| 100 $ | 118400 | $ 485 |  |
| 100 € | 160850 | $ 114 |  |

## ئاشتی هەورامی لەبارەی 5 ملیار دۆلاری مینحەی کۆمپانیاکان ڕوونکردنەوە دەدات

# "فەرموون بیخەنە سەر داهات. بەڵام ئەوە هەڵەیە"

**رووداو- هەولێر**

لەپێنجەمین دانیشتنی نائاسایی پەرلەمانی کوردستاندا، لەچوارچێوەی گفتوگۆکانی پەسەندکردنی بودجەی ساڵی 2010ی هەرێمی کوردستان کە ڕۆژی 2010/2/25 بەڕێوەچوو، د.ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان لەبەردەم پەرلەمانتاراندا وەڵامی ئەو پرسیارانەی دایەوە کە لەبارەی چارەنووسی نزیکەی 5 ملیار دۆلاری مینحەی کۆمپانیاکانی نەوتەوە ئاراستەی کرابوون. هەروەها ئەوەشی ڕوونکردەوە کە بۆچی ئەو پارەیە تێکەڵی بودجەی هەرێمی کوردستان نەکراوە. ئاشتی هەورامی بەرگرییەکی سەختی لەوەکرد کە تێکەڵکردنی مینحەی کۆمپانیاکان بە بودجە زیانێکی گەورەی دارایی لەهەرێمی کوردستان دەدات.

### داهات نییە. مینحەیە

وەزیری سامانە سروشتییەکان پێداگریی لەوەکرد کە داهاتی هەرێمی کوردستان لە فرۆشتنی نەوتی خاو "سفرە". هۆیەکەشی بەوە ڕوونکردەوە کە "هەرێمی کوردستان نەوتی نەفرۆشتووەو نایفرۆشێ". گوتیشی کە لەو نەوتەی لە حوزەیران تاوەکو تشرینی یەکەمی ساڵی رابردوو بە تێکڕای 50 هەتا 100 هەزار بەرمیل لەرۆژێکدا لەڕێگەی تۆڕی بۆرییەکانی نەوتی نیشتمانیی عێراقەوە ڕەوانەی دەرەوە کراوە، کۆمپانیای نیشتمانیی نەوتی عێراق (سۆمۆ) فرۆشتوویەتی و هەر ئەویش پارەکەی وەرگرتووە. هەروەها گوتی "ئێمە نازانین پارەکە چی بەسەرهات و بەچەند فرۆشرا، لەکوێ دانراوەو ئایا خرایە سەر بودجەی ئەمساڵ یان نا، ئێمە ئاگادار نین و یەک دیناریشیان نەداوەتە کۆمپانیا و بەڵێندەرەکان".

ئاشتی هەورامی لەوەڵامی هەندێک لە پەرلەمانتاران و هەروەها میدیای کوردیشدا کە گومان لەبارەی داهاتەکانی نەوتەوە دەوروژێنن، گوتی "لەمن دەپرسن داهاتی ئەو نەوتە کوا؟ لەجیاتی ئەوەی ئێمە تۆمەتبار بکەن دەبێ بچن ئەو شەڕە لەگەڵ بەغدا بکەن و بڵێن بەشەکەمان کوا، ئەگەر خراوەتە بودجە لانیکەم دەبێ بپرسن کوا 17%ی ئێمە، بۆچی پارەی بەڵێندەرەکان نادەن؟". هەروەها باسی لەو پارەیە کرد کە لەڕێگەی گرێبەستەکانی نەوتەوە دەست حکومەتی هەرێمی کوردستان کەوتووە.

کۆمپانیاکانی نەوت لەو شوێنانەی کاردەکەن، وەک قەرەبوویەک بۆ خەڵکی ئەو ناوچەیە کە ڕەنگە بەهۆی کارەکانی ئەوانەوە هەراسان ببن یان ژینگەکەی تێکبدەن، مینحەیەک دیاری دەکەن بۆ ژێرخانی وڵاتەکەو بۆ ئەو ناوچەیەی کاری تێدا دەکەن. لەو چوارچێوەیەدا چەند پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری بەهەماهەنگیی لەگەڵ حکومەت لەو ناوچانە ئەنجامدەدەن. ئاشتی هەورامی گوتی "کۆمپانیاکان ئەو پرۆژانە بۆیە دەکەن چونکە بۆ نێوبانگی خۆیان باشە، ئەو کارانەی ئەوان لەناوچەیەک دەیکەن کاریگەریی بۆ سەر ژیانی خەڵک دەبێ، بۆنموونە چاڵ هەڵدەکەنن و هاتوچۆی زۆر دەکەن، بۆیەش ئەم مینحانە وەک پرۆژە وەکو جۆرە قەرەبوویەکە دەدەنە خەڵک"، گوتیشی "ئەمە پێیناگوترێ داهات، بەڵکو پێیدەگوترێ مینحە، بەڵام بەو مانایە نییە کە دەبێ بشاردرێتەوەو ئاشکرا نەکرێ، یان پرۆژەکان چاودێری و سەرپەرشتی نەکرێن، بەڵکو مەبەستەکە ئەوەیە کە جیاوازیی نێوان داهات و مینحە بزانین".

### "دنیا تێگەیشت و خۆمان تێناگەین"

وەزیری سامانە سروشتییەکان پێداگریی لەسەر ئەوە کرد کە گرێبەستەکانی نەوت شەفافن. کتێبێکی پێشانی پەرلەمانتاران دا کە گرێبەستەکانی تێدایە تاوەکو حوزەیرانی 2009. گوتی "لەم کتێبەدا هەرچیمان کردووە ئاشکرا کراوە چ وەک پارەو چ وەک گرێبەست و ئەو پرۆژانەی لەناوچەی گرێبەستەکە کراون. هیچ نەشاردراوەتەوە، بەڵام بەداخەوە زۆرکەس هیچ ناخوێننەوە. سێ جار ئەم نووسراوەم لەنێو پەرلەمان دابەشکردووەو ناردوومە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران و ناردوومەتە بۆ بەغداش، هەروەها دراوە بە ڕاگەیاندن و لەسەر وێبسایتی حکومەت هەموو شارەزایانی نەوت ئەمەیان بینیوەو تێگەیشتوون، کەچی خۆمان وا دیارە تێیناگەین".

ئاشتی هەورامی گوتی کە ئەو 5 ملیار دۆلارەی باس دەکرێ "زۆربەی بە پرۆژەیەو نزیکەی سێ و نیو تا چوار ملیار دۆلار ئەوە پرۆژەی ئایندەیە، واتە کۆمپانیاکان دێن پارەت نادەنێ و خۆیان پرۆژەکان دەکەن بەپێی ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەت و پرۆژەکانیش بە تەندەر دەبن و سەرپەرشتی دەکرێن". لەبارەی ئەوانەش کە بەپارەن، وەزیری سامانە سروشتییەکان ئاماژەی بە ملیارێک و 330 ملیۆن دۆلاردا کە لەڕێی ئەو گرێبەستانەوە هاتوونەتە سەر حسابی حکومەت، ئەوە جگە لە 35 ملیۆن دۆلار قازانجی دوو سەهمی کۆمپانیاکانی DNO و هیرەتیج ئۆیڵ کە ئەویش لەناو حیسابەکەدایە و هەمووی دەکاتە ملیارێک و 365 ملیۆن دۆلار. گوتیشی "ئەم پارەیە دێتە بانکێکی جیهانیی و لەوێوە تەحویل دەبێت بۆ بانکێکی کوردستان کە بەناوی وەزارەتی ئێمەیە. ئەو پارەیە کە هاتە ئەوێ من ئاگادارم، کە بەڵێندەرەکە دەیدات، کە دێتە حسابی دەرەکی و کە دێتە ئەم حیسابەی کوردستانیش. من لەدوایین دۆلاری ئەو پارەیە بەرپرسیارم. بەڵام کە لەوێ دەرچوو ئیدی پەیوەندی بەئێمەوە نامێنێ و پارەی وەزارەتی ئێمە نییەو ئەوە ئەنجوومەنی وەزیران دیاریی دەکات کە ئەو پارەیە بۆ چ پرۆژەیەک دەردەچێ و دەبێ بەهەماهەنگیش بێت لەگەڵ بەڵێندەری نەوتەکە".

لەبارەی ئەو پرۆژانەشەوە کە بەو پارەیە ئەنجامدراون، وەزیری سامانە سروشتییەکان، پرۆژەکان و بڕی پارەی تەرخانکراویشی بۆ پرۆژەکان ئاشکراکرد کە کۆی گشتیی ئەو پارەیەی راکێشراوە 735 ملیۆن دۆلارە. ئەوەشی کە ماوە تەرخان بکرێ بۆ ئەو پرۆژانە نزیکەی 300 ملیۆن دۆلارە. ئەمە بۆ ئەو پرۆژانەیە کە بڕیاریان لەسەر دراوە. ئەو پارەیەش کە لەئەستۆی بەڵێندەرەکانی نەوتە بیدەن 400 ملیۆن دۆلارە کە هێشتا نەگەیشتووە.

### بۆچی مینحەی کۆمپانیاکان ناخرێتە سەر بودجە؟

د.ئاشتی هەورامی گوتی ئەم پارانە کە نەهاتوونەتە نێو بودجەوە هۆیەکەی ئەوەیە کە ئەگەر بخرێتە نێو بودجە ناوەکەی لە مینحەوە دەگۆڕێ و دەبێتە داهات، ئەگەر بووە داهات ئەوکات 17%ی بۆ ئێمە دەبێت و 83%ی بۆ بەغدا دەڕوات. پرسیاری لە پەرلەمانتاران کردو گوتی "ئایا کەس ئامادەیە ئەو بەرپرسیارێتییە لەئەستۆ بگرێ؟. فەرموون بیکەن ئەوە ئیشی من نییە، بەڵام ئەوە هەڵەیە. پێش هەرشتێک گرێبەستەکە بەوجۆرە نەنووسراوەو دەڵێت ئەوە مینحەیەو لەبەرامبەر ئەو گرێبەستە دەیدەم بۆ ئەو ناوچەیەی کاری لێدەکەم وەک قەرەبوو".

گوتیشی "ئەگەر هەر سوورن لەسەر ئەوەی تێکەڵی بکەن بچن بیخەنە دەنگدانەوەو بەمیللەت بڵێن دەمانەوێ بیخەینە داهاتەوە".

ئاشتی هەورامی ئەوەشی وەک مژدەیەک بە پەرلەمانتاران ڕاگەیاند کە بەپێی مەزەندەی ئەوان بۆ نەوتی کوردستان، ئەمساڵ ئەگەر دەست بەناردنە دەرەوەی 100 هەزار بەرمیل نەوت بکرێ، بۆ کۆتایی ئەمساڵ دەگاتە 200 هەزار بەرمیل. گوتیشی "داهاتی کوردستان بۆ حکومەتی عێراق دەبێتە 2 ملیار و 750 ملیۆن دۆلار، ئەمە دیارییەکی گەورەیە لە ئێمەوە بۆ حکومەتی فیدراڵ کە 17%ی دەگەڕێتەوە بۆ ئێمە و لەماوەی 4 ساڵی داهاتوودا دەگەینە 25 ملیار دۆلار کە ئەوە نیوەی بودجەی گشتیی عێراقە. ئەمەش ئەنجامی کاری سێ ساڵی رابردووی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانە".

هەروەها ڕایگەیاند کە هەر لەسایەی ئەو گرێبەستانەو کاری کۆمپانیا بیانییەکانەوە، ڕەوشی کارەبا لەهەرێمی کوردستان زۆر بەرەوپێش چووە، چەند مانگێگی دیکە کە توانای بەرهەمهێنانی وێستگە غازییەکەی کۆرمۆر بەرز دەبێتە، وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا پێویستییان بەگازۆیل کەم دەبێتەوە. گوتیشی "ئەگەر ئەمە نەبووایە وەزارەتی کارەبا ناچار دەبوو نزیکەی یەک ملیار دۆلار پارە بدات ئەوەش وایدەکرد بودجەی هەرێمی کوردستان تووشی کورتهێنانێکی زیاتر ببێ، بەڵام ئێمە لەماوەی چەند مانگێکدا پێویستمان بە گازۆیل کەم دەبێتەوە، بگرە قازانجیشی لێدەکەین و تێچووی کارەباشمان دەبێتە سفر. ئەگەر هێچمان نەبووایە نرخی کڕینی گازۆیل لە دەرەوە زیاتر لەملیارێک دۆلار بوو، بەڵام ئەوە لەماوەی چەند مانگی داهاتوودا دەبێتە سفر، ئەگەر ئەوە نەبووایە بودجەی کوردستان ملیارێک کەمتر دەبوو".



ئاشتی هەورامی

وەزیری نەوت هەروەها گوتی جگە لە نەوتی ڕەش کە هەموو وڵاتێک حەزدەکات بیفرۆشێت، هیچ نەوتێک لە هەرێمی کوردستانەوە ناچێتە دەرەوە، هەروەها گوتیشی ئەو پاڵاوگە نەوتیانەی کە لە هەرێمی کوردستان هەن پێش دروستبوونی وەزارەتەکەی ئەوان دروستکراون و هەندێکیان مۆڵەتیان نییە، ئێستا دەستیانکردووە بە پێداچوونەوەی مۆڵەتەکانیان.

# هەڵبژاردن پاڵێوراوەکان دەخاتە سەر ساجی عەلی

## گرانترین و گەورەترین هەڵبژاردن لە مێژووی عێراق دا



بنکەیەکی بانگەشەی هەڵبژاردنی لیستی گۆڕان لە سلێمانی (فۆتۆ:رووداو)

**کاوە شێخ عەبدوڵڵا**
**رووداو-سلێمانی**

خەرجی پاڵێوراوان لە هەرێمی کوردستان، فرۆشتنی کەلوپەلی نێوماڵی تێکەوت و، گیرفان بەتاڵبوونەوە گەیشتە نزیکی قەرزکردن. بێ بەختترین پاڵێوراو لەو خولەی هەڵبژاردندایە کە بۆپەرلەمانی عێراق بەڕێوەدەبرێ، چونکە ئەوجارە جگە لەبانگەشەو شارەو شار و ماڵەو ماڵکردن بۆ کۆکردنەوەی دەنگ، هێندێکیان گیرفانیان هەڵتەکیوەو ئەوەندە پارەیان خەرجکردووەو خەریکە بگەنە سەر ساجی عەلی. زیاتریش لەبەرئەوەی یەکەمجارە هەڵبژاردن بە لیستی کراوە لە هەرێمی کوردستان دەکرێ.

### "ملە لیرەی ژنەکەم فرۆشت"

مەمی بورهان قانیع، پاڵێوراوی لیستی گۆڕان لەسنووری پارێزگای سلێمانی بۆ دابینکردنی خەرجییە زۆرەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن ناچاربوو هانا بۆ خێزانەکەی بەرێت، ئەویش جگە لە ملە لیرە زێڕەکەی، شتێکی ئەوتۆی شک نەبردووە تاوەکو بۆی بفرۆشێ. مەم بەو ملە لیرە زێڕە توانیویەتی بەشێک لەخەرجییەکانی هەڵمەتەکەی دابین بکات، بەڵام هێشتا ناتوانێ بەو پارەیە تا دوایین ڕۆژی بانگەشە، پێیراکێشێ. مەم بە (رووداو)ی گوت "کەسوکارەکەم هاوکارێکی باشم بوون بۆ دابینکردنی پارە، ئەگینا خەرجییەکان هێند زۆرن، ئاسان نییە خۆت بەتەنیا بتوانی دابینیان بکەی". ئەو پاڵێوراوە لەبەرئەوەی ئۆتۆمبیلێکی بچووکی پێیەو زیاتر لەسنووری ناوچە شاخاوییەکەی پێنجوێن بانگەشە بۆ خۆی دەکات، ناچار ئۆتۆمبیلێکی پیکابی بەکرێ گرتووەو گوند بەگوند پێی دەگەڕێ، مەم بۆ دوانزە ڕۆژ سوڕانەوەی بەو پیکابە دەڵێت "500 دۆلارم داوەتە کرێیەکەی".

ئەو هاوار لێ هەستانەی پاڵێوراوان، زۆرتر لەنێو لیستەکانی یەکگرتوو، کۆمەڵ و گۆڕاندا بەرزبووەتەوە، ئەگینا پاڵێوراوانی لیستی هاوپەیمانی کوردستان، کەمتر باس لەخەرجیی زۆر دەکەن. شیلان شێرکۆ، پاڵێوراوی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان کە کاندیدی حیزبی سۆسیالیستە لە پارێزگای سلێمانی دەڵێ "زۆربەی خەرجی و ئامادەکاریی بۆ سەفەرو گەڕانەکانم، لەلایەن حیزبەکەمەوە دەدرێ، کەمتر پارەی گیرفانی خۆم خەرج دەکەم، مەگەر بۆ کارتی مۆبایل و هەندێ خەرجی دیکە".

### 2 ملیار خەرجی بانگەشەیە

بەپێی لێدوانی هەندێ لە بەرپرسانی عێراقی، بەهۆی زۆری پاڵێوراو و لیستە کێبرکێکارەکانەوە بۆ ئەو خولەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، پارەی بانگەشەی هەڵبژاردن یەکجار زیادبووە، کە بە پڕخەرجترین هەڵبژاردنی دادەنێن لە مێژووی عێراقدا.

حسێن فەلوجی، ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا گوتی "ئەو هەڵبژاردنە، گرانترین و گەورەترین هەڵبژاردنە لەمێژووی عێراقدا کە تێچووەکەی دەگاتە سەرووی دوو ملیار دۆلار". هەر لە قسەکانیدا ئاماژەی بەوەشدا کە تێکڕای خەرجی بانگەشەی هەڵبژاردنی هەریەک لەو 6218 پاڵێوراوەی بەشداری هەڵبژاردن دەکەن 30 هەزار دۆلارە، کە کۆی گشتییان دەکاتە زیاتر لە دوو ملیار دۆلار، جگە لەو بودجە گەورەیەی بۆ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان تەرخانکراوە.

ئەرکی ئەوجارەی پاڵێوراوان زیاتر لە ئەرکێکە و جگە لەبەڕێوەبردنی بانگەشەکان لەلایەن خۆیانەوە، بەپێی قسەی خۆیان، دەبێ خەرجی تەواوی هاتووچۆ و تەلەفۆنکردن و دروستکردنی پۆستەر، جگە لە هاوکارییەکی کەم، لەسەر گیرفانی خۆیان بدەن.

یاسین حەسەن، پاڵێوراوی کۆمەڵی ئیسلامی لەسنووری پارێزگای سلێمانی دەڵێ "حیزب تەنیا 250 هەزار دیناری بۆ دابینکردووم، لەکاتێکدا ئەو پارەیە ئەوەندە کەمە بچووکترین کەلێنم بۆ ناگرێ، بەڵام بەهۆی باشبوونی باری داراییم پێویستم بەو پارەیە نییە"، یاسین لیستی خەرجییەکانی خۆی بەو شێوەیە دەخاتە بەردەم (رووداو) "لەسەرەتای دەستپێکردنی بانگەشە تا هەفتەی دووەمی، زیاتر لە 4000 دۆلارم خەرجکردووە، خەرجییەکانیشم لە کڕینی بەنزین هەتا کارتی مۆبایل و خەرجی هاوسەفەرەکانم و چاپکردنی پۆستەر و فلێکسەکانی بانگەشە". یاسین کە دەگاتە سەر خەرجی کارتی موبایل دەڵێ "پڕکردنەوەی باڵانس هەر باسناکرێ ئەوەندە کارت دەکڕم".

### "ئۆتۆمبیلەکەم دەفرۆشم"

بەکر حەمە سدیق، سەرۆکی لیستی یەکگرتوو لە سلێمانی، نایشارێتەوە بەدەست پارە خەرجکردنەوە، بەتەواوی ماندوو بووە. ئەو کە ئێستا خەریکی دروستکردنی خانووە، لەسەر ئەوە قەرزداری دۆستانی خۆی بووە، بانگەشەی هەڵبژاردنیش هێندەی دیکە بارەکەی قورسکردووە. سەرۆکی لیستی یەکگرتوو، کە حیزبەکەی مانگانە 400ملیۆن دینار وەک بودجە لە حکومەت وەردەگرێ دەڵێ " ئەگەر پارەم بەدەستەوە نەما بۆ بانگەشە، ناچارم ئۆتۆمبیلەکەم بفرۆشم تاوەکو لەسەر ئەمیش قەرزار نەبم"، ئەو پاڵێوراوەش وەک زۆربەی پاڵێوراوانی دیکە، زیاتر پارە لە کڕینی بەنزین بۆ هاتووچۆ و کارتی مۆبایل و پۆستەرو فلێکس خەرج دەکات.

مەلا سەعید مەجید، لەشاری کەرکووک تاوەکو ئێستا زیاتر لە ملیۆنێک دیناری لە گیرفانی خۆی بۆ هەڵمەتەکانی بانگەشە خەرجکردووە. مەلا سەعید لەسەر لیستی کۆمەڵی ئیسلامی لەشاری کەرکووک، دەڵێ "ئەوە دوایین توانای مادیمە کە خستوومەتە کار، لەوە بترازێ دەبێ قەرزی بۆ بکەم، ڕەنگە تاوەکو کۆتایی بانگەشە ناچار ببم قەرزبکەم".

بەکرو یاسین ومەم ومەلا سەعیدیش، نازانن تا ئەو کاتە چەندە پارەی دیکەیان دەوێ، بەڵام شتێک کە هەموویان لێی دڵنیان ئەوەیە، کە بۆ باش بەڕێوەبەردنی هەڵمەتەکانی بانگەشە، ناچار دەبن پارە قەرز بکەن. پاڵێوراو مەم بورهان قانع دەڵێ "بۆ من جێگەی شانازییە بەقەرزاری و کەم پارەیی هەڵمەتەکانی بانگەشە بەڕێوەبەرم، لەکاتێکدا بەشێک لە کێبرکێکارەکانمان بەپارەیەکی زۆرو توانایەکی زۆرترەوە لەبەرامبەرمان وەستاون"، مەم، کە نەوەی شاعیری کورد قانیعە شانازی بەباپیرەیەوە دەکات و دەڵێ "باپیرم کە مرد تەنیا 300 فلسی لەدوایی بەجێما، بەڵام تامردن شانازی بەو مەردایەتییەی ئەوەوە دەکرێ".

# بەغدا قەرزدارە و چوار مانگە بەشە خۆراکی هاووڵاتیانی کوردستان نەدراوە

**بریکاری وەزارەتی بازرگانی عێراق: وەزارەت قەرزدارە و ئەمساڵیش ناتوانین بەشە خۆراکی هاووڵاتیان وەک پێویست بدەین**

**بەغدا: هەرێمی کوردستان دەتوانێ داوابکات خۆی گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیاکان بکات بۆ کڕینی بەشە خۆراکی هاووڵاتیان**

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو-هەولێر**

هاووڵاتیان نیگەرانن لە دواکەوتنی بەشە خۆراکی مانگانە و مانگ بەمانگیش جۆری خۆراکەکە ڕووی لە خراپییە، بەڕێوەبەری دابەشکردنی خۆراکی هەولێریش ئەوە دەخاتە ئەستۆی وەزارەتی بازرگانی عێراق، بەرپرسانی بەغداش دەڵێن هۆکارەکە دابین نەکردنی بودجەیە.

ماوەی چوار مانگە بەشە خۆراکی مانگانە (بایەعی) نەهاتووە، ئەمەش گومانی بڕینی بەیەکجاریی لەلایەن هاووڵاتیان دروستکردووە، بەڕێوەبەری دابەشکردنی خوراکی هەولێر، دەڵێ "هەفتانە چەند جارێک بە ئیمێل و مانگانەش بە نووسراوی فەرمی بەغدا ئاگادار دەکەینەوە، بەڵام ئەوان تەنیا ئەوە دەڵێن: هەر کاتێک خۆراکەکان گەیشتن ڕەوانەیان دەکەین".

نەشوان سەلیم، 28 ساڵ، کرێکار، زۆر دڵگرانە لە دواکەوتنی بەشەخۆراکی مانگانەو دەڵێ "بەشە خۆراکی مانگانە باری ئێمەی سووک کردبوو، بەڵام بەداخەوە بەرپرسانی حکومەت ئەوەشمان پێ ڕەوانابینن، خەریکە بێ هیوامان بکەن".

بۆ دابەشکردنی بەشە خۆراکی هاووڵاتیان بەشێوەیەکی خێرا، بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی خۆراکی هەولێر، سنووری پارێزگای هەولێری بەسەر 30 بنکەدا دابەشکردووە، 2500 بریکاری هەیە، بەڵام ئەوە چوار مانگە بریکارەکان بەهۆی نەهاتنی بەشە خۆراکی مانگانە دەرگای دووکانەکانیان بەڕووی هاووڵاتیاندا داخستووە.

خورشید نەجمەددین، کە بریکاری دابەشکردنی خۆراکە لە شاری هەولێر بە (رووداو)ی ڕاگەیاند "پێشتر بەشە خۆراکەکان بەشێوەی پچڕ پچڕ دەهاتن، خەڵکیش وەک پێویست لەبڕ و جۆری خۆراکەکان ڕازی نەبوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دڵخۆش بوون بە وەرگرتنی".

بەگوێرەی فۆرمی دابەشکردنی خۆراک بێت، دەبێ هاووڵاتی مانگانە بڕێکی دیاریکراو لە (ئارد، برنج، ڕۆن، شەکر، چا، شیری منداڵ، پاقلەمەنی، خوێ، شیر، سابوون، تاییت) وەربگرێت. بەڵام خورشید نەجمەددین گوتی هیچ مانگێک تەواوی ئەم بەشەخۆراکیان بەدەست نەگەیشتووە، گوتیشی"سەرەرای پچڕپچڕییش، بەشێک لە خۆراکەکان (چا، برنج و لەتکە نۆک) جۆرەکەیان ئەوەندە خراپن، هاووڵاتیان وەریناگرن".

نەوزاد سابیر، بەڕێوەبەری دابەشکردنی خۆراکی هەولێر، هۆکاری خراپی جۆری خۆراکەکان و پچڕ پچڕ هاتنی خستە ئەستۆی بەرپرسانی وەزارەتی بازرگانی عێراق و گوتی بەهۆی پچڕ پچڕی هاتنی خۆراکەکان، هاووڵاتی وەک پێویست سوودی لێوەرناگرن "بەڵام ئێمە لەو بێ بەرنامەیەی وەزارەتی بازرگانی عێراق بەرپرس نین، کە وایکردووە نەتوانین هیچ مانگێک تەواوی بەشە خۆراکی هاووڵاتیان وەک خۆی دابەش بکەین".

نەوزاد سابیر، قسەی هاووڵاتیان و بریکارەکانی خۆراکی پشتڕاستکردەوە کە ئەو بەشە خۆراکەی دەگاتە دەست هاووڵاتیان لەڕووی کوالیتییەوە کەموکوڕی هەیە و گوتی تەنیا ساڵی رابردوو نزیکەی 15تۆن چا و بڕێک شیرو فاسولیایان ڕەتکردەوە، دوای ئەوەی لە پشکنین دەرنەچوون.

سوهەیبە مەحمود زەنگەنە، بریکاری وەزارەتی بازرگانی عێراق، لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) هۆکاری دواکەوتنی بەشەخۆراکی هاووڵاتیانی لەو چەند مانگەی رابردوودا گەڕاندەوە بۆ گۆڕینی وەزیری بازرگانی و دابین نەکردنی بودجەی پێویست لەلایەن وەزارەتی دارایی عێراق بۆ کڕینی خۆراک "ئەمەش وایکرد گرێبەستەکانی وەزارەت تووشی جۆرێک لە ئیفلیج بوون ببن"، بەڵام ڕەتیکردەوە لەقۆناخی ئێستادا وەزارەتی بازرگانی عێراق هیچ پرۆژەیەکی بۆ بڕینی بەشەخۆراکی هاووڵاتیان هەبێت، هەروەها گوتی "وەزیری پێشوو کەلوپەلی خۆراکی بەقەرز دەکڕی، بۆیە کەلەکەبوونی قەرزەکانی پێشووی وەزارەت گەیشتە نزیکەی 1 ملیارو 900 هەزار دۆلار، کە ئەمەش ئەوەندەی دیکە باری وەزارەتی قورستر کرد".

بریکاری وەزارەتی بازرگانی عێراق، ڕوونیکردەوە کە بۆ ئەمساڵ پێویستیان بە 6 ملیارو 700 ملیۆن دۆلارە، بۆ کڕینی تەواوی بەشەخۆراکی هاووڵاتیانی عێراق، بەڵام ئەو بڕە پارەیە 3 ملیۆن دۆلاری لێ کەمکراوەتەوە "بۆیە لەوانەیە ئەمساڵیش وەک پێویست نەتوانین تەواوی بەشە خۆراکی هاووڵاتیان بدەین".

سەبارەت بە قەرەبووکردنەوەی هاووڵاتیانیش، سوهەیبە مەحمود، گوتی "لێژنەیەکی لێکۆڵینەوەمان پێکهێنا، دەرکەوت لە پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆک، موسڵ، ئەنبار، دیالە، سەلاحەددین، بەشێک لە بەغدا، هاووڵاتیان وەک پێویست تەواوی بەشەخۆراکی مانگانەیان وەرنەگرتووە، لێژنەکەش ڕاپۆرتێکی ئامادەکرد کە قەرەبووی یەک ساڵ و نیوی ئەو پارێزگایانە لە 2006/1/1 تا 2007/6/31 بریتی بوو لە 610 ملیۆن دۆلار، بەڵام لەبەر قەیرانی دارایی جیهان و دابەزینی نرخی نەوت، وەزارەتی دارایی داوای لێبووردنی کرد و قەرەبووی نەکردنەوە".

بەڕێوەبەری دابەشکردنی خۆراکی هەولێر، بێ هیوایی خۆی لەچاکبوونی پچڕپچڕ دابەشکردنی خۆراک نیشانداو گوتی "هەرچەندە بەشێک لە خۆراکمان بەدەستگەیشتووەو لەئایندەیەکی نزیکدا دوای پشکنین دابەشی دەکەین، بەڵام دڵنیام تاوەکو کڕین و هاوردەکردنی خۆراک لەلایەن وەزارتی بازرگانی عێراقەوە بێت ئێمە ناتوانین وەک پێویست تەواوی خۆراکەکان لەکاتی خۆی دابەش بکەین".

بەڵام بریکاری وەزارتی بازرگانی عێراق دەڵێ "ئەگەر حکومەت هەرێمی کوردستان داواکارییەک پێشکێشی وەزارەتی بازرگانی بەغدا بکات دەتوانێ پارەی بەشە خۆراکی مانگە وەربگرێ و خۆی گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیاکان بکات بۆ کڕینی خۆراک".



دوکانی بریکارێکی دابەشکردنی خۆراک لە هەولێر (فۆتۆ:رووداو)

# facebook

# لە گەنجانەوە کەوتە دەست پاڵێوراوان

مەریوان فەیزوڵڵا سالەیی
رووداو-هەولێر



بۆ یەکەمجار لە مێژووی عێراقدا ماڵپەڕێکی یەکترناسینی ئینتەرنێت لەلایەن سیاسەتمەداران و قەوارە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان و عێراقەوە بەکاردێت بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی 7ی ئەو مانگەی پەرلەمانی عێراق.

ئەو کوردانەی ماڵپەڕی فەیسبووک بەکاردێنن لەنیوەدا بەشبوون بەوەی کە ئایا بەکارهێنانی ئەو جۆرە ماڵپەڕانە بۆ بانگەشەکردن هەڵبژاردن، کارێکی باشە یان خراپ.

بەکارهێنەرێکی ماڵپەڕی فەیسبووک بەناوی محەمەد، کە گەنجێکی24ساڵییە و خەڵکی شاری سلێمانییە لەوبارەیەوە گوتی" ئەمڕۆ زۆر لە گەنجانی شارەکانی هەرێمی کوردستان ماڵپەڕی فەیسبووک بەکاردێنن، لەبەرئەوە کارێکی گونجاوە کە ریکلامی هەڵبژاردن لەو ماڵپەڕەدا بکەی، بۆ ئەوەی وەبیری دەنگدەران بێنیەوە کێ هەڵبژێرن".

گەنجێکی دیکە بەناوی ئارام عەلی،28ساڵ، کە ئەندازیاری کۆمپیوتەرە لەوبارەیەوە گوتی" شتێکی باشە کە بانگەشەی هەڵبژاردن لە کوردستان پێشکەوتووە، لە ساڵی 2005 هیچ ریکلامێکی هەڵبژاردن بۆ لایەن و سیاسەتمەداران لە ئینتەرنێتدا نەبوو، وەکو ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین. بێگومان ئەمەش ناوەندێکی نوێیە بۆ ئێمە".

بەڵام بەکارهێنەرێکی دیکەی ماڵپەڕی فەیسبووک، بۆچوونێکی جیاواز و توندی هەبوو لەوانی دیکە. لانە کە تەمەنی 19 ساڵە و دانیشتووی شاری هەولێرە لەوبارەیەوە گوتی" پێویستە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن لە فەیسبووک دووربخرێتەوە، لەبەرئەوەی لەسەرەتاوە ئەو ماڵپەڕە بۆ ئەو مەبەستە دامەزراوە کە هاوڕێ و کەسوکار ئاگایان لەیەکتری بێت، نەک بۆ سیاسەتمەدارانی گەندەڵ".

ئەو پاڵێوراوە کوردانەی کە رێکلامیان بۆ خۆیان و لیستەکانیان کردووە لەسەر فەیسبووک زۆرن و مەحموود عوسمانی پاڵێوراوی سەربەخۆ لەسلێمانی یەکێکە لەوانە و لەسەر شوێنەکەی لەفەیسبووک نزیکەی 2 هەزار لایەنگری هەیە.

ئەو هۆکارەی مەحموود عوسمانی هانداوە فەیسبووک بەکاردێنێت لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا، ئەوەیە کە دەنگی بگاتە ئەو دەنگدەرانەی کە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانن.

لەو بارەوە مەحموود عوسمان لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) گوتی" لەبەرئەوەی ئێمە ئەوەندە کاتمان لەبەردەستدا نییە بۆ ئەوەی بچینە دەرەوەی وڵات، بەکارهێنانی فەیسبووک خێراترین و ئاسانترین رێگەیە بۆ ئەوەی دەستت بەو دەنگدەرانە بگات کە لە دەرەوەی وڵاتن".

شان بە شانی پاڵێوراوانی کورد، هەندێ پاڵێوراوی عەرەبیش لە فەیسبووکدا دەبینرێن و ئەوانیش بەهەمان شێوە دەیانەوێ دەنگیان بگاتە عێراقییەکانی دەرەوە.

یەکێک لە بەکارهێنەرانی فەیسبووک بەناوی کامەران،25ساڵ، بەپێکەنینەوە گوتی" کاتێک فەیسبووک دەکەمەوە ریکلامی لیستە هەڵبژێردراوەکان پێش پەیام و ئاگادارییەکانی خۆم دێت، ئەمەش زۆر ناخۆشە".

بارزان، 24ساڵ، کە ماوەی هەفتەیەکە لەسەر فەیسبووک چاودێری شەڕەقسەی لایەنگرانی لیستەکان دەکات، لەوبارەیەوە گوتی" زۆر لە لایەنگرانی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان دەبینی کە لەسەر فەیسبووک شەڕ دەکەن و قسەی ناشرین بەیەکتر دەڵێن. بەڵام خۆشحاڵم کە چەک و چەقۆ بەکارناهێنن بۆ شەڕکردن لەگەڵ یەکتری، ئەوان تەنیا شەڕی ئەلیکترۆنی دەکەن لەسەر فەیسبووک".

# نەورۆز بازاڕی جلی کوردی دەبووژێنێتەوە

ئاری عوسمان
رووداو- هەولێر

نەوال عەلی، 27 ساڵ، خاوەنی حەوت دەستە جلی رەنگاو رەنگی کوردییە، ئەو بە کڕینی سێ دەستە جلی تازەی کوردی دەیەوێ ببێتە خاوەنی دە دەستە جلی کوردی، نەوال کە لەنێو کوتاڵ فرۆشەکانی نێو قەیسەری شاری هەولێر سەرقاڵی کڕینی قوماش بوو گوتی "ساڵانە مۆدێلی جیاواز دێتە بازاڕ بۆیە هاتووم مۆدێل و رەنگی تازە بکڕم بۆ نەورۆز و بەهار، چونکە بەهار باشترین وەرزە بۆ لەبەرکردنی جلی کوردی". نەوال تەنیا لە وەرزی بەهار جلی کوردی لەبەر دەکات "جوانترین جلوبەرگ بۆ پیاو و ژنان لە بەهاردا جلی کوردییە".

لەگەڵ نزیکبوونەوەی وەرزی بەهارو هاتنی جەژنی نەورۆز بازاڕی جلی کوردی گەرموگوڕی تێکەوتووەو فرۆشیارانی جلی کوردی جەخت لەوە دەکەنەوە کە بازاڕیان چەند قاتی وەرزەکانی دیکە باشتر بووەو فرۆشی جلی مۆدەش لە پاشەکشەدایە.

لەنێو دووکانەکەی هیوا یەحیا چەندین تۆپە کوتاڵی ژنان هەڵدراونەتەوە، جگە لەوانەی هەڵوسراون و سەرنجی ئەو ژنانە رادەکێشن کە بەردەم دوکانەکەیدا رەتدەبن، یان ئەو کڕیارانەی روو لە دووکانەکەی دەکەن، نرخی قوماشی هەر دەستەجلێکی کوردی لە دووکانەکەی هیوا لە نێوان 60-700 دۆلار دایە.

هیوا یەحیا، کە خاونی فرۆشگای کریستاڵە لە بازاڕی قەیسەری شاری هەولێر، ئاماژەی بە گەرموگوڕی بازاڕی جلی کوردی داو گوتی "مانگێگ بەر لە ئێستا رۆژانە 5 تا 7 دەست جلی کوردیم دەفرۆشت، بەڵام ئێستا رۆژانە 40 تاوەکو 70 دەستە جلی کوردی ژنان دەفرۆشم، زیاتر ئەم دوو مانگە بازاڕمان گەرمە، چونکە زۆربەی ئافرەتان بۆ نەورۆز جلی کوردی دەکڕن بەتایبەت کچە گەنجەکان". گوتیشی "ئێستا ژنان گوێ بەنرخی قوماش نادەن و تەنیا مۆدێل و جوانیان مەبەستە".

نەورۆزو بەهار لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، پتر گەنجان بەخۆیەوە سەرقاڵ دەکات چونکە وەرزی گەشت و سەیرانی کوردستانە و، کوڕان و کچان هەر لە ئێستاوە بە کڕینی جلی تازەی کوردی خۆیان بۆ نەورۆز ئامادە دەکەن.

رێباز ساڵح، 22 ساڵ، قوتابی کۆلیژە تائێستا جلی کوردی نەبووە، بەڵام هاوڕێکەی کڕیویەتی ئەویش حەزیکردووە جلێکی کوردی بکڕێت، لای بازاڕی بەرگدرووەکانی پیاوان رێباز سەرقاڵی دەستنیشانکردنی قوماش بوو بۆ جلی کوردی، رێباز گوتی "لە بۆنەیەکدا هاوڕێکەم جلێکی کوردی لەبەر کردبوو زۆر جوان بوو، منیش زۆر حەزم چووە جلەکانی، بۆیە بڕیارمدا جلێکی کوردی بکڕم، جگە لەوەش ئەم وەرز گونجاوە بۆ لەبەر کردنی جلی کوردی".

جلی کوردی پیاوان چەندین جۆری هەیە وەک (موراد خانی، سنەیی، رانک وچۆغە، شاڵ) بەرگدرووانی پیاوان زیادبوونی داواکاری جلی کوردی بۆ مۆدێل و چاولێکەری دەگەڕێننەوە لەلایەن گەنجانەوە. ئەژی جەمیل، بەرگدرووری جلی پیاوانە لەناو بازاری گەورەی شاری هەلێر گوتی "دە رۆژێکە داخوازی دوورینی جلی کوردی یەکجار زۆر بووە، پێشووتر رۆژانە یەک دوو کەس داوای دروونی جلی کوردیان دەکرد، بەڵام ئێستا رۆژانە زیاتر لە 20 کەس داوای دروونی جلی کوردیمان لێ دەکەن، ماوەیەکی دیکە بەهۆی نەورۆز و بەهارەوە داواکاری زۆر زیاتر دەبێ". سەبارەت بە داواکاری لەسەر جۆری قاتی پیاوان ئەژی گوتی "گەنجان بەزۆری داوی رانک و چۆغە دەکەن چونکە نرخەکەی هەرزانە، کەمتر داوای قاتی شاڵ دەکەن کە نرخەکەی لەنێوان 200 تا 1500 دۆلارە، قاتی شاڵ زیاتر کەسانی دەوڵەمەند داوای دەکەن".

فرۆشیارانی جلی مۆدەی ئافرەتان ماوەیەکە بازاریان رووی لەکەمی کردووە، هۆکارەکەشی بۆ چوونەسەری بازاڕی جلی کوردی دەگەڕێننەوە. بەشدار عەلی فرۆشیاری جلی مۆدەی ئافرەتان گوتی "ئێستا بازاڕی جلی مۆدە 75% دابەزیوە، چونکە بەهۆی بەهار و جەژنی نەورۆز ئێستا زۆربەی ئافرەتان داوای جلی کوردی دەکەن نەک مۆدە".





# کچانیش پۆستەر دەدڕێنن

داستان سدیق
رووداو-سلێمانی

رۆژان حوسێن، بۆچوونی وایە پۆستەر دڕاندن جۆرێکە لەململانێی هەڵبژاردن و بەکارێکی "ئاسایی" دادەنێ و دەڵێ "هەرکاتێک دەرفەتم بۆ بڕەخسێ پۆستەری ئەو لیستە دەدڕێنم کە خۆشم ناوێ". رۆژان گوێ بەقسەی خەڵکیش نادات "بۆچی بۆ کوڕ ئاساییە، بەڵام بۆکچ ئاسایی نەبێت پۆستەر بدڕێنێ". بەبڕوای ئەو کچە دڕاندنی پۆستەر کاریگەری لەسەر کەمکردنەوەی دەنگی ئەو لیستەش هەیە کە پۆستەری دەدڕێنرێ "چونکە کەمتر پۆستەر و رێکلامی دەبینرێ".

بەشێک لەو پۆستەرانەی کە وەک گەڵای دار، لەسەر شەقام و شوێنەگشتیەکان هەڵوەریون، دەستی کچانیان لەپشتەوەیەو، هەندێ لەو کچە پۆستەر دڕانەش نایشارنەوە کە "کەمتەرخەمی ناکەن لەدڕاندنی پۆستەر"ی ئەو لایەنەی بە کێبرکێکیاری لیستەکەی خۆیانی دەزانن.

> **هەر کاتێک دەرفەتم بۆ بڕەخسێ پۆستەری ئەو لیستە دەدڕێنم کە خۆشم ناوێ**
> رۆژان حوسێن

تریفە بەدەستی خۆی زیاتر لە 30 پۆستەری دڕاندووەو دەڵێ کاتێک پۆستەری دڕاوی لیستەکەی خۆم دەبینم، تۆڵە لە پۆستەری لیستی بەرامبەر دەکەمەوە "ئەمە شەڕێکی فراوانەو زۆرکەس بەشداری تێدا دەکات". تریفە گوتیشی "دەزانم کارێکی جوان نییە، بەڵام خۆشت پێڕاناگیرێت، کاتێک دەیان پۆستەری دڕاوی لیستەکەت دەبینی".

لەهەڵبژاردنی ئەمجارەدا، کچان و ژنان ململانێیەکی نەریتیشیان تێکەڵ بەململانێکانی هەڵبژاردن کردو لەهاتنە سەرجادەی شەوانەو بەشداریکردن لە ئاهەنگەکانی بانگەشە و پۆستەر هەڵواسین و، سەرئەنجام پۆستەر دڕاندنیشدا، بەڵام هەندێک لەکچان پۆستەر دڕاندنیان پێ باش نییە و دەڵێن کارێکی نەشیاوە.

شادان تالب دەڵێ من هەرگیز پۆستەر نادڕێنم و حەزم لەو جۆرە هەڵسوکەوتەش نییە "هەرچەندە رقیشم لە لیستی بەرامبەر بێت، ئامادەنیم خۆم بخەمە ئەو ئاستەی پۆستەر بدڕێنم". شادان پێیوایە ئەگەر کوڕان ئەو کارە بکەن تا رادەیەک ئاساییە "بەڵام کەی ئەوە کاری کچەو بۆ کچ شیاوە".

رۆشنا محەممەد هەرچەندە حەز ناکات بەهیچ شێوەیەک چارەی هەندێک لیست ببینێ، بەڵام ئامادە نییە بیاندڕێنێ، دیمەنی پۆستەرە دڕاوەکانیش رۆشنا نیگەران دەکەن و دەڵێت "ئەگەر ئێمە بەشداری لەپۆستەر دڕاندن بکەین، کەواتە هیچمان بۆ نامێنێتەوە تاوەکو رەخنە لەو حیزبانە بگرین، کە شەڕی نێوخۆیان دەکرد".

بە درێژایی 15رۆژی رابردوو کە بانگەشەی لیستە رکابەرەکانی تێدا بەڕێوەدەچێت، بەسەتان پۆستەر دڕێنراون و هەموو قەوارەکانیش بە ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتدارانەوە هاواری خۆیان گەیاندووەتە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان.

> **پۆستەر دڕاندن کەی کاری کچانە**
> شادان تالب

سۆران غەفور، کە توێژەرێکی کۆمەڵایەتییە، بەشداریکردنی کچان لەپۆستەر دڕاندن دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی کە پرۆسەی هەڵبژاردن بۆ هەموو چین و توێژێکە بەهەردوو رەگەزەکە و هەروەها دەڵێ پۆستەر دڕاندن لەلایەن کچانەوە دەگەڕێتەوە بۆ ناسکی ئافرەتان "لەبەر ئەوەی کچان ناسکن و کە دەبینێ پۆستەری لیستەکەی دڕاوە ئەویش پۆستەری ئەوانیدیکە دەدڕێنێ". بەڵام لەهەمانکاتدا پێیوایە کچان کەمتر پۆستەر دەدڕێنن "چونکە پۆستەر لەشەودا دەدڕێنرێ و ئافرەتیش لەکۆمەڵگەی ئێمەدا رێگەی پێنادرێ بە شەو بێتە دەرەوە".

# کۆمەڵایەتی



## ڕێبوار خۆی سووتاند

ڕووداو-هەولێر

سەرچاوەیەک لە نەخۆشخانەی ئیمرجنسی هەولێر بە(ڕووداو)ی ڕاگەیاند، گەنجێکی دانیشتووی شەقڵاوە بەهۆی کێشەی خێزانی خۆی سووتاند. ڕۆژی 2009/2/21 لە شارۆچکەی شەقڵاوە گەنجێک بەناوی ڕێبوار.ر 27ساڵ، خۆی سووتاند کە لاشەکەی بەڕێژەی 55 %سووتابوو. دوای 3ڕۆژ مانەوە لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا. هەرچەندە بنەماڵەکەی لە ئیفادەی پۆلیسدا دەڵێن ڕێبوار لە ژیانی خۆی بێزار بووە، بەڵام بەپێی زانیارییەکان ئەو کوڕە کێشەی لەگەڵ باوکی هەبووە بۆیە خۆی سووتاندووە.

# بانگەشە هاتنە دەرەوەی ژنان ئازاد دەکات

## ژنان سوود لە بانگەشەی هەڵبژاردن وەردەگرن



**کچێک: کوڕ پێمدەڵێن لەبەر جوانیەکەت دەنگ دەدەینە گۆڕان**

**ژنێک: داخی گۆڕان من دەباتە سەرجادە**

لەنیا مەحموود
ڕووداو-سلێمانی

وەک ئـــەوەی بۆ ئاهەنگی بووک گواســـتنەوە خۆی ئامادە کردبێت، فاتمە بەجلوبەرگی کوردی ڕەنگاورەنگەوە ئاڵایەکی هاوپەیمانی بەدەستەوە گرتووەو دەســـتی لەئۆتۆمبیلەکەوە دەرهێناوە. فاتیمە محەممەدی 40ساڵ، خۆشحاڵە کە دەتوانێ یەکێکبێـــت لەو هـــەزاران هاووڵاتیەی لەئاهەنگی بانگەشەی شەوانەی سلێمانیدا بەشداری دەکات و دەڵێ "بابزانن ئێمەی ژنیش دەتوانین بەکەڵکی یەکێتی بێین".

بەشێک لەدانیشـــتووانی سلێمانی، لەگەڵ زوو پێچانەوەی ســـفرەی نان خواردنی ئێوارەدا، ڕوو لەگۆڕەپانە ناســـراوەکەی بانگەشەی هەڵبژاردن دەکـــەن، کـــە ئەویش (ســـەهۆڵەکە)یەو ژنان و کچانیش نایانەوێ تەنها تەماشاوانی ئەو ململانێ تووندەبن.

پەخشـــان فەتاح، 33 ســـاڵ، حەماسەتێکی زۆر لەڕووخســـاریدا دەبینراو گوتـــی "ململانێی ئەو لیســـتە دەکەم، کە دژی لیســـتەکەمە". ئەو نەیشاردەوە کاتێک هەوادارێکی زۆری ژن و کچی ئاڵا نیلییەکەی گۆڕان دەبینێ، خۆی پێناگیرێت و بەبەرزکردنەوەی وێنەی ئەسپەکە، دەیەوێ بوونی کاریگەرانەی لیســـتەکەی ببینێ لەو شـــەقامەدا "دەمەوێ بیسەلمێنم، حیزبەکەی ئێمەش لایەنگری ژنی زۆرە".

هەرچەندە زەماوەندی شەوانەی سەهۆڵەکەی سلێمانی، تەنها بۆنیشاندانی هێزوبازووی لیستەکانە لەسلێمانیدا و دابەشکردنی ئەو شەقامەیە بەسەر دوو دروشـــمدا "با بگۆڕێت"و "با نەگۆڕێت"، بەڵام بەشێک لەژنان لەپشت ئەو زۆرانبازییە سیاسیەوە، گرەو و ئامانجی دیکەیان هەیە. ڕووپاک ئەکرەم، کە هەواداری هاوپەیمانییە،نایشارێتەوە ئامانجی ســـەرەکی لەهاتنە دەرەوە، ڕەتکردنەوەی پسەی خزم و ناســـراوەکانیەتی "بەشـــێک لەخزمەکانم دەڵێن مێردەکەی دڵی لێی پیســـە، بەڵام وا من شـــەوانە دێمە دەرەوەو ئەمە باشـــترین هەلە بۆ ئەوەی وەڵامی ئەوان بدەمەوە، لەهەمانکاتیشـــدا پشـــتیوانی بۆ حیزبەکەم دەردەبرم". پەخشـــان بڕیاریشیداوە، بەوشـــێوەیە ژنانی دیکە هانبدات بێنە ســـەرجادەو وەک پیاوان بەشـــداری بکەن لەبانگەشـــەی هەڵبژاردندا. ئەو ژنە دەڵێ "دەنگ بەو کاندیدەش دەدەم کـــە بەرگری لەوە دەکات ژنان مووچەیان هەبێت لەماڵەوە".

بۆ چاوان مەحموود 22 ســـاڵیش، شـــەوانی بانگەشە دەرفەتێکی باشە تاوەکو بێتەدەرەوە بۆ سەر ئەو شەقامەی کە هەزاران کەسی تێدەڕژێت "لێـــرە کچانـــی زۆرتر دەناســـیت و هـــەم وەک یادگارییەکی خۆشیش دەمێننەوەو وێنەدەگرین".

بەبڕوای توێژەرێکی کۆمەڵایەتی، چاولێکەری، زاڵتریـــن هۆکاری ڕاکێشـــانی ژنـــان و کچانە بۆ سەرشـــەقامەکان، فەرمـــان ڕەشـــید، توێژەری کۆمەڵایەتـــی دەڵـــێ "لـــەڕووی کۆمەڵایەتیەوە، چاولێکەری زیاتر بەســـەر ژنانـــدا زاڵە، هەروەها لەسلێمانی ژنان زیاتر حەزیان لەهاتنە دەرەوەیەو ئەمەش هەلێکی باشە".

هەرچەندە هێشتا هەستی نامۆبوون بەتەواوی بەری نەدابوو، بەڵام سەبرییە وەک دەیان لایەنگری دیکەی گۆڕان ئاڵا نیلیەکەی دەستی ڕادەوەشاندو هەمان ئەو دروشـــمانەی دەگوتەوە، کە گەنجان پەیتا پەیتا بەگوێی خەڵکیاندا دەدا. ســـەبرییەی تەمەن 32 ساڵ گوتی" ئەمە بووەتە چاولێکەری". ئەو ژنە کاتێک دەبینێ هەموو دراوسێکانی دێنە دەرەوە، ئەویش بەدیار تەلەفزیۆنەوە دانانیشـــێ و لەگـــەڵ هاوســـەرەکەیدا تاوەکـــو نێوجەرگەی هاتووهاواری شـــەقام ناوەستێ " لەوڵاتی ئێمەدا هەمووشتێک بووەتە چاولێکەری".

دەرکەوتنـــی کچان لەنێو ئاپۆرای بانگەشـــە کاراندا، چێژێکی زیاتر بەو گەنجانە دەبەخشـــێ، کە سەرجادەگرتن وەک نەریتێکی شەوانەی ئەوانی لێهاتووە. ڤانە ڕەسول، 28 ساڵ کە خۆی ئۆتۆمبیل لـــێ دەخورێت، لیســـتی گۆڕان ســـوودێکی زۆر لەجوانیەکەی ئەو دەبینێ "دەیان کوڕ پێیانگوتووم لەبەر ئـــەو جوانییەی تۆ دەنگ دەدەینە گۆڕان". ڤانـــە گوتی"هەرچەندە من تەعلیـــق و توانج لە کوڕان قبوڵ ناکەم، بەڵام لەبەرخاتری بزووتنەوەی گۆڕان ئەوەم قبوڵ کردووەو گوێی نادەمێ". دوای ئەو قسانەی بۆ ئێمە، ڤانە دەست بەهۆڕن لێدان دەکات و دوای قافڵەی گۆڕان دەکەوێ.



تامان شاکر

tamanshakir@yahoo.de

# نووکتەکانی هەڵبژاردن

با بەناوی خواوەوە دەستپێبکەم، سەرۆکی لیســـتی یەکێک لە حیزبە ئیســـلامیەکانی کوردســـتان دەڵێ:"ئەگەر دەنگم پێنەدەن لەلای خودا شـــکاتتان لێدەکـــەم"، خودایە دەمانترسێنێ، بەڵام پێموانییە خودای گەورە فەرمانـــی بەکەس کردبێ حیزب دابمەزرێنێ بـــۆ پارەو دەســـەڵات و بەشـــداریکردن لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنـــی نوێنەرانی عێراق هەوڵبدات بە ترس و شکاتکردن لە بارەگای یەزدانی مەزن دەنگ کۆبکاتەوە، خودا پاکی و ڕاستی و دادپەروەری دەوێت نەک کورسی پەرلەمانی عێراق.

کاندیدێکـــی دیکە دەڵـــێ کاردەکەم بۆ باشـــکردنی ژنان، بۆچـــی دادەگیان ژنانی کوردســـتان، خراپـــن تاوەکو تۆ باشـــیان بکەی.

ژنێـــک لە دەڤەری ســـۆران لـــە چەند گەنجێکی پرسیبوو ئەوە چ دەکەن، ئەوانیش گوتبوویان وەڵڵا وێنەی ئەو ســـەگبابانە لە دیواری دەدەین، ئـــەی خوا دەبێ ئەو ڕۆژە ئەو گەنجانە چەند جنێویان دابن.

یەکێکـــی دیکە دڵی لە کورســـییەکەی بەغـــدای بەرنابێ و، دەڵـــێ ئەگەر دەنگی خۆتانم پێبدەن متمانەم پێبکەن، ئەمجارە بەجیدی کار بۆ جێبەجێکردنی مادەی 140 دەکەم. وادیارە ئەم بەڕێزە لەم چوار ساڵەی ڕابردوودا بە فشـــە کاری کردووە.بۆ ئەوەی چوارساڵی دیکەش مسۆگەر بکات بە بۆنەی 140 ەوە، پارە دینبەرە و دڵببەرە.

بەڕێزێکی دیکـــە لەبەردەم جەماوەرێکی زۆردا وتـــی متمانـــە پێبـــدەن کارتان بۆ دەکەم، لـــە پێناو بەرژەوەندییەکانی ئێوەدا هەمووشـــتێک دەکەم، ژیانتان خۆشدەکەم، بەڵێنتـــان پێدەدەم ئەگـــەر دەنگم پێبدەن لە ماوەی حەوت ساڵی داهاتوودا لەگەڵتان دەمێنمەوە، کابـــرا لێی تێکچووە وایزانیووە پەرلەمانی عێراق، ماوەکەی حەوت ســـاڵە نەک چوار ســـاڵ، ڕەنگە بیری ئەو کاتە لای ماتماتیک بووبێت و بیردۆزی بە خستنەبەری و سەری بەکارهێنابێ کە منیش لێی نازانم.

کاندیدێکـــی دیکـــە خـــۆی زۆر جـــوان ڕازاندبووەوە، بەڵام عەقڵی کەمتر وتی کورد جاران 75 کورســـی هەبـــووە لە پەرلەمانی عێراق ئێســـتا دەبێتە 325 وایزانیووە کورد حوکمی عێراق دەکات.

پێموایە بە هاوکێشەی دەیگۆڕین سەرقاڵ بووە، ئەگینا ئەم هاوکێشەیە لە ماتماتیکی ئەنجوومەنـــی نوێنەرانـــی عێراقـــدا کاری پێنەکراوە و ناکرێت.

زۆرینەی کاندیدەکانمان باس لە زانینی سێ زمان دەکەن ( کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی)، هەندێکیشـــیان کە چەند وشـــە بە عەرەبی دەکات، دووکەڵ لە دەمیەوە هەڵدەستێ و، کوردییەکەشیان بەشـــی لاپەڕەیەکی ڕەوان ناکات و، ئینگلیزییەکەشـــیان خوا دەزانێ چۆنە.

هەر هەموو کاندیدەکانمان لەم ئازادیەی ئەمـــڕۆی کوردســـتاندا، تەنهـــا لەپێنـــاو بەدەســـتهێنانی دەنـــگ، دەیانـــەوێ ببنە پێشمەرگە، بەڵام هی شاخ نا، هی پەرلەمانی عێراق کەس تاقەتی شەڕی چەکداری نەماوە. شەڕ شـــەڕی کورســـییە. دەی بزانین ئەو پێشمەرگانە ئازا دەبن یان تەسلیم دەبنەوە.

کاندیدێکـــی دیکـــە بەڵێـــن دەدا ئەگەر کورسیەکەی مسۆگەر کرد، هەموو لادێکانی کوردســـتان ئاوەدانبکاتـــەوە، ئەوەش چل ســـاڵی دەوێ نەک چوار ساڵ، وادیارە ئەم کاندیدە بەڕێزە ئارەزووی زۆرە بە چوار ساڵ تێرنابێت.

ئەمانە نوکتە نین، قسەی کاندیدەکانن، تراژیدیایـــی میللەتێکـــن کـــە نازانـــن کێ دەبێتە نوێنەریان، ئەو نوێنەرانەی پارەیان وەرگرتووە، بەڵام ڕاوێژکاریان نییە، تا فێریان بکەن چۆن قســـە بکەن و لـــە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەربکەون.

قسەکانی مام ڕۆســـتەم زۆر خۆشبوون لە تەلەڤزیۆنەکەیان، مام ڕۆســـتەم ئەوەندە بە توونـــدی وەڵامـــی ئەوەیاندەدایەوە کە سکاڵایان لەســـەر پەرلەمانتار و کاندیدێکی گـــۆڕان تۆمارکـــردووە بە تۆمەتـــی ئەوەی گوایە بە پێشمەرگەیانە گوتووە "میلیشا"، مام ڕۆستەم ســـەری بەرزکردەوەو گوتی : جا میلیشیا چ عەیبی تیدایە ئەگەر واشیان گوتبێ، میلیشیا یەعنی پارتیزان.

د.ئاری عادل، تاکە کاندیدا نەشوکری دلیستا هەڤپەیمانیا کوردستانێ دا ل دهۆکێ:

# نە دگەل هندێ مە ژنا بدەینە عەرەبان



**ژن پتر ژ زەلاما دێ دەنگی دەنە من**

د.ئاری عادل

عەبدوللا نهێلی
ڕووداو-دهۆک

ژ ســـەرجەمێ 20 کاندیدێـــن لیســـتا هەڤپەیمانیا کوردستانێ ل پارێزگەها دهۆکێ، ب تنێ د.ئاری عادل پاشا نەیا شوکریە، هەر 19 کاندیدێن دی خێزاندارن، لەوڕا ئەو خوە ب نوینەرا گەنجان دزانیت و دبێژی"ئەز تاکە کاندیدیم دلیســـتا کوردستانی دا نەچۆیمە د ژیانا خێزانیدا، پشـــتەڤانا گەنجانم، ب ڕێکا بالیۆزخانەیێن وەلاتان ل بەغدا بەردەوام دێ هەولدەم کورســـییێن خاندنا بلند بۆ گەنج و لاوێن کوردستانێ دابین بکەم، چونکە دبینم زانکۆیێن کوردســـتانێ پێدڤیـــەکا مەزن ب پسپۆرو ماموستایێن زانکۆیێ هەیە".

د.ئاری، تەمەن 35 ســـاڵ، یەکەم کەسە دکتـــۆرا لســـەر دارێـــن کوردســـتانێ ئینای و مامۆســـتایە ل کۆلیـــژا چاندنـــێ، ئەو یا پشتڕاســـتە کو قوتابیێن هەردوو زانکۆیێن دهـــۆک و نەورۆز دێ دەنگێـــن خۆ دەنێ و دبینیـــت کو پلانا پێنج ســـالی یا حکومەتا هەرێمـــێ ئـــەوا دبیاڤێ خورتکرنـــا کەرتێ چاندنێ دا جێبەجێکری پلانەکا سەرکەفتی بوویـــە و دێ ئەو هەلـــدەت ئەڤێ چەندێ ل حکومەتا بەغـــدا ژی پەیرەوبکەت، چەندین ئامیرێن پێشکەفتی یێن چاندنێ بۆ جوتیارێن کوردستانێ و عێراقێ دابین بکەت.

ئەڤە یەکەمیـــن هەلبژارتنن ل هەرێمـــا کوردســـتانێ ب شـــێوێ لیســـتا ڤەکـــری دهێنـــە ئەنجامـــدان، لـــێ ژبەرکو پێویستە پەرلەمانێ عێراقـــێ 20%ێ ئافرەت بن، هنـــدەک ئافـــرەت دێ ب دەنگەکی کێمتر گەهنە پەرلەمانێ عێراقێ.

د.ئاری عادل پاشا کاندیدا پارتی دیموکراتی کوردستان ل پارێزگەها دهۆکێ، چ جیاوازیێ دناڤبەرا کاندیدێن زەلام و ئافرەت دا نابینیت و دبێژی"ڕاستە بر مە وەکو ئافرەت پروپاگندە ســـەختترە، بەلێ ئەم دئازادین ل هەرجهێ مەڤێت پروپاگندا خو لێ بکەین".

وێنەیێن د.ئاریێ وەکو هەموو کاندیدێن دی ل تەڤایا دەڤەرێن دهۆکێ هاتینە هەلاویستن و خەلک دبینیت ئێـــک ژ وان کاندیدایە کو یا دێم جوانە، لـــدۆر وێ چەندێ کانێ ئەڤە دێ هاریکاریا وێ کەت کو دەنگێن زێدەتر ب دەستڤە ب ئینیت، ئەو دبێژی "بەلێ، هێشتا مە هندەک خەلک مایە کو جوانی کاتێکرنێ لـــێ بکەت، لـــەوڕا هنـــدەک دێ هەبن ژبەر جوانیێ دەنگێ خۆ دەنە من".

ل گۆرەی وان ڕاپرســـی و پێشـــبینییێن دهێنە ڕاگەهاندن ژ سەرجەمێ 10 کورسیێن پارێزگەها دهۆکێ لیســـتا کوردستانێ دێ 9 یان 10 کوردســـیان بەت. د.ئاری دبێژیت" لیستا کوردستانێ دێ هەر 10 کورسیان بەت و، ژ سەرجەمێ 5 بەربژێێن ئافرەت دێ سێ سەرکەڤن، دوو ئافرەتێن دی دێ دۆڕینن".

پشـــتی ڕووخاندنا ڕژێما بەعس ل ســـالا 2003، نەســـرین بەرواری ئێـــک ژ ئافرەتە وەزیرێن کـــورد ل بەغدا، پشـــتی دەمەکێ چۆیە بەغدا شـــوی ب غازی یاوەر سەرۆک کوماری وی دەمی یێ عێراقێ کر، لێ پشتی ماوەیەکی ژێک جودابوون، هەروەها ئەندام پەرلەمانەکێ لیستا هەڤپەیمانیا کوردستانێ ل بەغدا ڤێ گەڕێ ژنە عەرەبەکا پەرلەمانتار ئینا. لێ د.ئاری کو هێشتا شووی نەکریە دگەل هندێ نینە کچێن کورد شـــوو ب عەرەبـــا



بکەن و ب گرنژینڤە دبێژی"نەخێر، باشە ئەم ژنا ل عەرەبا بینین، بەلێ نەدەینە وان، ئەز باوەرناکەم لوێرێ شوی بکەم".

دەربارەیێ هەوا پروپاگندێ وەکو حیزب د.ئاری عـــادل دبێژی" پارتـــی چ جیاوازی دناڤبـــەرا هەر 13 کاندیدێن خۆدا نەکرینە ل دهۆکێ، پروپاگندە بو هەموویان وەکو یەک هاتیە کرن".

د.ئاری د وێ باوەرێدایە کو ژن دێ زێدەتر دەنگـــێ خۆ دەنە وێ"ئـــەز دێ پتر دەنگێن ئافرەتا ئینم، چونکە هێشتا مە هندەک زەلام هەنە مێرکانینە و ب کێماســـی دبینن ئەگەر دەنگێ خۆ بدەنە ئافرەتەکێ، لەوڕا ڕەنگە ژن پتر ژ زەلاما دەنگا بدەنە من".

گەلـــەک جاران خەلـــک دبێـــژی کـــو پەرلەمانتارێـــن ژن د پەرلەمانێ عێراقێ دا ڕۆلـــێ وان هندێ بەرچاڤ نەبوو و، بتنێ بۆ مووچەی چۆبـــوون، د.ئاری ژی ڤێ چەندێ ب ڕاســـت درانی و دبێژی "ڕولێ وان هندێ بەرچاڤ نەبوو، بێ شک ڤێ جارێ دێ ژنێن چالاکتر چنـــە پەلەمانی و دێ پتر بەرگریێ ل مـــاف و خاســـتێن عێراقـــێ و بتایبەتی کوردستانێ کەن".




# کاندیدەکان خزمایەتی خۆیان نوێدەکەنەوە

**پاڵێوراوێک: دەنگدان لەسەر پەیوەندی خزمایەتی کارێکی ناشایستەیە**

**دەنگدەرێک: کاندیدە خزمەکەم ئەگەر خراپیش بێ هەر دەنگی پێدەدەم**

بارزان محەممەد
ڕووداو-هەولێر

پشـــتیوان کەمـــال، 24 ســـاڵ، دانیشـــتووی شـــارۆچکەی شـــەقڵاوەیە، هەر لە ئێستاوە خۆی یەکلایی کردووەتەوە دەنگ بداتە کاندیدە خزمەکەی "هەرچەندە بە دڵیشـــم نییە". دەنگدانی پشتیوان بـــە کاندیدە خزمەکـــەی لە ڕوانگـــەی ئەو پەندە کوردییەیە کە دەڵێت "خزم گۆشتیشـــت بخوات، ئێسقانت ناشکێنێ"، پشـــتیوان دەڵێت "خزمە و لەکاتی پێویست بە کەڵکم دێت".

هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران کە بە لیستی کراوەیە، دەنگدەر دەتوانێ دەنگ بەو کاندیدە بدات کە خۆی دەیەوێ، بەشێک لە هاووڵاتیانیش دەڵێن دەنگ بە کاندیدە خزم و ناســـیاوەکانیان دەدەن. بەڵام هەندێک لە پاڵێوراوان دەنگدان لەسەر بنچینەی خزمایەتی دەگەڕێننەوە بۆ ناهۆشیاری دەنگدەر و دەڵێن خزمەتکردن پێوەرە نەک خزمایەتی.

بەڵام بەشێک لە پاڵێوراوان پشت ئەستوورن بە دەنگـــی خزمەکانیان بە تایبەت ئەگەر پاڵێوراو لە بنەماڵە یان عەشیرەتێکی گەورە بێت، بۆیە ئێستا کاندیدەکان هەوڵـــی زیندووکردنەوەی پەیوەندییە خزمایەتییەکانیـــان دەدەن و ئـــەوەی عەیامێکە نەیانبینیووە سەردانی دەکەن.

ژیان یاسین، پاڵێوراوی بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان لە لیستی هاوپەیمانیی کوردستان لە شـــاری هەولێر، کە هاوســـەری خدر ڕووســـی سکرتێری بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستانە، دەڵێت "دەنگدان لەســـەر پەیوەنـــدی خزمایەتی کارێکی ناشایستەیە، ناکرێ لەبەر خزمبوون دەنگی پێبـــدرێ، بەڵکو دەبێ خزمەتکردن پێوەر بێت بۆ هەڵبژاردن، ئەو کەســـەی لەبەر خزمایەتی دەنگ بـــە پاڵێـــوراو دەدات، لە دواکەوتوویـــی و نەزانی خۆیەتی".

هەرچەنـــدە هەندێ لە کاندیـــدەکان دەنگدان لەســـەر بنچینـــەی خزمایەتی بۆ نزمی ئاســـتی هۆشیاری دەنگدەران دەگەڕێننەوە، بەڵام سوعاد ڕەزاق، پاڵێوراوی لیستی گۆڕان دەڵێ "خزمم زۆرن لـــە هەولێر و چاوەڕێم دەنگم پێبدەن، بەڵام تەنیا پشت بە خزم نابەســـتم، بەڵکو پشت بە هەموو گۆڕانخوازێک دەبەستم".

د.ســـەعید ڕەســـوڵ، کە پاڵێـــوراوی پارتییە لە لیســـتی هاوپەیمانیـــی لەهەولێـــر و خەڵکی شـــەقڵاوەیە، پشتئەستوورە بە دەنگی خزمەکانی و دڵنیایـــە زۆربەی خزم دەنگی پێدەدەن، چونکە پەیوەندییەکـــی پتەوی لەگـــەڵ خزمەکانی هەیە "جگە لە خزمەکانم دانیشتووانی شەقلاوەش دەنگم پێدەدەن، چونکە مامۆســـتای زانکۆم و خەڵکی شـــەقلاوەش دەمناســـن". بـــەڵام پاڵێوراوەکەی بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان پشتبەستن بە خزم بە کارێکی هەڵە دەزانێ و دەڵێت "پاڵێوراو ناتوانێ پشت بە خزم و کەس ببەستێت، چونکە ژمارەی خزم و کەس زۆر لەوە کەمترە کە پاڵێوراو بگەیێنێتە پەرلەمان".

بەشێک لە هاووڵاتیان بە جۆرێک لە پاڵێوراوە خزمەکانیان دەڕوانن کە زۆربەی داواکارییەکانیان جێبەجێدەکەن و دەتوانن بە ئاسانی بگەنە لایان لە کاتی پێویست. ڕەسول حەمەدەمین،27 ساڵ، بڕیاریـــداوە دەنگ بە کاندیـــدە خزمەکەیان بدات "ئەگەر خراپیش بێ هەر دەنگی پێدەدەم، چونکە خزم هەر خزمە و نابێتە بێگانە".

ئوسامە جەمیل، پاڵێوراوی لیستی یەکگرتوو لە شاری هەولێر دەڵێت پشت بە خزمەکانی نابەستێ، بەڵکو پشـــت بەو جەماوەرە دەبەســـتێت کە لە ڕاگەیانـــدن پەیدای کـــردوون "کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگایەکی عەشایرییە، بۆیە خزمایەتی دەورێکی باڵای هەیە لەناو ئەو کۆمەڵگایە".

# دەمانچە بەخشینەوەی مالیکی کێشە دەنێتەوە

## جەواد پۆلانی: ئەوە کارێکی نائەخلاقییە

**ڕووداو- العربیه نت**

جەواد پۆلانی وەزیری ناوخۆی عێراق و سەرۆکی لیستی ئیئتیلافی یەکێتیی عێراق، بەخشینەوەی دەمانچەی لەلایەن هەندێک لە بەرپرسانەوە وەک بەشێک لەهەڵمەتی پروپاگەندەی هەڵبژاردن "بەکارێکی نائەخلاقی" ناوبرد.

لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی تەلەڤزیۆنیدا لە بەرنامەی (کێبرکێی پەرلەمان) کە لەکەناڵی ئاسمانیی (العربیه)وە پەخشدەکرێت، سەباح ساعدی ئەندامی حیزبی فەزیلە و سەرۆکی لیژنەی نەزاهە لە پەرلەمانی عێراق، بەدرێژایی ماوەی بەرنامەکە دیارییەکی چاوەڕواننەکراوی بۆ عەباس بەیاتی سەرکردەی حیزبی دەعوە و کەسی نزیکی مالیکی هەڵگرتبوو.

ساعدی لە دوایین کاتی بەرنامەکەدا دەمانچەیەکی لەڕێی شاشەی (العربیه)وە پێشانی بینەران دا و گوتی کە نووری مالیکی لەپێناوی بەدەستهێنانی دەنگ ئەو دەمانچەیە بە دیاری دەداتە ئەو سەرۆک هۆزانەی سەردانی دەکەن. ئەو دیارییە چاوەڕواننەکراوەی ساعدی قرۆقەپی بە بەیاتی کرد، کە بەدرێژایی بەرنامەکە بە دەنگێکی بەرز و زوڵاڵ داکۆکیی لە مالیکی دەکرد.

ساعدی بە بەیاتیی گوت کە ئەو دەمانچەیەی لەسەری نووسراوە (دیاریی سەرۆک وەزیران)، ئەو بەخۆی لە بازاڕدا بە سێ هەزار دۆلاری کڕیوە کە ئێستا لە بەرنامەکەدا نیشانیدەدات، ئەو گوتیشی کاری لەم جۆرە بانگەشەیە بۆ میلیتاریزەکردنی کۆمەڵگە و سەددام حوسێنیش هەمان شتی دەکرد، هەروەها نیشانەی ئەوەیە کە گەندەڵییەکی گەورەی دارایی لە ئارادایە، چونکە ڕێی تێناچێ مالیکی لە گیرفانی خۆی ئەو هەموو دەمانچەیەی کڕیبێت.

ساعدی لەم ساڵانەی دواییدا زۆر بە توندی دژی حکومەتی نووری مالیکی هەڵوێستی دەنواند، بەتایبەتی دژی هەردوو وەزیرەکەی حیزبەکەی مالیکی عەبدولفەلاح سوودانی وەزیری بازرگانی و حوسێن شەهرستانی وەزیری نەوت کە بەدوو وەزیری گەندەڵ ناوی دەبردن. پارتی فەزیلە ئێستا بەشێکە لە ئیئتیلافی نیشتیمانیی عێراق کە ئەنجوومەنی باڵا و ڕەوتی سەدر و چەندین لایەنی دیکەی شیعەی تێدایە و عەممار حەکیم سەرۆکایەتی دەکات و بۆ بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆک وەزیران بە توندی لەگەڵ لیستی ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا کە مالیکی سەرۆکایەتیی دەکات، لە بەربەرەکانێدان.






# لە عێراق پالێوراوان دەنگ بە هێلکەو سوخمە دەکڕن

## "دەنگم پێبدە و سێ تەبەقە هێلکەی خۆت وەرگرە"

**ڕووداو- العربییەنت**

پەتای پروپاگەندەی هەڵبژاردن هیچ شوێنێکی زیندووان نەماوە نەیتەنێتەوە، ئەمەش کارێکی ئاساییە چونکە هەموو کاندیدێک شەیدای بەدەستهێنانی زۆرترین دەنگە، بەڵام ئەوەی نائاساییە ئەوەیە کە لەم هەڵبژاردنەی ئەنجوومەنی نوێنەراندا پەتاکە گۆڕستان و دنیای مردووانیشی گرتووەتەوە.

لە گۆڕستانەکانی هەردوو شاری نەجەف و کەربەلا، لاوانی ئەو دوو شارە دەستیان بە بڵاوکردنەوەی ریکلامی هەڵبژاردن بەسەر ئەو کەسانەدا کرد، کە لە گۆڕستان لە شین و گریانی ئازیزانیاندا بوون. ئەو لاوانە لەپاڵ ئەو شیرینییەی بۆ خێری ڕەوانی مردووانی ئەو خەڵکەیان دەبەخشییەوە، وێنەی کاندید و ژمارەی لیستەکانیشیان دابەشدەکرد.

لەگەڵ گەرمبوونی هەڵمەتی هەڵبژاردن، تا دێت کاندیدەکان شێوازی نوێ بۆ بانگەشە و پڕوپاگەندەی خۆیان دادەهێنن. لە بەسرا کاندیدێک ژمارە مۆبایلەکەی خۆی بە قەبارەیەکی گەورە چاپ و بڵاوکردووەتەوە، بە شێوەیەک کە بکەوێتە بەرچاوی هەموو خەڵک.

ئەوانەی لەگەڵ ئەو کاندیدەدا لە کێبرکێدان تۆمەتی ئەوەیان دایە پاڵ کە ئەو پتر دەیەوێ دەنگی خانمانی دەنگدەر بەلای خۆیدا رابکێشێت. بە گوتەی ڕکەبەرانی، مەزەندە دەکرێ دەیان کچ شەیدای ببن و تەلەفۆنی بۆ بکەن.

لە کەربەلاش کاندیدێک دوو پایسکل و سێ ماتۆڕی عەرەبانەداری بە کرێ گرتووە و بە وێنەکانی خۆی رازاندوونەتەوە، بۆ ئەوەی بە نێو شاردا بسووڕێنەوە و ریکلامی بۆ بکەن.

کاندیدەکانی شاری کوتیش کە ناوەندی پارێزگای واستە لە باشووری عێراق، ڕێوشوێنی تازەیان بۆ بەدەستهێنانی دەنگ گرتووەتە بەر. کاندیدێک هەر بەوە نەوەستاوە کە بەرامبەر بە هەر دەنگێکی کە پێیدەدەن 10 هەزار دینار بدات، بەڵکو بە دەنگدەرانی گوتووە کە ڕۆژی دەنگدان بە خۆڕایی بە پاس دەیانگەیێنێتە بنکەی دەنگدان. کاندیدێکی دیکە بە نامەی مۆبایل بە دەنگدەرانی گوتووە: دەنگم پێ بدە و سێ تەبەق هێلکەی خۆت وەرگرە.

### بەسری وێنەی خۆیشی بڵاونەکردەوە

لە پارێزگای میسانیش خانمە کاندیدێک جلی ژێرەوەی بەسەر خانمانی دەنگدەردا دابەشکردووە. ژێدەرێک رایگەیاند کە ئەو کاندیدە برایەکی ڕەوانەی بازاڕی شۆرجەی بەغدا کردووە تاوەکو بە کۆ جلی ژێرەوەی ئافرەتانی بۆ بکڕێت.

لە کاتێکدا هەندێک کاندید پارەی زۆر لە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردندا خەرج دەکەن، بەسری ئەسمەر کاندیدێکی قەزای زوبێر لە پارێزگای بەسرا بڕیایداوە یەک دینار لە پروپاگەندەی هەڵبژاردندا خەرج نەکات و یەک وێنەی خۆشی بڵاو نەکردووەتەوە. ئەو کاندیدە دەیەوێت ڕەشپێستەکانی عێراق کە تائێستاش وەک کۆیلە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، وەک کەمینەیەک بناسرێن و دان بە مافەکانیاندا بنرێ.

### 2کەس لەسەر فلێکس کوژران

لە مووسڵیش کە وێنەی کاندیدەکان بە خۆیان و بەڵێنی زۆر و زەوەندیانەوە دار و بەردی شارەکەیان تەنیوە، بچووکترین کاندید بڕیاریداوە تەنیا لەڕێی ئیزگەوە ریکلام بۆ خۆی بکات. ئەو پێیوایە دەنگ کاریگەریی لە وێنە زیاترە.

هەڵمەتەکانی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن بە هەموو سەیر و سەمەرەیەکییەوە دوور نەبوو لە توندوتیژی. لایەنگرانی یەکێک لە کاندیدەکان بەهۆی ناکۆکییان لەسەر هەڵواسینی فلکێسی کاندیدەکان، دوو لایەنگری کاندیدێکی دیکەیان لە شاری سەدر لە ڕۆژهەڵاتی بەغدا کوشت، سێیەمیشیان بە برینداری ڕەوانەی نەخۆشخانەی قادسیەی شاری سەدر کرا.

## جۆری دیموکراسی لەعێراقدا دیاری دەکات

# هەڵبژاردنی 7ی ئادار ئاشتی دێنێ یان ئاڵۆزی؟

**ڕووداو- ڕۆیتەرز**

7ی ئاداری داهاتوو هەڵبژاردنێکی پەرلەمانی لە عێراقدا بەڕێوەدەچێت، کە ئەگەری ئەوە هەیە ئەو هەڵبژاردنە عێراق بەرەو ئاشتی و سەقامگیری ببات یان بەرەو پەشێوی و شەڕی تایفی بیگێڕێتەوە.

حکومەتی داهاتوو لەگەڵ کشانەوەی دوایین سەربازی ئەمریکا لە کۆتایی ساڵی 2011دا دەستبەکار دەبێت، هەروەها بە ملیاران دۆلار داهاتی گرێبەستەکانی نەوتیشی دێتە دەست، ئەو گرێبەستانەی کە لەگەڵ کۆمپانیای بیانیدا مۆر کراون. نەمازە کە عێراق سێیەم گەورەترین یەدەگی نەوتی جیهانی هەیە.

هەروەها شێوەی هەڵسووڕاندنی ئەو هەڵبژاردنەش جۆری دیموکراسییەکەی عێراق دیاری دەکات، ئەویش یەکسەر لەگەڵ نەمانی چاودێرییەکەی ئەمریکا، هەروەها شێوازی ڕەنگدانەوەی ئەو دیموکراسییە بەسەر وڵاتانێکی پتر دیکتاتۆری لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا.

عەبدولئەمیر عەلی، شیعەیەکی خەڵکی بەغدایە کە کۆگایەکی جلوبەرگ فرۆشتنی هەیە و دەڵێت، ئەگەر بە سنگەخشکێش بێت ئەو هەر بۆ دەنگدان دەچێت، چونکە نایەوێ رابردوو دووبارە بێتەوە"هەڵبژاردن بۆ عێراق گرنگە و پشت بە خودا ڕەوشەکە باش دەبێت".

تا ئێستا یەکەمین هەڵبژاردنی دوای وەدەستهێنانەوەی سەروەری، لە بری چارەسەرکردن، گرفتی تایفەگەریی قووڵتر کردووەتەوە، دوای ئەوەی چەندین کاندید لە نێویاندا سەرکردەی دیاری سوننە دوورخرانەوە، ئەویش بەهۆی ئەگەری پەیوەندییان بە حیزبی قەدەخەکراوی بەعسەوە.

هەرچەندە توندوتیژی لە عێراقدا پاشەکشەی کردووە، بەڵام ئەو هەڵبژاردنە لە عێراقدا هاوکاتە لەگەڵ پەیدابوونەوەی تەقینەوە لە بەغدا و هێرشکردنە سەر زیارەتکارانی شیعە. لە هەڵبژاردنەکانی رابردوودا شیعە یەکگرتوو بوون، بەڵام ئێستا دابەشبوون و سەرۆک وەزیران نووری مالیکی بە تەنیا دەچێتە هەڵبژاردنەوە، ئەو پێیوایە بەبێ هاوکاریی هاوپەیمانانی پێشووی دەتوانێت سەرکەوتن بەدەستبێنێ.



### دوورکەوتنەوە لە تایفەگەری

دوورکەوتنەوە لە سیاسەتی تایفەگەری هەنگاوێکە بەرەو پێش، بەڵام ئەگەری ئەوەش هەیە کە ئەگەر کەسێکی بەهێز دەسەڵات نەگرێتە دەست، لە پاش هەڵبژاردن ئاڵۆزی و پەشێوی بکەوێتەوە. بۆشاییەکی سیاسی لە 2006دا بواریدا شەڕی تایفەگەری هەڵبگیرسێت.

ڕەنگە ئەو بێ ئومێدییەی کە بە فراوانی بەهۆی گەندەڵی و ناتوانایی حکومەت لە چوار ساڵی رابردوودا بڵاوبووەتەوە، زۆر کەس لەو 18،6 ملیۆن دەنگدەرە سارد بکاتەوە لەوەی بچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان، هاوکات ترسی رووداني هێرشی تیرۆریستی زۆر دەنگدەری دیکەی لە نێو ماڵەکانیاندا دەهێڵێتەوە.

لە ڕۆژی هەڵبژاردندا زۆربەی عێراقییەکان چەند کاژێرێکی کەم کارەبایان دەبێت. هەندێک گەڕەکیش بەهۆی کۆنکریتی دژە تیرۆرەوە، بوونەتە خەرەند و حەساری بڵند، کە بۆ چەندین هەفتە چاویان بە ئۆتۆمبێلی زبل و خاشاک ناکەوێت.

حەسەن یوسف عەمەش (سوننەیە و تەمەنی 40 ساڵە) دەپرسێت:"بە درێژایی چوار ساڵی رابردوو حکومەت چی بۆ کردین؟ هیچ. دامەزراندن نییە و تەنیا تەقینەوەمان دیوە". هەرچەندە توندوتیژی پاشەکشەی کردووە، بەڵام تائێستا عێراق هەر لە پاشاگەردانیدایە.

بە گوێرەی داتای نەتەوە یەکگرتووەکان، 18%ی عێراقییەکان بێکارن و کەرتی گشتی دوو لەسەر سێی کاری هەمیشەیی دابینکردووە.

حکومەتی ئێستای عێراق 10 گرێبەستی لەگەڵ چەند کۆمپانیایەکی جیهانیی نەوتدا واژۆ کردووە، کە بواری ئەوە دەدات بەرهەمهێنانی نەوت لە عێراقدا هاوشانی سعوودیە بێت. ئەمەش ملیارەها دۆلار بۆ عێراق دەستەبەر دەکات و بواری پێدەدات کە هەڵمەتی بووژانەوە و ئاوەدانکردنەوە، دوای ساڵانێک لە شەڕ و سزای ئابوورییەکان، دەست پێبکات.

تا ئەم ساتەش وەبەرهێنان لە دەرەوەی سێکتەری نەوتدا هەر پەیوەستە بە گەشتیاری لە هەردوو شاری پیرۆزی شیعە، نەجەف و کەربەلا و لە هەرێمی کوردستانی نیمچە ئارام لە باکوور.

کرێکاران ئەو تەلار و بینایانەی حکومەت نۆژەن دەکەنەوە کە بەهۆی تەقینەوەوە لە شوێنانی جۆربەجۆری عێراقدا وێران بوون، هەروەها ئۆتۆمبێلی نوێش بە شەقامە جەنجاڵەکاندا دەسووڕێنەوە، بەڵام هیچ نیشانەیەکی بووژانەوەی ئابووری بەدی ناکەیت.

ئاد میلکیرت نوێنەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق هۆشدارییدا سەبارەت بە عێراق "گومانکردن بەردەوام بێت و پەتی ددان بەخۆدا گرتن بپسێت"، گوتیشی کە پێشکەوتن لە عێراقدا بەدیدێن.

حازم نعێمی راڤەکاری سیاسی لە بەغدا گوتی، هەڵبژاردنی 7ی ئادار لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا چارەنووسسازە، بەڵام کۆتایی کاروانەکەش نییە. ئەو گوتیشی"بە دڵنیاییەوە ئەم هەڵبژاردنە ڕژێمێکی تازەی بێ کەموکوڕی سیاسی دانامەزرێنێت، بەڵام گەرای گۆڕان دادەنێت".

هەندێک لە عێراقییەکان، ئەنجامی هەڵبژاردنەکە هەرچییەک بێت ئەوان بە هیواوە لێی دەڕوانن. قوتابییەکی زانکۆی بەمەزهەب سوننە گوتی، هەڵبژاردن سەرەتایە و دواتر ئیدی عێراق دەتوانێ لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێت.

## کوڕی سەرکردەیەکی حەماس سیخوڕی ئیسرائیل دەرچوو

# بەهۆی ڕاپۆرتەکانی، چەندین سەرکردەی فەتح و حەماس گیراون.. بە باوکیشیەوە

**ڕووداو- الشرق الاوسط**

ناوە نهێنییەکەی لای دەزگای هەواڵگریی ئیسرائیلی (شاباک) ئەمیری سەوز بوو، موسعەب کوڕی شێخ حەسەن یوسفە کە یەکێکە لەدیارترین سەرکردەکانی حەماس و ماوەی چەندین ساڵە لەزیندانی ئیسرائیلییەکاندایە. وەک ڕۆژنامەی (هائارێتس)ی ئیسرائیلی دەڵێت "زانیارییەکانی ئەو بوونەتە هۆی رزگارکردنی گیانی سەدان ئیسرائیلی لە مردن. هەر لەسەر بنەمای ئەو زانیارییانەش دەیان سەرکردەی سیاسی و سەربازیی وەک حەسەن یوسفی باوکی، ئیبراهیم حامد و عەبدوڵڵا بەرغوسی لەبزووتنەوەی حەماس و مەروان بەرغوسی لە بزووتنەوەی فەتح کەوتوونەتە دەست ئیسرائیل".

هائارێتس هەروەها ئەوەشی ئاشکراکردووە کە موسعەب لەسەرەتای مانگی ئاداری داهاتوو کتێبێک بەزمانی ئینگلیزی دەردەکات و ڕۆژنامەی ناوبراویش وەرگێڕدراوە عیبرییەکەی بەشێوەی زنجیرە بڵاودەکاتەوە. ئەو کتێبە دەربارەی ژیانی کوڕی یەکێک لە گەورەترین سەرکردەکانی حەماسە لەکەناری ڕۆژئاوا. کتێبەکە لەبنەڕەتدا کۆمەڵێک گفتوگۆی ڕۆژنامەوانیی درێژە لەگەڵ موسعەب و ئەو ئەفسەرانەی هەواڵگریی ئیسرائیلی کە ناوبراو کاری لەگەڵ کردوون. موسعەب پاش ئەوەی چووەتە سەر ئاینی مەسیحی، چووە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. ئەو پێیوایە بڵاوکردنەوەی تەواوی چیرۆکەکەی خزمەتی پرۆسەی ئاشتیی نێوان ئیسرائیلی و فەلەستینییەکان دەکات.

موسعەب ساڵی 1996 وەک چالاکڤانێکی سەر بە بزووتنەوەی حەماس لەلایەن ئیسرائیلییەکانەوە دەستگیرکرا. ئەو پاش بڵاوبوونەوەی کتێبەکەشی، ڕق و کینەی خۆی لە بزووتنەوەی حەماس نەشاردەوەو ئاماژەی بەوەکرد کە لە ماوەی ئەو 16 مانگەی لەزیندان بووە، ڕووی ڕاستەقینەی حەماسی بۆ دەرکەوتووە. موسعەب باس لە "بەد ڕەفتاریی" بەرپرسانی حەماس لەنێو زیندان و هەروەها باس لەو ناعەدالەتییەش دەکات کە لەنێوان بەرپرسان و ئەندامە سادەکانی ئەو بزووتنەوەیەدا لەزیندان هەستی پێکردووە. ئەفسەرانی هەواڵگریی ئیسرائیلی هەر زوو هەستیان بەوەکردووە کە موسعەب خەریکە باوەڕی بەحەماس نامێنێ، سوود لەو کەلێنە وەردەگرن و دەیهێننە سەر ئەو باوەڕەی کە کاریان لەگەڵ بکات، لەسەر ئەو بنەمایەش ساڵی 1998 ئازادی دەکەن.

ئەو ئەفسەرانەی کە موسعەب لەماوەی 10 ساڵدا کاری لەگەڵ کردوون، دان بەوە دادەنێن کە ناوبراو باشترین سەرچاوەی زانیارییەکانی ئیسرائیل بووە لەکەناری ڕۆژئاوا کە زانیاریی زۆر وردی گەیاندووەو هەر بەهۆی ئەو زانیاریانەش سەدان بۆمب و تەقەمەنی پووچەڵ کراونەتەوەو گیانی هەزاران ئیسرائیلی لەمردن رزگارکراوە. ئەوە سەرباری ئەو زانیارییانەی لەبارەی جموجوڵی بەرپرسانی فەلەستینی گەیاندوونی و بەهۆیەوە کەوتوونەتە دەست هێزەکانی ئیسرائیل، لەوانەش: مەروان بەرغوسی لە بزووتنەوەی فەتح کە تائێستا پێنج حوکمی زیندانی هەتا هەتایی هەیە، عەبدوڵڵا بەرغوسی سەرکردەی سەربازیی حەماس کە 36 ساڵ حوکمی لەسەرەو ئیبراهیم حامد کە حوکمەکەی 66 ساڵە. موسعەب تەنانەت دوودڵ نەبووە لەوەی حەسەن یوسفی باوکیشی بەدەستەوە بدات کە دادگاییەکەی هێشتا تەواو نەبووە.

موسعەب خۆی لەبارەی کارکردنی لەگەڵ ئیسرائیلییەکان، بۆ (هائارێتس) دەڵێت "ئەم ڕێگەیەم بۆیە هەڵبژارد چونکە دەزانم حەماس لە کوشتنی فەلەستینییەکانیش ناسڵەمێتەوە، ئەوە بزووتنەوەیەک نییە بۆ ئاشتی، ئاشتی بەحەماس بەدینایێ، چونکە زۆر بەسادەیی حەماس باوەڕی وایە کە جولەکەکان کافرن و نابێ ڕێککەوتنی ئاشتییان لەگەڵ مۆربکرێ". رقی موسعەب بەتایبەتی لە بزووتنەوەی حەماس بە رادەیەکە کە ئامادەیی خۆی دەربڕیوە بۆ ئەوەی بگەڕێتەوەو ببێتە سەرباز لەریزی سوپای ئیسرائیلیدا تاوەکو هاوکاری ئەو سوپایە بکات لە ئازادکردنی گێلعاد شالیت، ئەو سەربازە ئیسرائیلییەی لەلایەن حەماسەوە بەدیل گیراوە "نەکا ئیسرائیل بۆ ئازادکردنی ئەو سەربازە ناچاربێت دیل بەدیل لەگەڵ حەماس بکات و بەوهۆیەوە کۆمەڵێک لەو تیرۆریستە فەلەستینیانە ئازادبکرێن کە بەهەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر ئینجا توانیومانە دەستگیریان بکەین".


موسعەب لە پشت حەسەن یوسفی باوکی راوەستاوە

ئاشکرابوونی چیرۆکی هەڵگەڕانەوەی موسعەب لە حەماس و بگرە لەئاینی ئیسلامیش، بۆ خێزانی ئەو سەرکردەیەی حەماس شۆکێکی گەورەبوو، ئەوان لەنێو بزووتنەوەکەشدا بەرەوڕووی گوشارێکی دەروونیی زۆر بوونەتەوە کە چۆن کوڕەکەیان وا بەئاسانی لەئاینی خۆی هەڵگەڕاوەتەوە.

دوای بڵاوبوونەوەی ئەو چیرۆکە، شێخ حەسەن یوسف باوکی موسعەب، لەزیندانەکەی خۆیەوە لە بیابانی نەقەب، بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە کە تێیدا بەشێک لەو چیرۆکەی هائارێتس ڕەتدەکاتەوەو دەڵێت "موسعەب هەرگیز ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەندامێکی کارا نەبووە لەنێو بزووتنەوەی حەماسدا". هەروەها دەڵێت "ساڵی 1996 کە دەستگیرکرا، هەستمانکرد کەوتووەتە ژێر گوشاری هەواڵگریی ئیسرائیلی و لەوکاتەوە هەموو ئەندامانی حەماس ئاگادار کرانەوە کە خۆیانی لێ بپارێزن و هیچ نهێنییەکی لەلا نەدرکێنن، لەو کاتیشەوە هەمیشە لەژێر چاودێریی من و بزووتنەوەکەدا بووە، بۆیە ئەو بەشەی کە دەڵێت گوایە زانیاریی گرنگی داوەتە ئیسرائیلییەکان دوورە لەڕاستی".



گۆران محەمەد
goransalih@hotmail.com

# کەر و شێر

تۆزێـک سـەیرە، تـۆ ڕەخنە لە شێوازی کاری یەکێک بگریت، ئەو لە وەڵامدا جارێک بتکاتە کەر، جارێکیش سەگ، دواجاریش بڕیار بدا تۆ کافریت. یانی بە ئاشـکرا خەڵکی سادەت لێ هانبدا بەڵکو ئێهـ ئەمە خوایە یەکێک لە پەنایەکدا گورزێکت لێ بوەشێنێت. ئەمـە وەڵامدانەوەی ڕەخنـە نییە، ئەمە هەوڵێکی هۆشـیارانەی تیرۆر و تۆقاندنە.

پێکەنینم بە زەینی کەسێک دێت، بۆ ئەوەی نیشانیبدا ئەو لە تۆ شتترە، خۆی بە شێر بشوبهێنێت و تۆ بە کەر و سەگ، لە کاتێکدا هەرسێکیان ئاژەڵ و چوارپێیـن. ڕاسـتت دەوێ کەر بە سەبر و تەحەممول و بێوەیی، سەگیش بە وەفای بێ قەید و شەرت ناسراوە، هەرچی شێرە، بە غەدر و دڕەندەیی و زەفەربردن بە نێچیری نەخۆش و لاواز لە پشـتەوە ناسراوە، نازانم حیکمەت لە شوبهاندنی مرۆڤ بە ئاژەڵان چییە؟ بەڵام ئەگەر قەولە مرۆڤ بە ئاژەڵێک بشوبهێنرێت، وابزانم کەر و سەگ زۆر زەریفترن لە شێر.

نیشـانەکانی ئـەوەی کەسـێکی ئیسلامی مەیلی توند و تیژیی دەکات یان نا زۆر ئاسانن، بەر لە هەموو شتێک خۆی بە وەکیلی خودا لە سەر زەوی دادەنێت و بە ئارەزووی خۆی ئەم و ئەو تەکفیر دەکات، ئیسلامیی توندڕەو و هەڕەشە بۆ سەر کۆمەڵگەیەکی ئارام، کەسێکە هەردەم بە چاورسوورکردنەوە پەیامی خۆی ئاشکرا دەکات، کەسێکە ئەوەندەی باسـی دۆزەخ و سووتاندن دەکات، چارەکی ئەوە باسی ڕەحمەت و بەهەشـت ناکات، کەسی توندڕەو جنێو دەدات، سووکایەتی بە بەرامبەر دەکات، لە هەمووشـی مەترسیدارتر، هۆشـیارانە هانی باوەڕدارانی سـادە و سـاویلکە دەدات و تـا ئەو ڕادەیە تووڕەیـان دەکات ببنـە ئامێرێکـی کوشـتنی قورمیـش و کۆنترۆڵکراو. ئا لێرەدا ئەگەر وەزارەتی ڕۆشنبیری مۆڵـەت بەخش بە ڕادیۆی سـەت و حـەوت پۆینت یەک، یـان وەزارەتـی ئەوقـاف، یان وەزارەتـی ناوخۆ یان داواکاری گشتیی، هەڵوێست وەرنەگرن، ئیدی ژیانی هەموو ئەوانەی دەیانەوێ گوتاری توند و تیژ لەم وڵاتەدا پەرە نەسێنێت، دەکەوێتە مەترسییەوە.

ڕەخنە لە شـێوازی توند و تیژی ئیسلامیی یان موسڵمانێکی توندڕەو، مانای ڕەخنەگرتن لە ئیسلام خۆی یان کافربوون نییە، هەر کەسـێکیش بەو ئاراستەیە ڕەخنە وێنا بکات، ڕاوچی ئاوێکـی لێڵە. خۆ ئەگـەر ڕەخنەی نووسەری ئەم گۆشەیە لە دەنگبڵندیی و نەڕەنـەڕی ڕادیۆی ناوبراو لە جێی خۆیـدا نەبوو، ئەی بۆچـی لە دوای ئەو نووسینەوە خاوتان کردەوە؟ کە زانیتان هەڵەبوون و لەبەر ڕۆشـنایی ڕەخنەیەکدا شـێوازی خۆتان گۆڕی، جوانتـر وابوو بە ئاشکرا دانی پێدا بنێـن، نەک هەڕەشـە بڵاویکەنەوە، ئەی مەگەر داننان لە هەڵەدا فەزیڵەت نییـە؟ لێ زمانـی وەڵامەکەتان جیا لە سـووکایەتی و جنێوبەخشینەوە، هەڕەشـە و هاندانێکی ئاشکرا بوو، بۆیـە لێـرەوە ڕاسـتەوخۆ داوا لە وەزارەتـی ڕۆشـنبیری و داواکاری گشـتی دەکـەم، لە بەر ڕۆشـنایی وەڵامـی پڕ هەڕەشـەی بەڕێوەبەری ڕادیۆی سـەت و حەوت پۆینت یەک لە ژمارەی پێشووی ئەم ڕۆژنامەیەدا، دەسبەجێ بە مەرجەکانی دامەزراندنی ئەو ڕادیۆیە و مۆڵەتەکەیدا بچنەوە و بیخەنە بەردەم پرسیار و لێکۆڵینەوە. بیکـەن یان نەیکەن، ئەم گۆشـەیە لـە بەرەنگاربوونـەوەی توندڕەوی بەردەوام دەبێت.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar2001@yahoo.com

# کەشتییەکەی نوحی گۆڕان!

یەکێـک لـە سـەرکردەکانی گـۆڕان بزووتنەوەکـەی خۆیان بە کەشـتی نوح پێغەمبەردەچوێنێ و وایداناوە ئەوەی سواری کەشتییەکە نەبێ لە داهاتوودا تێدەچێ، بە واتایەکی دیکـە ڕزگاری نابێت. بۆ ئێمەی ڕۆژنامەنووس ئەگەرچی جائیز نییە سواری هیچ کەشـتییەک بین، نـەک لەبەرئەوەی کـە خوانەخواسـتە وەکـو باڵۆنەکـەی کەرکووکـی گۆڕان لە ئاسـمان گڕ بگرێت و بکەوێتە خـوارەوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی هەر کەشتییەک تاوەکو بەندەرێک ڕێدەکات و کەسـیش عومری نوحی نییـە تاوەکو چاوەڕێ بکات، جارێکی دیکە کەشتییەکە بەکاردەکەوێتـەوە. جگە لـەوەش ئەگەر ئێمە مانان سواری کەشتی بین کێ دەزانێ کێ بە جێماوە تاوەکو ڕاپۆرت و نووسـین لەبـارەی ئەوانەوە ئامادە بـکات! مەوزوع ئەوە نییە، بەڵام بەڕاسـتی تەجسیدکردنی هەندێ دروشـم زۆر مەترسیدارە، گۆڕان بە کەشتییەوە گرتوویانە و لە ڕۆژانی ڕابردوو ڕاپۆرتێکی وێنەییان لە میدیاکانی خۆیانەوە سەبارەت بە هاتنی ژمارەیەک لە لایەنگرانی گۆڕان لە کەلارەوە بۆ سلێمانی بڵاوکردەوە بە ناوی"کەشتی گۆڕانخوازانی کەلار گەیشتە سلێمانی..."، کەشتی چ کەشتی، کرێنێکیان هێناوە و نزیکەی 250 کەس سـواری ئەو کرێنە بوونە، بە قـەدەر نیوەی ئەوانەش بەڕێوە خۆیان پێوە هەڵواسـیبوو. مرۆڤ کـە ئەم دیمەنە دەبینێ بە دەسـت خۆی نییە پاسەکانی پاکستان و هیندستانی بیر دەکەوێتەوە کە مریشـک و قاز و بزنەکانی خۆشیان لەسەر سەقف داناوە و لەبەر قاز و کۆتر و مراوی و ئینسان نازانێ ئەوە پاسە یان خەڵکن سـواری ملـی یەکتری بوون. ئەگەرچی کەشتییەکەی گۆڕانخوازانی کەلار هیچ جـرِ و جانەوەرێکی لەسـەر نەبوو و زۆربەیان خەڵکی گەنج و خوێنگەرم بوون، بەڵام کارێکی هێندە مەترسیداریان کردبوو کە بەڕاستی ئینسـان هەستدەکات هێندە ناهێنێت. ئاخۆ دەبێ دەنگدان و نمایشێکی سیاسی لە ژیان و تەندرووستی ئەو هەموو گەنجە جوانـە کە ئەگەر خوانەخواسـتە بکەوتبانە خوارێ و شتێکیان لێ هاتبایە، بە قیمەتتر بێت!

نزیکەی هەر هەفتەیەکی دیکەمان ماوە تا ڕۆژی دەنگدان، بەڵام بەداخەوە کۆمەڵگەی کوردی کە جاران تووشـی دووجەمسەری ببوو، ئێستا وا خەریکە بەرەو سێ و تەنانەت چەند جەمسـەری هەنـگاو دەنێت و لەو بەینەدا بەها نیشتمانییەکان بەشێوەیەکی زۆر مەترسـیدار خراونەتـە چوارچێوەی هەڵمەتی پروپاگەنـدەی هەڵبژاردنەوە. لە ڕۆژانـی ڕابردوو پارتیـش کەوتە بەرامبەر گۆڕان، چاوەڕوانی ئـەوە هەبوو کە چەند گـرژی هەبێ لە نێوان گـۆڕان و یەکێتی، هێزێکـی دیکە هەبێت بتوانـێ لە گرژیدا قسەی خێر بکات و دۆخەکە هێور بکاتەوە. بەڵام ئەو بەیاننامەیـەی کە چەند ڕۆژێک بەر لە ئێستا مەکتەبی ناوەندیی ڕاگەیاندنی پارتـی بەرامبەر گـۆڕان بڵاویکردەوە، بە ئاشـکرا هۆشـداریی داوەتە گـۆڕان کە هەوڵـی ئەوە نەدات پێی پارتی بێنێتە ناو کێشـەکانی خۆیان و یەکێتـی و هەروەها خەتێکی سووری بۆ گۆڕان داناوە.

ئێمـە وەک ڕۆژنامەنـووس لەگـەڵ فرەدەنگـی و فرەڕەنگیـدان و، ڕەنگبـێ من یەکێکبووبم لەو کەسـانەی کە هەر لە سـەرەتاوە پشـتیوانیم لەوە کردبێت کە کورد لە بەغداش بە لیستی جیاواز دابەزن، ئومێد ئەوەبوو کە کورد بتوانن بیسەلمێنن کە ڕەنگبێ وەک یەک بیر نەکەنەوە، بەڵام هەموویان کوردسـتانین، کەچی هێشـتا هیچ نەبووە وا خەریکە دەبینە گاڵتەجاڕی نەیارانی کورد.

کورد بـا لە کوردسـتان هـەر یەکەو کەشتییەکیان هەبێ ئەگەرچی ڕەنگبێ ئەو هەموو بەندەر و لەنگەرەمان نەبێ، بەڵام با هەموو کورد لە بەغدا یەک کەشتییان هەبێ کە ئەویش بەرژەوەندییەکانی کوردسـتان بێت، ئـەوەی لێی بێتە خـوارەوە غەرق بێت.



هێمن عەبدوڵڵا
هۆڵەندا
hemn_abdulla@hotmail.com

# قوتابییەکانی میستەر خەریکی چین؟

من و میستەر پێوەندییەکی دۆستانەمان هەیـە. ئـەو سەرپەرشـتیاری خولێکی بەهێزکردنـە کە زانکۆی ئەمسـتەردام بۆ ئەو قوتابیانەی دەکاتەوە کە دەیانەوێ لە وڵاتێکـی ئینگلیزیزمان کار بکەن، ئەزیش قوتابیی ئەوم.

میسـتەر پیاوێکی باڵابـەرز و لاوازی قـژ ماش و برنجییە کـە هێندەی جگەرە کێشاون سمێڵەکانی ڕەنگێکی زۆر سەیریان گرتووە. بۆیەش هەمیشە کە قسە دەکەین، پرسـیارێک بێئاگایانە بەخۆیەوە مژوولم دەکات: دەبێ سـمێڵەکانی میسـتەر چ ڕەنگی بـن؟ ئەوان زۆر بـۆرن، بەڵام نە ڕەشـن، نە خۆڵەمێشـین، نە قاوەییشن. خۆ پیاو لەڕووشـی نایێت لە پیاوێکی وا سەنگین بپرسێ: ئەرێ میستەر پێمناڵێیت ڕەنگی سمێڵەکانت چییە؟!

میستەر لە وانەیەکیدا دەربارەی مێژووی سیاسیی بەریتانیا باسـی ئەو خۆخۆری و دڕندایەتییە دەکات کە سـەدان سـاڵ بەریتانیـای پێـدا تێپەڕی. ئەو باسـی داوونەریتی خەڵکی ئەوێ، تایبەتمەندییەکان وسیمبۆلە نەتەوەییەکانیان دەکات. لە باسی ئینگلیزەکاندا هەمیشە وەک خەڵکی وریا و ڕووناکبیر دەیانناسێنێ، بەڵام کە دێتە سەر باسی سکۆتلەندییەکان هەوڵدەدات وێنەی گەلێکی دواکەوتووی هیـچ لەباردانەبووی هەمیشـە خۆجیاکەرەوەمان پیشانبدات. گوایە سـەردەمێک کە هێشـتا بەریتانیا نەکەوتبووە ژێر چەتری (شاهەنشاییە قەت خۆرلێئاوانەبووەکـە) ئینگلیزەکان هێندە پێشـکەوتوو بوون کە کاتێک سـووپای سکۆتلەندییەکان یان گەلانی دیکە هێرشیان بۆ هێناون توانـای بەرگری لەخۆکردنیان نەبـووە. بۆیەش لەوبەری دەریاوە و لەناو ئەورووپـاوە فریزییەکان و گەلانی دیکە بە پارە جاشـایەتییان بۆ کردوون و فریایان کەوتوون.

کاتێک میسـتەر باسـی فریـزەکان، سکۆتڵەندییەکان و ئایرلەندییەکان دەکات، بەجۆرێک دەیکا کە قسـەکانی لە گوێمدا دەزرنگێنەوە. ئەوکاتە چیدی پرسـیاری ئەوەی کـە (دەبێ ڕەنگی سـمێڵەکانی میسـتەر چی بێ؟) مژوولم ناکات، بەڵکو ئـەوەم وەبیر دێتەوە کە چەند ترسـناکە مـرۆڤ مێـژووی گەلێک لە کەسـێکەوە ببیسـتێ کە ئەو گەلەی خۆشناوێ. یان قینێکی مێژوویی لێ لەدڵدایە. قسـەکانی میسـتەر زۆر لەگوێی مندا لە قسەی ئەو عارەب و تورک و فارسە نەتەوەپەرستانە دەچن کە هەوڵدەدەن مێژووی کوردستان بۆ منداڵەکانیان و خەڵکی بێگانە بگێڕنەوە. ئەوانیش وەک میستەر ئۆباڵی بندەستی و پاشکەوتوویی ئەو گەلەی قسەی لەبارەوە دەکـەن (کورد یـان سـکۆتڵەندی) بۆ گەلەکانـی خۆیان دەگێڕنەوە. ئەوانیش وا لە منداڵەکانیـان دەگەیێنن کە کورد یان سـکۆتڵەندی جانەوەرن، نەزانن، یانیش جاشی حەوت دەوڵەتان و خۆخۆرن.

لەکاتی پشـوودا دەچمە لای میستەر. لێیدەپرسـم: ئێوە سـەر بـە کام گەلی نێو بەریتانیان؟ ئەویـش بە خەندەیەکی شـانازیکارانەوە دەڵێـت: ئینگلیـزم. پێیدەڵێم: خۆزگە ڕۆژێک سکۆتڵەندییەکتان بانگ دەکرد تا ئەویش هەمان ئەو وانەیەی ئێوە بە شـێوازی خۆی بڵێتەوە. میستەر پێدەچێ خۆشـی بە قسەکانم نەهاتبێ و بە تووڕەییەوە دەڵێ: مێژوو مێژووە، گرنگ نییە کـێ دەیڵێتەوە. گرنـگ ئەوەیە کە ڕاسـتییەکان بڵێیت. ئەزیش بە ئەدەبەوە خەندەیەکـی بۆ دەکـەم و دەڵێم: بەڵام کێشـەی مێژوو ئەوەیە کە ڕاسـتییەکانی ئێوە لەگەڵ ڕاستییەکانی سکۆتڵەندییەک زۆر لێک جیاوازن!

دۆستێکی هۆڵەندیم باسی ئەوە دەکات کـە تا منی نەناسـیبوو وایدەزانی هەموو کورد تیرۆریسـت و مرۆڤکـوژن. ئەو کە چەند دۆستێکی تورکی هەبووە زۆرجار لە مەتەڵ مەتەڵانێی نێوانیاندا بیستوویەتی کە هەمیشە ئەگەر یەکێکیان ئیشێکی خراپی کردبێ ئەوانیدیکـە پێیانگوتووە: دەڵێی کوردی! ئەو دۆستەم وا کاریگەر ببوو بەو قسانە، کە کاتێک زانیبووی کوردم دوودڵ ببوو لەوەی بەردەوام بێت لە دۆستایەتیم. ئەوەیە مەترسـیی گێڕانـەوەی بەهەڵەی مێژوو!

ئاخۆ ئێسـتا چەنـد "قوتابیی دیکەی میسـتەر" بە گێڕانەوە هەڵەکانیان زەینی خەڵکـی جیهانیـان لەبەرامبـەر کورددا ژەهراوی کردبێ؟



ئەمجەد شاکەلی
سوێد
kawe35@hotmail.com

# گاڵتەجاڕیی هەڵبژاردن

بڕواناکەم هیچ گەل و نەتەوە و خەڵکێکی ئـەم جیهانە هێندەی کورد، خۆشـباوەڕ و بیرکول بێت. تۆ تەماشای ئەو شەقام و کۆڵان و مەیدانانەی شار و شارۆچکەکانی باشووری کوردستان بکە، دەڵێی ڕۆژی حەشرە! پەڕۆ و ڕەنگ و ئاڵا، چاوی مرۆڤ دەردێنن و هاوار و قیژە و نەڕەنەڕ، گوێی مرۆڤ کەڕ دەکەن، دیارە من لـە تەلەڤزیۆنەوە دەیبینم، خودا بۆ خۆی بەزەیـی بەو خەڵکەی ئەو وڵاتەدا بێتەوە. چییە! دیسان هەڵبژاردنە. هەرچەند ساڵ جارێک، حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان و کەسـانێک، کە شـەیدای کورسین، ئەم شـایلۆغانە سـاز دەکەن و مـاوەی چەند حەفتەیەک ئەو خەڵکە تووشـی سەرێشـە و گێژوویـژی دەکەن. درۆیان لێ دەکەن بە ڕاست، دنیایان بۆ دەکەنە بەهەشت و دز و ساختەکار و پاشەڵپیسـیان لێ دەکەن بە دەستپاک و فریشتە. بەڵێنیان دەدەنێ بە بار و بە تەغار. کەرکووک و خانەقین و مەندەلی و شنگال و ...دەگێڕنەوە سەر کوردستان و برسی تێر دەکەن و گەندەڵی بنبڕ دەکەن و نەخۆش تیمار دەکـەن و هەژار دەوڵەمەند دەکەن و وشکەساڵی دەتەڕەساڵێنن و چی دەکـەن و چی دەکەن...هەنـدێ جار ئەم بەزمە بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و هەندێ جار بۆ پەرلەمانی عێراق و ماوەیەکی دیکە بۆ بەزمێکی دیکەی دەکەن. ئێستا بۆ عێراقـە، ئەو خەڵکـە، ژن و پیاو و خۆرت و زارۆک، هەڵدەپەڕن و نیوەی لەشـیان لە ماشـێنەوە دەبەنە دەرێ و پـەڕۆ، پەڕۆی زەرد، پەڕۆی کەسـک، پەڕۆی کەوە (شینی تۆخ/ نیلـی) و دەیـان ڕەنگـی دیکە... ڕادەوەشـێنن و هاوار دەکـەن، هەر دەڵێی دەروێشـی ڕیفاعی و کەسنەزانن. هەمووان تەنیا خۆیان دەبینـن و ڕەنگەکانی خۆیان لەکـن تۆخ و تۆختر دەبێتەوە و ڕەنگەکانی ئەوانیدیکەشیان لەکن کاڵ و کاڵتر دەبێتەوە. دیسان هەڵبژاردنە.

پەرلەمـان و دیموکراتیـی پەرلەمانی، گاڵتەجاڕییەکـە لـەو گـۆڕەی. ترۆپکی گاڵتەجاڕییەکـەش، هەڵبژاردنـە، ئـەو شانۆیەی، کە خەڵک تێیدا دەکرێنە ئەکتەر و لێبـووک و هەڵدەپەڕێنرێـن. هەڵبژاردن وازییە و چاوبەسـتن و پێکەنینە بە ڕدێنی خەڵـک. هەڵبـژاردن، ڕێگەدانـە بە چەند کەسێک، کە بە ناوی نوێنەرایەتی و گەلەوە خەڵـک بڕووتێننەوە. پەرلەمـان کارگەی دروسـتکردن و پێگەیاندنـی کۆمەڵێـک مشـەخۆرە، کە هەریەکـەو مانگانە چەند هەزار دۆلاریـک وەردەگرێت و خانوو و ماڵ و ماشـێن و پاسەوان و شۆفێر و کارکەر و دەیان تایبەتمەندیی دیکەی بۆ دابین دەکرێن و کە چوار سـاڵەکەیش تـەواو دەکات، بە چەند هەزار دۆلارێک خانەنشین دەکرێ، کە ئەمەیـان لە هیچ وڵاتێکی جیهاندا نموونەی نییە تەنێ لە کوردستان و عێراق نەبێت. ئەو دوو وڵاتەی، دەسـەڵاتدارانی بە هیچ شتێک تێر نابن و ئەگەر پێیان بکرێ هەموو تاکێکی دانیشتووانیان ڕووتدەکەنەوە.

کـورد لەم هەمـوو خۆشـەکەتکردن و ژاوەژاوەدا ئەگەر بـە دەنگدان هەندێک لەو مشـەخۆرانە بگەیێنێتە پەرلەمانی بەغدا، ئەوا لە باشـترین حاڵدا، هـەر وەک جاران دەوروبـەری پەنجا کەسـێک بخاتە سـەر تەخت. لـە کۆی 325 ئەنـدام پەرلەمانی بەغدا، ئەگـەر 50 ئەندامـی نوێنـەری کوردستان بن، ئەگەر بگەنە60یش و ئەگەر کوردستان بیشیگەیێنێتە 150 نوێنەریش، کە هەرگیز نایگەیێنێت، ئەوا کورد هێشـتا هەر کەمینەیە و بەرانبەر 175 ئەندامەکەی دیکە هیچـی پێناکرێ و خەونی گێڕانەوەی کەرکووک و دەڤەرە دابڕاوەکانی کوردستان "بە قانـوون"، وەک هەندێک سیاسـەتکار و پاشـکۆی سیاسـەتکار و نووسـەر و ڕووناکبیرانی مشەخۆر و فیلۆسۆفانی کورد خەونی پێوە دەبینن، هەرگیز نایێتە دی!

دوای 14ی تەممـووزی 1958 و گۆڕینی ڕژێمی شافەیسەڵ بۆ کۆماریی عەبدولکەریم قاسم، مامۆسـتا هەژار (هەژاری موکریانی) لـە سـووریاوە دەگەڕێتەوە عێـراق و لە بەغدا دەبێ. پێیدەڵێن کە مامۆستا گۆران (گۆرانی شـاعیر) لە بەغدایە و ئەویش کە هەر دووراودوور ئاشـنای گۆران دەبێ، دەچێتە دیدەنی. مامۆستا هەژار دەڵێ:"چوومە زیارەتی لە ئوتێل سیروان. فەرمووی: هەژار! جار-جار دڵ خەبەر دەدا. وا کۆمەڵی نووسـەران و شاعیران دامەزراوە، سەد و پەنجا ئەندامن. داوام کردووە ناوی تۆش نووسـراوە. هەرچەند گوتیان کەس نازانێ لە کوێیە، تازە نایێتەوە، دەدڵم چەقیبوو دێیەوە. دڵم خۆشە کە ناوت نووسرا. — مامۆستا سوپاسـت دەکەم، بەڵام نایکەم. — چۆن ئەو شـانازییە قبووڵ ناکەی؟- قوربان! چیرۆکمان چیرۆکی موسوڵمانانی هیندە: بەوپەڕی ئازادیش ڕەئی بـدەن، هەر کەمایەتین. پاکسـتان بۆیە دروسـتبوو...تۆ کورد دەگەڵ سەدوچل عەرەب چۆن دەربەرێ؟! " .

دیموکراتیی پەرلەمانی بەهۆی دەسـتدرێژی و دەستڕۆیشـتوویی و زاڵبوونـی ئابووری و فەرهەنگـی و سیاسـی ڕۆژاواوە (ئەمەریـکا و ئەوروپا و..) بووەتە تاکە شـێوەی دەسەڵات و حوکمڕانیـی و بووەتە نموونەیەک، کە تەنانەت خەڵـکی وڵاتانی دیکەی دەرێـی ئەو بازنەیەی ئەوانیش چاوی لێ بکـەن و بە پیرۆزی بزانن. بە گەڕانەوە بۆ مێژووی پەیدابوونی دیموکراتی، مرۆڤ دەگاتە ئەو ئەنجامەی، کە دیموکراتی بە شێوەی هەڵبژاردنی تاکەکەسێک وەک نوێنەری سـەدەهەزار کەس، وەک ئەوەی ئێستای عێراق یان هەر ڕێژەیەکی دیکە، لە دەسـپێکدا نەبووە و تەنیا دیموکراتییەک، کە هەبووە، دیموکراتیی ڕاستەوخۆ بووە. خەڵک بۆ خۆی دەنگی لەسەر هەمـوو بڕیارێـک داوە و خەڵـک دەمەتەقە و گوتوبێژ و مشـتومڕی لەسـەر هەموو شتێک کردووە. ئـەم جۆرە دیموکراتییـە لە مێژووی فەرمانڕەوایی ئیسلامیشدا لە سەردەمی پەیامبەر و خەلیفەکانیشیدا هەبووە و لە فەرهەنگی وڵاتی کوردستانیشەوە دوور نەبووە و نییە.

دیموکراتیی ڕۆژاوایی ئەمڕۆ لە سەدان وڵاتدا پێڕەو دەکرێ. لە 1992یشـەوە کورد خاوەنی پەرلەمانـە و لە عێراقی پاش بەعسـیش، بە دیتنی سیاسـەتکارانی ئەو وڵاتە و کوردانیش، هەڵبژاردنی ئازاد دەکرێ و پەرلەمان هەیە، ئایا پەرلەمان چ کێشەیەکی چارەسەر کردووە، ئەگەر قووڵتر و سەختتری نەکردبێ!

ئەم هەڵبژاردنەیش وەک هەموو هەڵبژاردنێکی دیکەی جیهان، سەرخسـتنی چەند گەمژە و مشەخۆرێکە بۆ ئەوەی سـواری سەری خەڵک بـن وپارە بەو خەڵکەوە وەرگرن و پتر ورگ زل بکەن.

دەردی گەلی کوردسـتان، هەر ئەو دەردەی موسـوڵمانانی هیندوسـتان و پاکستانی پێش سـاڵانی 1947و هەر ئـەو دەردەی خوارووی سـوودان، ئایرلاندی باکوور، باسک، فلستین، بەلووچستان و زۆری دیکەی وەک ئەو گەلە بێ دەوڵەتانەیـە، نە پەڕۆی ڕەنگاوڕەنگ و نە قیژە و هەرا و زەنا و نە خۆبادان و سـەردەرکردن لە ماشێنەوە و نە پەرلەمان و نە بەغدا و ئەنقەرە و تاران و ئیسەنبوڵ و نە دیموکراتیی پەرلەمانی چارەی دەردەکەی ناکات.



بەرهەم عەلی
barhamali71@yahoo.com

# یەکگرتوو دەڵێ میلیشیام نییە؟!

ناونانی پێشـمەرگە بە "میلیشیا"، مشتومڕێکی زۆری ناوەتەوە، میدیاکان زۆریان لەسـەر گوت و قسـەی زۆری لەبارەوە کـرا، سـەرۆکی پەرلەمان ڕایگەیاند کە لە ڕێگەی لێژنەی کاروباری پێشمەرگەوە بەدواداچوون بۆ یاداشتی پێشـمەرگە کەمئەندامەکانی سەنگەر دەکات کـە ناڕەزاییـان لەبەرامبـەر ئەندامێکی پەرلەمان لە فراکسـیۆنی گـۆڕان دەربڕیـوە. وتەبێژی فەرمیی هێزی پێشـمەرگەش گوتی سـکاڵای لەسـەر تۆمـار دەکەیـن و، لەچەند ناوچەیەکی جـودا ڕێپێوانی ناڕەزایی دەربڕین لەلایەن پێشـمەرگە دێرین و نوێکانەوە ئەنجامدرا، تا ئەو ئاستەی سـەرۆکی هەرێمی کوردسـتان هاتە سـەر خەت و لە کردنەوەی کۆنگرەی یەکێتی قوتابیانی کوردسـتاندا گوتی "سـووکایەتیکردن بەناوی پێشمەرگە لە هەموو هێڵێکی سـوور سوورترە". بـەڵام ئـەو پەرلەمانتـارەی گۆڕان ڕەتیدەکاتەوە و دەڵێ "من مەبەسـتم هەموو پێشمەرگەیەک نەبووە"، وەک لە بەیاننامەی فراکسـیۆنی گۆڕان دا نووسرابوو، ئەوان هێزی دژە تیرۆریان بە میلیشیا دانابوو. بەڵام بەهۆی ئەو لێدوانانەی لە ماوەی ڕابردوودا لەلایەن نوێنەرانی چەنـد گرووپێکی عێراقی و ناعێراقیـی دژی کـورد درابوون و ناوهێنانی پێشـمەرگە بە "میلیشیا" بەمەبەستی سـووکاتیکردن لە کایەدا بوون، دەبێ هەمووان لە "هەستیاری"ی ئەو پرسە بگەین.

بەهـەر حاڵ ئـەوە پەرلەمانتارێک بوو قسـەیەکی کرد، گریمان "زەلەت لیسـان"ێک بـوو، یـان "لـە دەمی دەرچوو"، یان شارەزایی لە"لێدوان"دا نەبـوو، بـەڵام سـەیر لەوەدایـە یەکگرتووی ئیسـلامیی کوردستانیش کـە لـە پەرلەمانـی کوردسـتاندا هاوسـەنگەری گۆڕانـە لـە گرووپی ئۆپۆزسـیۆن، ئەویش بەپێشـمەرگە دەڵێ "میلیشـیا"، یەکگرتوو نەک لە لێدوانێک یاخود "زەلەت لیسانێک"دا، بگـرە لـە دروشـمەکانی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردندا پێشمەرگە بە "میلیشیا" لە قەڵەم دەدات و شانازی بەوەوە دەکات کە "میلیشـیا"ی نییە، ئەگەر بڕواش ناکەن ئەم دروشمەی بۆ هەڵبژاردنەکان بخوێننەوە (یەکگرتووی ئیسـلامی تاکە هێـزی مەدەنی و بێ میلیشیای کوردستانە)، ئەم دروشمە بەبارێکی دیکـەدا واتە هێز و لایەن و حیزبەکانی دیکە میلیشـیایان هەیە، حیزبەکانی دیکە کێن "پارتی، یەکێتی، شیوعی، سوسیالیسـت...هتد"، خۆ مەبەسـتی "ئەنسارولسوننە"ش نییە، کەواتە ئەو سەدان هەزار پێشمەرگەیەی ئێستا یەکێتی و پارتی لە سەروبەندی ڕێکخستن و یەکخستنیدان هەرهەموویان "میلیشیا"ن، واتە نەبوونی پێشمەرگە "میلیشـیا" بەقەولـی دروشـمەکەی یەکگرتوو، مایەی شـانازییە. بەبڕوای من ئەمـە سـووکایەتیکردنە بەناوی پێشـمەرگە و نابـێ لـە کێبڕکێـی هەڵبژاردنـدا لانیکەم بۆ ئەم قۆناغەی ئێستا، ئەم جۆرە دروشمە لە حیزبێک قبووڵ بکرێت کە خەباتی شاخی نییە و پێشمەرگایەتی نەکردووە، یان ئەگەر مەبەستی پێشمەرگەی لایەنەکانی دیکە نییە، دەبـێ داوای ڕوونکردنەوەی لێ بکرێت داخۆ مەبەستی لەو میلیشیایە چییە!.

بـەلای منـەوە ئـەو لایەنـەی یەکگرتووی ئیسـلامی جێی ڕێزە کە هێزی چەکـداری نییە، بـەڵام نابێ بەپێشـمەرگەی حیزبەکانی دیکە بڵێ "میلیشیا"، ئەمە قسەی شۆڤێنییەکانی گۆڕەپانی سیاسـیی عێراقە، نەک هی حیزبێـک کـە لەژێر سـایەی هێزی پێشمەرگەدا ئازادانە چالاکیی سیاسی و ڕێکخراوەیی خۆی ئەنجامبدات.



wanwilgenburg@gmail.com
ولادیمیر ڤان ویلخنبیرخ - کوردستان

# لە کوردستان باوەڕ بە هیچ مەکە!

پێشتر نووسیبووم پاسەوانەکانی مەلا بەختیار تەقەیان لە خەڵک کردووە. بەڵام باشتر بوو گوتبام: مەلا بەختیار بەوە تۆمەتبار دەکرێ یان ڕەخنەی ئەوەی لێدەگیرێت کە پاسەوانەکانی ئەو کارەیان کردبێ. چونکە ئێستا بڕوام زۆر بەوجۆرە چیرۆکانە نەماوە. لە شەڕی ڕاگەیاندنی نێوان پارتە کوردییەکاندا زۆر زەحمەتە بۆ ڕۆژنامەنووسێک لەوە تێبگات کە کێ قسەی ڕاستدەکا، بۆ کەسێکی بیانی ئەوە زەحمەتتریشە. بۆ نموونە من تەنانەت زمانی کوردیش نازانم.

ئەو ڕەوشەی ئێستا لە کوردستان دروستبووە زۆر لە شەڕی ڕاگەیاندنی نێوان ئیسرائیلی و فەلەستینییەکان دەچێت: هەموو لایەک خۆیان بە قوربانی دەزانن، بەڵام هەمیشە ڕاستییەکان دەکەونە نێوەڕاستەوە. واتە هەر لایەک نیوەی ئەو شتانەی دەیڵێت ڕاستە. ڕۆژنامەنووسی هۆڵەندی (یۆریس لوییێندایک)یش کە ماوەیەکی زۆر لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بووە هەمان ئەو قسەیە دەکات.

لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا پیشاندانی "ڕاستییەکان" زۆر زەحمەتە، یانیش ڕەنگە تا ڕاددەیەک مەحاڵ بێت. ئەزموونی ئەو ڕۆژنامەنووسە هۆڵەندییە لە فەلەستین ئەوەی بۆ ڕوونکردبووەوە کە هەردوولا هەوڵدەدەن لە بەرژەوەندیی خۆیان کاریگەری لەسەر میدیا دابنێن. لە کوردستان پارتە سیاسییەکان تەنیا هەوڵنادەن کاریگەرییان بەسەر میدیاکانەوە هەبێت، بەڵکو هەموویان (واتە هەموو پارتەکان!) میدیای تایبەت بە خۆیان هەیە.

پارتی، گۆڕان، یەکێتی، یەکگرتوو، کۆمەڵ و...هتد، هەموویان کەناڵی میدیایی وەک ڕۆژنامە، تەلەڤزیۆن و ماڵپەڕی خۆیان هەیە. هەرچەندە پارتەکانی ئۆپۆزسیۆن بانگەشەی ئەوە دەکەن کە جیاوازن، بەڵام بۆ نموونە گۆڕانیش ئیمپراتۆریەتێکی میدیایی هاوشێوەی پارتی و یەکێتیی هەیە. من بە بەردەوامی هەواڵ و زانیاریم لە هەردوو بەرەکەوە بۆ دێت و ئیدی وەک کەسێکی بێلایەن نازانم بڕوا بە کامیان بکەم. ئایا چی ڕاستە و چی ڕاست نییە؟ فەیلەسوفە پۆستمۆدێرنەکان دەڵێن چیدی شتێک بەناوی "ڕاستی"یەوە بوونی نییە، ئەوەی هەیە کۆمەڵە چیرۆکێکی پێک ناکۆکن. بە بڕوای من ئەو مەسەلەیە بۆ کوردستانی عێراق بە تەواوەتی ڕاستە. لێرە شتێک بەناوی "بێلایەنی"یەوە نەماوە.

بۆنموونە ڕەخنەی ئەوە لە یەکێتی دەگیرێ کە تەقەیان لە خەڵک کردووە و بە توندوتیژی نووسینگەیەکی گۆڕانیان لە شەقڵاوە داگیر کردووە. هاوکات یەکێتی دەڵێ هەوادارانی گۆڕان تەقەیان لێکردوون. گۆڕان دەڵێت هێزەکانی دژەتیرۆری پاڤێل تاڵەبانی خەڵکیان ڕفاندووە، بەڵام من بە زەحمەت دەتوانم باوەڕ بەوە بکەم، چونکە پاڤێڵ تەنانەت لە کوردستانیش نییە. بۆ نموونە کەسێکی سەر بە گۆڕان پێیگوتم کە لە شەقڵاوە ئەوەی تەقەی لە گۆڕان کردبوو پارتی بوو، بەڵام کە مرۆڤ لە مەسەلەکە ورد دەبێتەوە پێدەچێ چەند کەسێکی مەست تەقەیان لێ کردبن.

دەبێ بڕوا بە کێ بکەم؟ پڕوپاگەندەی یەکێتی و گۆڕان؟ هاوینی ساڵی ڕابردوو تێبینیی ئەوەم کرد کە هەندێکجار گۆڕان زیادەڕەویی دەکرد لە گەیاندنی هەواڵی پێکدادانەکاندا. بەڵام هاوپەیمانیی کوردستانیش هەمان کار دەکات.

پەرلەمانتارێکی گۆڕان گوتی پیاوە چەکدارەکانی سەر بە پارتە کوردییەکان میلیشیان، کەچی میدیای پارتی و یەکێتی وایان لە چیرۆکەکە کرد وەک بڵێی ئەو پەرلەمانتارە باسی پێشمەرگەی کردووە. گۆڕان بەوەش تۆمەتبار دەکرێ کە لە کەرکووک و دوزخورماتوو لەگەڵ بەرەی تورکمانیدا هاوکاریی یەکدی دەکەن. هەرچەندە ئەوە ڕاستییەکە کە گرووپە دژە کوردەکانی وەک حەدبا و بەرەی تورکمانی بە ئەرێنی لە گۆڕان دەڕوانن، بەڵام عەقڵم نایبڕێ کە گۆڕان لەگەڵ ئەو جۆرە گرووپانەدا کار بکات. چونکە ئەوە وا دەکات گۆڕان ببێتە ئامانجێکی ئاسانتر بۆ پارتە دژبەرەکانی.

هاوینی ڕابردووش هەمان شت لە کوردستان هەبوو. ئەوکات پارتی بەوە تۆمەتبار کرا کە لە هەولێر هێرشێکی پێشتر پلان بۆ داڕێژراوی کردووەتە سەر یەکگرتوو و گۆڕان. ئەوکات من بۆخۆم لەوێ بووم و ئەوەی دیتم هێرشەکە کارێکی ڕێکنەخراوی هەڵەشانەی هەندێک کەس بوو کە دەیانویست "دڵسۆزی"ی خۆیان بە هێرشبردنە سەر باڵەخانەکە و سوپەرمارکێتێکی تەنیشتی پیشان بدەن. ڕۆژنامەنووس (نەبەز گۆران)یش زۆرجار باس لەوە دەکات کە گوایە پارتی هێرشی کردووەتە سەر، بەڵام من نازانم کە ئەو کردەوانە دژی ئەو پلان بۆ داڕێژراون یانیش هەوادارێکی سادەی پارتی کە لە نەبەز تووڕەیە ئەو کارەی کردووە. واپێدەچێ کە ڕۆژنامەنووسی وەک نەبەز زۆر هەوڵدەدەن شتەکان زۆر گەورەتر بکەن لەوەی کە هەیە. پارتە کوردییەکان بە بەردەوامی ئەو کارە دەکەن.

لە هۆڵەنداش پارتە سیاسییەکان پڕوپاگەندە دژی یەکدی بڵاو دەکەنەوە. بێگومان میدیای هۆڵەندی بەردەوام بێلایەن نییە، بەڵام چونکە پارتەکان ڕۆژنامە و کەناڵی تەلەڤزیۆنیی خۆیان نییە، بۆیە پڕوپاگەندە کەمترە. هەروەها هیچ پارتێک بەوە تۆمەتبار ناکرێ کە هاوکاریی "دوژمنان" دەکات و کەسیش توندوتیژی و هەڕەشە دژی ئەویتر بەکارناهێنێ. هەرواش وەک ڕۆژنامەنووسێک بڕوا بە هەموو شتێک ناکەم کە میدیاکان و پارتە سیاسییەکان هەم لێرە و هەمیش لەوێ بڵاوی دەکەنەوە.






حەکیم کاکەوەیس
kakaways@hotmail.com

# کەرکووک سەر بە کوێیە؟!

وا بۆ شەش ساڵ دەچێ کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکان، کە لەڕاستیدا سەر بە بەغدان، لە چاوەڕوانی گەڕانەوەدا بۆ سەر هەرێمی کوردستان، ئاوی چاویان داهات. شەش ساڵیش چووە سەر ئەو هەموو ساڵەی کە چاوەڕوانی بەجێگەیاندنی بەڵێنەکانی بەغدا بووین، بەڵام هەروا بڕیارە و بە ڕەزامەندی نوێنەرانی کورد لە بەغدا، بڕیاری پێش خۆی هەڵدەوەشێنێتەوەو چاوڕاو بە خەڵکی ئەو ناوچانە و هەموو کوردستان دەکرێ. باسی گەڕانەوەی کەرکووک بۆ سەر (هەرێم) زیاتر لە وەرزی دروێنەی عەقڵی دەنگدەراندا گەرمدەبێ و دوای ئەوەش قروقەپی لێدەکرێ یان بە چپە باس دەکرێ.. ئیتر تا هەڵپەڕکێیەکی دیکە و ڕاوەشاندنی پەڕۆیەکیتر، بە خوامان دەسپێرن!

لەڕاستیدا، ئێستا کەرکووک و هەر کوێیەکی پێیدەڵێن جێی ناکۆکی و دەهۆڵی ماددەی 140ی بۆ دەگوترێ، ڕاست و ڕەوان سەر بە بەغدایە و لە پراکتیکدا بەغدا بەڕێوەیان دەبا و هەولێریش، لە سەر کەلی سێکانیانەوە، لە چێشتخانەی عەبدوڵلاوە تەماشاوانە.

هەر بەغدا بەڕێوەبەر و فەرمانبەر و کرێکاری کۆمپانیای نەوتی کەرکووک بە ئارەزووی خۆی و بەبێ ڕەچاوکردنی 140 دادەمەزرێنێ و وەک سەردەمی بەعس هەر تەعریبچییەکان ڕێی کارکردنیان لەو کۆمپانیایەدا پێدەدرێ و جاروبارێکیش جێی ئەفسەری گوێڕایەڵی سیاسەتی بەغداش جێ بە ئەفسەرە کوردەکان لەق دەکەن و لەڕاستیدا هەرچی بەعس فریا نەکەوت جێبەجێی بکا، دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆی عێراق بە بەرچاوی کورد و هەموو جیهانیشەوە جێبەجێیدەکا، کەچی لە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردندا، ئێستاش پەنا بۆ جێبەجێکردنی ماددەی 140 و گەڕانەوەی کەرکووک دەبەین بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

کە دەمانەوێ کەرکووک بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، نەدەبوو بەوە ڕازی بین دانیشتوانی کەرکووک بڕیار بدەن چونکە دەمێکە عارەب لە کەرکووک دەچێندرێ و گەشە دەکا و زیاد دەکا و بۆ ئەوە قەرەبوو دەکرێنەوە و پارەیان پێدەدرێ چاکتر لە کەرکووک ڕەگ داکوتن و خانووی زیاتر بۆ تەعریبچی زیاتر دروست بکەن و ژیانیان دابین بکەن. بەرانبەر ئەوەش، ئێستاش کوردی ئاوارەی کەرکووک لە پەنادیواردا دەژین یان لە سلێمانی و هەولێر نەگەڕاونەتەوە. ئەو پشوودرێژیەی بەغدا لە مەسەلەی کەرکووکدا بۆ ئەو ڕۆژەیە ڕادەی عارەبی کەرکووک لە ئاستێکدا بێ بتوانێ چارەنووسی کەرکووک بەرەو بەغدا بەرێ و بەوشێوە یاساییەی کە بە دڵی خۆمانە لە دەستی بدەین. ئەوکاتەش گلەییمان لە کەس نابێ چونکە خۆمان لە نانەوەی ئەو تەڵەیە بۆ کەرکووک بەشدار بووینە و لە بەختی نەحسی کورددا، چارەنووسی کەرکووک بەشێوەیەکی دیموکراسییانە و سەردەمیانە لە ئامێزی بەغدادا قایم دەبێ.

کورد دەبێ چی بکات؟! ئایا دەتوانین کەرکووک بگەڕێنینەوە سەر کوردستان؟ ئەگەر وەڵامەکەمان (بەڵێ)یە، کەی؟ لە ماوەی شەش ساڵدا چەند سانتیمەتری چوارگۆشە لە خاکی کەرکووک گەڕاوەتەوە سەر هەرێمی کوردستان و ئەوی ماوەتەوە کەی دەگەڕێتەوە؟! وا بە بەر چاومانەوە ڕۆژ بەڕۆژ ژمارەی عارەب لە کەرکووک لە زیادبووندایە و بەرانبەر ئەوەش کورد ڕەنجبەخەسار و دڵشکاو دەبێ و تەنها لە وەرزی هەڵبژاردندا درۆباران و بەڵێنباران و پەڕۆباران و هەندێ جاریش پارەباران دەکرێ و تا هەڵبژاردنێکی دیکەش هەزار کڵاو بە بایەک!

من پێموایە یەکەم هەنگاو بۆ چارەسەری کێشەی کەرکووک ئەوەیە لە دەستی بەغدا دەربچێ با نەشگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان. من دەزانم ڕای وا هەیە ئەو بۆچوونە بە خیانەت لە قەڵەم دەدا، بەڵام کاتێک ئەوە خیانەتە کە کەرکووک لەنێو دەستی کورددا بێ و باس لە دابڕانی بکرێ لەو ناوچانەی پێی دەڵێین هەرێم. تۆ کە چارەنووسی کەرکووکت لە دەستدا نییە یا لە دەستتداوە و بەرانبەری هیچت پێ ناکرێ، مەگەر لە سەر خەتی بەغدا بڕۆی ئەو چارەسەرەت پێ خیانەت بێ. ئایا کەرکووک سەر بە بەغدا بێ بۆ کورد باشتر و هەنگاوێک نێزیکترە یان سەربەخۆ بێ؟ لەو دوو هەڵبژاردنەدا، من بەبێ دوودڵی سەربەخۆیی کەرکووک هەڵدەبژێرم و بۆ گەڕانەوەی هەنگاوی یەکەمە. ئاخر بوونی کەرکووک لە ئامێزی بەغدادا واتە بەهێزبوونی سوپای عێراق بەرانبەر بە کورد و بێلایەنی یان سەربەخۆیی و نامەرکەزی کەرکووکیش دەبێتە هۆی پەرەسەندنی شارەکە و هەموو ناوچەکانی دەوروبەری کە لە ئەنجامدا خوێنگەڕانە بە جەستەی کوردستاندا.

بەو سیاسەتەی کە ئێستا پەیڕەودەکرێ گەڕانەوەی کەرکووک بۆ سەر هەرێمی کوردستان لەودیوی خەیاڵەوەیە چونکە نەک هەر تورکمان و عارەبەکانی کەرکووک، بگرە کوردەکەش لە سیاسەتی حیزبە دەسەڵاتدار و بێدەسەڵاتەکانی کوردستان بێزارن.

کەرکووک، کە ئەم دەیکرد بە دڵ و ئەو دەیکرد بە قودس و یەکێکیتر بە ئاسمانەکەشیدا نەدەفڕی، دەرکەوت تەنها نەفرینەکە ڕاستە و کەرکووک نە قودسە و نە دڵ. ئەگەر حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان ـ بە کوردی کەرکووکیشەوە ـ گرەوی مان و نەمان لە سەر کەرکووک بکەن، ئەوەیان شتێکیتر و باسێکیترە، بەڵام بیانەوێ بەو سیاسەتی دەوڵەمەندکردنی کادیرانەی خۆیان و تڕۆکردنی خەڵکی بێلایەن و سووککردن و کوشتنی نووسەران کەرکووک بۆ ئامێزی کوردستان بگێڕنەوە، سیر و زوڕنا جێی قودس و دڵ دەگرنەوە. دەمێنێتەوە ئەوەی ئەوەندەیان ویژدان بەرانبەر نەتەوەکەیان و نیشتمانەکەیان هەبێ، کە دەسەڵاتی گەڕاندنەوەیان نییە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، ڕێی شێوە نامەرکەزییەک بۆ ئێستای کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکانی دەوری خۆش بکەن یان ڕێگر نەبن لەبەردەم بڕیاردانی کەرکووکییەکان لەسەر چارەنووسی خۆیان. کەرکووک، هێشتا کوردی دڵسۆزی وای تێدا ماوە نیشتمان نەفرۆشێ و بە هیچ شتێکی نەگۆڕێتەوە. یان ئاوها، یان شەڕی مان و نەمان. ئەویتر بازرگانییە بۆیە سیاسەتمەداران لە هەموو دنیاوە بۆ بەشداریکردن دەگەڕێنەوە.



کانەبی محەممەد عەوڵا
kanawla@yahoo.com

# دیموکراسی و ئایدیۆلۆجیا تۆتالیتارییەکان

دیمۆکراسی واتە دەسەڵاتی گەل. خەڵک حوکم دەکەن جا ڕاستەوخۆ بێت یان لە ڕێگەی نوێنەرانیانەوە. ئەو خەڵکە بە تێپەڕینی کات و سەردەم فیکر، ڕا، بەرژەوەندی و تەنانەت کولتوریشیان دەگۆڕێت. بەڵام دیمۆکراسی وەک سیستەم وەک پرۆسەی بڕیاردان و یاسادانان واتە حوکمکردن دەکرێت وەک خۆی بمێنێتەوە بە مەرجێک حیزبەکان، کەسایەتییە سیاسییە بەشدارەکان و ئایدیۆلۆجیاکان باوەڕیان بەو دیمۆکراسییە هەبێت و ڕێز لە پرنسیپ و ڕێساکانی بگرن. ڕاستە دیمۆکراسی بێ خەوش نییە، بەڵام لە چاو سیستەمەکانی دیکەی حوکم لە هەموویان باشترە بۆ ماف و بەرژەوەندیی خەڵک. مەبەست لە گۆڕانی خەڵک ئەوەیە کە ئەمڕۆ پێیان باشە دەنگ بە حیزبێک بدەن کە ڕەنگە کۆمونیست یان ئیسلامی بێت، بەڵام دەکرێ دوای چوار ساڵ زۆرینەی خەڵک دەنگ بە حیزبێکی لیبراڵ بدەن.

لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی کە مێژوویەکی درێژیی پیادەکردنی دیمۆکراسیان هەیە، حیزبە سیاسییەکان لەو گەمەدا بەشدار دەبن بە گوێرەی دەستوورێک کە دیمۆکراسی دەپارێزێت و کۆسپ دەخاتە بەردەم ئەو ئایدیۆلۆجیا و حیزبانە کە دژی جەوهەری دیمۆکراسین. ئایدیۆلۆجیا تۆتالیتاریەکانی (بە تایبەتی توندڕەوەکان) وەک کۆمونیزم، فاشیزم و فۆندەمەنتالیزمی دینی یان قەدەخەدەکرێن یانیش کۆسپیان دەخرێتە پێش یانیش ترسێک دروست ناکەن بۆیە لێیانخۆش دەبن. ئایدیۆلۆجیای ڕاستڕۆی توندڕەو یان فاشیست و نیونازییەکان مێژوویەکی ڕەشیان هەیە، بۆیە دەستووری وڵاتان یان زۆرینەی خەڵکی هەڵسوڕاو ڕێگریان لێدەکەن، وەک لە نەمسا و ئەڵمانیا و فەرەنسا بینیمان. کۆمۆنیستە شۆڕشگێڕەکان جەماوەریان زۆر دابەزیوە و مۆدەیان نەماوە بۆیە نە بە شۆڕش و نە بە هەڵبژاردن ترس دروست ناکەن. توندڕەوانی ئایینیش بەشدار نابن لە هەڵبژاردن و یانیش لە مێژە وازیان لە کاری سیاسی هێناوە لەژێر کاریگەری سەرکەوتنی عەلمانیەت و دونیاگەری بە سەر دەوڵەتی کڵێسە و ئاینگەری.

لە کوردستانی خۆشمان، چەندین حیزب و ئایدیۆلۆجیا هەن کە یان بەشدار دەبن لە پرۆسەی سیاسی، یانیش ڕەتیدەکەنەوە. ئەگەرچی دیمۆکراسی لە بنچینەدا، ڕێگە دەدات بە تەواوی بیر و چالاکی سیاسی لە چوارچێوەی یاسادا، بەڵام دەکرێت هەندێک بیر و چالاکی سیاسی دیمۆکراسی لەنێو ببەن. کۆمونیزم ئایدیۆلۆجیایەکی تۆتالیتارییە و تەنها یەک ئاراستە، یەک ڕێگە و یەک جۆر بەڕاست دەزانێت و شەڕ لەدژی ئەوانیتر بە شۆڕش دەزانێت. واتە ئەگەر حیزبێکی کۆمونیست یان کۆمونیستەکان نەیانتوانی کرێکاران بجوڵێنن و شۆڕش بەرپا بکەن، وەک ئەوەی ڕووسیای ساڵی 1917، ئەوا دەکرێت لە ڕێگەی هەڵبژاردن بگەنە ئامانجەکانیان، واتە دامەزراندنی یەک دەوڵەت، یەک حیزب، یەک چین، یەک فیکر، بە ناوی هێنانەدی یەکسانی و ئازادی، ئەمەش یانی کوشتنی دیمۆکراسی کە وەک پەیژەیەک بەکارهێنراوە و دواتر پەیژەکە خراوەتە خوار یان شکێنراوە تاوەکو کەسی دیکە پێیدا سەرنەکەوێت.

سەبارەت بە ئیسلامییەکانیش، هەمان حاڵەتە. حیزبە ئیسلامییەکان گوایە هەڵگری پەیامی خودان و دەیانەوێ ئەو پەیامە سەربخەن، چۆن؟ یان بە جیهاد لە دژی دوژمنانی ئیسلام و "تاغوتەکان"، یانیش بە بەشداری سیاسی و بەکارهێنانی دیموکراسی وەک پەیژە بۆ چەسپاندنی پەیامی خودایی. ئەو پەیامە شەریعەتی ئیسلامی دەگرێتەوە کە تەواو دژی پرینسیپەکانی دیموکراسییە، چونکە ئەو سیستەمەی حوکمی گەل لە سەر بنچینەیەکی فەلسەفی ئەخلاقی دامەزراوە ئەویش ئازادی و یەکسانییە بەبێ جیاوازی دین و سێکس. بۆ نمونە ئەگەر یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی کە باوەڕیان بە بەشداری پرۆسەی سیاسی هەیە بە پێچەوانەی گرووپە توندڕەوەکانی ئەنسارولئیسلام و ئەنسارولسوننە، بە زۆرینەی 55% هەڵبژاردن ببەنەوە و دەسەڵات بگرنە دەست، ئایا لە سەریان نییە شەریعەت بکەنە دەستووری وڵات؟ ئەگەر شەریعەتیان چەسپاند و پیادەکرد ئایا دەکرێت حیجاب بە سەر ژناندا نەسەپێنن؟ ئایا دەکرێت ڕێیدەن بە کۆمونیستە "کافرەکان" کار بکەن و دواتر پەیژەکە بەکاربێننەوە بۆ ڕووخاندنی پەیامی خودایی؟ ئایا دەکرێت هاووڵاتییان لە فیکر و باوەڕ و دیندا ئازاد بن؟ نەخێر، ئەمانە لەگەڵ جەوهەری شەریعەتدا ناگونجێن، ئەو شەریعەتەی کە دژی دیموکراسییە، ئەو دیموکراسییەی کە هەموومان بە مۆدێلە ڕۆژئاواییەکەی دەیناسین نەک دیموکراسییە هەڵبژاردنییەکەی ئێران!

حیزب و ئایدیۆلۆجیای فاشیستی لە کوردستان زۆر لاوازن یان پەرش و بڵاون و کاریگەریان نییە.

ئەو سێ ئایدیۆلۆجیا تۆتالیتاریە دژی جەوهەری دیموکراسین. ئەگەر لەگەڵ خۆیان ڕاستگۆ بن، دەبێت پەیژەکەی دیموکراسی دوای خۆیان بشکێنن بۆ سەرخستنی پەیامی "یەکسانیخوازی کرێکاران" و پەیامی "دادپەروەری خودایی". ئەگەر دیموکراسیش بیەوێت دوژمنەکانی خۆی لەنێو ببات، دەبێت چارەیەک بۆ ئایدیۆلۆجیا تۆتالیتاریە شۆڕشگێڕەکان بدۆزێتەوە، بە تایبەتی ئەوانەی کە نایانەوێت نەرمببنەوە و خۆیان لەگەڵ سەردەمدا بگونجێنن!



ئەمیر فندی
pointorg@yahoo.com

# گۆڕان کۆمپانیا نییە و هاوپەیمانیش ئەهریمەن نییە

هەموو ئێوارەیەک وەکو سەدان هەزار کەسی دیکە بۆ ماوەی چەند کاژێرێک لە دیار تەلەڤزیۆن دادەنیشم، زیاتر لە 10 کەناڵی کوردیمان هەیە، هەموویان پێکەوە کردوویانە بە تەعزیە و گریان بۆ حاڵی گەلی کورد!!.

ئەوەی سەرنجی منی ڕاکێشاوە لەو هەڵمەتەدا ئەوەیە کە زۆربەی زۆری لیستەکان کەوتوونەتە گیانی یەکتر و زڕاندنی ناوی یەکتر و شیکردنەوەی هەڵوێست و وتەکانی یەکتر بەشێوەیەکی پێچەوانە لەپێناو چەواشەکردنی خەڵکی کوردستان.

بەهۆی زاڵ بوونی ئەو شەڕە کە بە هیچ شێوەیەک ناچێتە خانەی کەمپینی هەڵبژاردنەوە، تائێستا لیستەکان دەرفەتێکی ئەوهایان نەبووە کە بۆ ئێمەی دەنگدەر باس لە پرۆژەی خۆیان بکەن!!.

پێموایە باشترین لیست ئەوەیە کە واز لەو هەموو ناوزڕاندنی لیستەکانی دیکە بێنێت و بۆ ئێمەی دەنگدەر باس لە قوولاییەکانی پرۆژەی خۆی بکات سەبارەت بە کێشەکانمان.

بۆ نموونە کەناڵەکانی لیستی هاوپەیمانی ئەوانەی سەر بە یەکێتی نیشتیمانی کوردستانن شەو و ڕۆژ خەریکی ناو زڕاندنی لیستی گۆڕانن! کە بە (کۆمپانیای وشە) ناوی دەبەن!!.

هەرچەندە من لایەنگری لیستی گۆڕان نیم، بەڵام گوناحە بە لیستێک و بزووتنەوەیەک کە خاوەن 25 کورسییە لە نێو پەرلەمانی کوردستاندا بگوترێ "کۆمپانیا".

پاشان پێم باشتر بوو وەکو دەنگدەر، لیستی هاوپەیمانی خۆی زیاتر خەریکی شیکردنەوەی بەرنامە و پرۆژەی خۆی بکات و بۆ ئێمەی دەنگدەر ئەو کۆسپ و تەگەرانە ئاشکرا بکات کە بوونە ڕێگر بەرامبەر جێبەجێکردنی بەرنامەی کورد لە بەغدا لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا.

هەروەها لەجیاتی ئەوەی لیستی گۆڕان هەموو کاتێکی خۆی بۆ ڕەخنە تەرخان بکات کە هەموویان ڕاست نین، با هەندێک لەو کاتەی بۆ ئەوە بێت ئاخۆ پرۆژەیان بۆ سەدان گرفتی نێوان ئێمە و بەغدا چییە.

خەڵک دەنگ بە لیستێک نادات لەبەرئەوەی ڕقی لە لیستێکی دیکەیە، بەڵکو دەنگ بە لیستێک دەدات کە لە بەرنامەکەی تێدەگات و هەستدەکات کە ئەم بەرنامەیە قابیلی جێبەجێکردنە.

Reklam

٣٧٢ هاوپەیمانی کوردستان

احمد فتح الله شمس الله هیاس



١١

کاندید لە پارێزگای دیالە



Reklam

کورد لە بەغدا پێویستی بە پەرلەمانتاری ئیسلامخواز و میللەت پەروەرە

دەنگ بدە بە

لیستی کۆمەڵی ئیسلامیی

٣٥٢



ناظم عبداللە رشید

خاوەنی بڕوانامەی ماستەر لە فیکری ئیسلامیدا

ژمارە ( ٢ ) سلێمانی



Reklam

بەغدا پیاوی کارامە و دەستپاک و بوێری دەوێ

دەنگ بدە بە

لیستی کۆمەڵی ئیسلامیی

٣٥٢



مشیر مصطفی عبداللە

ناسراو بە موشیر گەڵاڵی

ژمارە ( ٣ ) هەولێر



# Rûdaw

Rudaw readers know more

خاوەنی ئیمتیاز : کۆمپانیای رووداو

سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن : نوورەدین سەعید وەیسی nuradinwaisi@rudaw.net

سەرنووسەر : ئاکۆ محەممەد akopress74@yahoo.com

جێگری سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam2004s@yahoo.com

بەڕێوەبەری نووسین : ساڵح قادر rodan@rudaw.net

بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیمەتی himmati@rudaw.net

نوێنەری ئەوروپا : هێمن عەبدوڵڵا hemnabdulla@rudaw.net

دیزاینەران : عەبدوڵڵا رەفیق- بەختیار مستەفا- ڤیان سلێمان

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە کۆمپانیای رووداو دەریدەکات

نووسینگەی سلێمانی : شەقامی کانێسکان پشت پارێزگای سلێمانی 07501130997

ناونیشان: هەولێر- بەرامبەر نیوستی

Tel: 0750 488 56 96

rudaw@rudaw.net

www.rudaw.net



Reklam

کاندیدەکانی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان



٣٧٢ هاوپەیمانی کوردستان

صباح حسین عثمان ساڵەیی ناسراوبە بەهمەن حوسێن

تواناو ئەزموون و دڵسۆزی بکەنە پێوەری دەنگدان



کاندید لە پارێزگای کەرکوک

بەهمەن حسین عثمان

٢١



٣٧٢ هاوپەیمانی کوردستان

دکتۆر احمد انور محمدناسراو بە حاکم احمد

تواناو ئەزموون و دڵسۆزی بکەنە پێوەری دەنگدان



کاندید لە پارێزگای هەولێر

حاکم احمد انور

١٣



٣٧٢ هاڤپەیمانییا کوردستانێ

دکتۆر نزار خورشید مامە

ناسیارە ب دکتور نزار حەجی گەزو ئاکرەیی

شیان و دلسوزیا خو یا ب ئەزموون بکەنە پێوەرێ دەنگ دانێ



کاندید لە پارێزگەه دهۆکێ

نزار خورشید مامە

١٩



٣٧٢ هاوپەیمانی کوردستان

ئاسوس علی احمد عبداللە

تواناو ئەزموون و دڵسۆزی بکەنە پێوەری دەنگدان



کاندید لە پارێزگای سلێمانی

ئاسوس علی احمد

١٩